# ئەحلام

# یاخییە ئەڵوەنییەکە

سەروەر سەعدوڵڵا ساڵەح

٢٠١٣

ناونیشان: ئەحلام  یاخییە ئەڵوەنییەکە

نووسین و ئامادەکردن: سەروەر سەعدوڵڵا ساڵەح

ژمارەی چاپ: یەکەم

تیراژ: ٥٠٠

بەرگ: شیراز عەزیز

دیزاینی ناوەوە: هۆزان نەریمان

تایپ و هەڵەبڕ: نووسەر

چاپ: چاپخانەی کارۆ(سلێمانی)

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی(١٣٩٤) ساڵی (٢٠١٣) ی دراوەتێ.

## مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر

## پێشکەش بە:

- ئەو یاخییانەی کە سێوی یاخیبوون دەخۆن و ناخنکێن .
- ئەو هەژارانەی کە هەمیشە باجی ژیان دەدەن .
- هەر کوردێك لەسەر بنجی خۆی بڕوێتەوە .
- مام هێمنی شاعیر و ژەنەڕاڵی پایز ( محەمەد عومەر عوسمان ).

## سوپاس بۆ:

- کاکە حەمەی مەلا کەریم
- د. فەرهاد قادر کەریم
- سەلام عەبدوڵڵا ، دیلمان قادر ، هەڵوێست نەریمان رۆژنامەوان ئەمیر هەڵەبجەیی
- ئەوانەی کە پشتیوان و هاوکارم بوون، ئەگەر بە وشەیەکیش بووبێت

# پێڕست



| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشدەستی | ٦ – ١٠ |
| بەشی یەکەم: | |
| باسی یەکەم: ژیاننامەی ئەحلام مەنسوور | ١١ – ١٥ |
| باسی دووەم: ئەحلام مەنسوور لە دیدی شێرکۆ بێکەسەوە | ١٦ – ٢١ |
| باسی سێیەم: ئەحلام مەنسوور لە دیدی نووسەرانەوە | ٢٢ – ٦٥ |
| بەشی دووەم: | |
| باسی یەکەم: ئاوارەبوونی هێمن و دۆستایەتی لەگەڵ ئەحلام مەنسووردا | ٦٦ – ٨٧ |
| باسی دووەم: ئاشنایەتی لەتیف هەڵمەت لەگەڵ ئەحلام مەنسووردا | ٨٨ – ١٠٥ |
| باسی سێیەم : چەند وتارێکی ئەحلام مەنسوور | ١٠٦ – ١٢٩ |
| باسیچوارەم: هەندێ لە کەکڵە و بۆچوونی ئەحلام مەنسوور | ١٣٠ – ١٤٨ |
| وێنەکان: | ١٤٩– ١٦٧ |
| سەرچاوەکان: | ١٦٨ – ١٦٩ |

# پێشدەستی

ئەیلولی ساڵی (٢٠١١) بوو، لەگەڵ داخستنی رۆژنامەی (رۆژنامە)، کە وەکو پەیامنێرێك کارم تێدا دەکرد، بەهەمان گورِوتینەوە بۆ درێژەپێدان و بەردەوامبوونم بۆ کاری رۆژنامەوانی، لە رێی چەند دۆست و ئازیزێکمەوە پێوەندیم بە رۆژنامەی (چەتر) ەوە، کرد کە ئەو دەمە ئۆفیسەکەی لە گەڕەکی (عەلی ناجی) بوو، لە بیرمە کە یەکەم جار خۆم بە رۆژنامەکەدا کرد، لە پڕ ژنێکی بەتەمەن و رووخۆش و دەم بەخەندەم بینی. یەکێ لە رۆژنامەوانەکانی (چەتر) وتی:((ئەم ژنە ناناسیت؟)) . منیش وتم نەوەڵڵا من چۆن ئەم ژنە بناسم؟ وتی:(( ئەمە ئەحلام مەنسوورە، نووسەرە، ژنە رۆژنامەوانی کوردە، مامۆستای زانکۆیە، ئەی نەتزانیوە هێمنی شاعیر خۆشی ویستووە و شیعری بۆ نووسیوە؟)) منیش دیسانەوە وتم نەوەڵڵا من نایناسم.

ئیتر ئەوە بوو من لەو رۆژنامە ئازیزەدا دەستم بە کاری رۆژنامەوانی کرد. لەگەڵ تێپەڕبوونی رۆژگاردا، لە دادە ئەحلام نزیك بوومەوە. ئەو بۆ من مامۆستا بوو، منیش بۆ خوێندکار بوو . لەگەڵ پەیڤە شرینەکانیدا جاروبار باسی ئەدەبیاتی فەڕەنسیی و بەتایبەتیش (ئەلبێرکامۆ) ی بۆ دەکردم . دەیگوت:((سەروەر کوڕم من بیست ساڵ زیاترە ئەدەبیات و شتی کوردی ناخوێنمەوەو بووم بە ئینسکلۆپیدیا ، بەڵکوزیاتر ئەدەبیاتی

فەڕەنسیدەخوێنمەوە، من (کامۆ) باوکمە. وەسێتیشم ئەوەیە کە مردم لە پاڵ گۆڕەکەیدا بمنێژن!))

هاوکات منیش وردە وردە بە ترس و لەرز و زانستێکی کەمەوە کەوتمە گۆ و باسی ئەدەبیم دەوروژاند. زۆر جاریش باسی (مام هێمن) ی شاعیرم بۆ دەکرد، بە مەرامی ئەوەی زانیاری لە بارەیەوە لێوەربگرم، یەکسەر ئاخێکی هەڵدەکێشا و دەیوت:((پیاوی وەکو مامۆستا هێمنم جوان نەبینیوە و نایشیبینم!)) لە پڕ وتم دادە گیان من (زیندووکوژی مردوو پەرست) نیم، تا لە ژیاندا ماوی با دیمانەیەکت لەگەڵ ساز بکەم لەبارەی ژیانی نهێنی خۆت و مامۆستا هێمنەوە، دەیگوت: ((باشە پەلە مەکە کوڕم)).

لە یادەمە ڕۆژانی دووشەممە ڕۆژنامەی (چەتر) دەردەچوو، کە دادە گۆشەیەکی هەبوو، بەناوی (خەون و خوێن) ەوە، کە هەر جارەی لە دەربارەی باسێکەوە دەینووسی. منیش ڕۆژبەڕۆژ و کاژێر بە کاژێرم دەژمارد، کەیڕۆژی دووشەممە بێت و بچمە کتێبفرۆشەکان و ڕۆژنامەی (چەتر) بکڕم، زۆر جار بەتامەزرۆییەوە پەلاماری ڕۆژنامەکەم دەدا و پێش ئەوەی سەیری بابەتەکەی خۆم بکەم، وتارەکەی دادەم دەخوێندەوە.

ڕۆژگار گەیشت بەوەی لە ڕێککەوتی (٢٠١٢/١٢/٣) ڕۆژنامەی (چەتر) داخرا. ئیتر پێوەندیم لەگەڵی بەرەو کزبوون ڕۆیشت، وەلێ کەم تا زۆریێ لە

رێی پێوەندیی تەلەفونییەوە هەواڵیم دەپرسی. رۆژێك لە كاتی بەڕێكردنی دەوامی فەرمیمدا، لە سكوڵی زانستە مرۆڤایەتییەكانی بەشی زمانی (كوردی)، زانكۆی (گەرمیان) ، تەماشای ماڵپەری (هاوڵاتی) یم، دەكرد لە پڕ هەواڵی كۆچی دوایی دادە ئەحلامم خوێندنەوە، بەڵام چی هەواڵێك، هەواڵێك ناخ و دەروونمی هەژاند! هەواڵێكی چاوەڕوان نەكرا و كارەساتبار بوو بۆ كۆمەڵگەی كوردی. كە ژنێكی یاخیلە كولتوور، دابونەریت، كۆمەڵگە، ژنێك بێدەمامك، بێمەرام، راستگۆ، چاونەترس، بێكەس، دیار و بلیمەت و گەنجینەیەكی لە بن نەهاتووی ئەدەب و بەتایبەتیش ژانری رۆمان و چیرۆكی كوردی جێی هێشتین. ئەو رۆژەم هەرگیز لە یاد ناچێت پێوەندیم پێتەوە كرد كە وتت:((خەریكە دەمرم، كەسێك نییە، خزمەتم بكات، وا گیانم لە تەنیایدا دەردەچێت)). بەڵام گوێ مەدەرێ دادە گیان ، بنوو، بە ئارامی بنوو. دادە گیان تەنها تاوانت ئەوە بوو، كە كورد بوویت و لە پێناویدا بوویت بە سوتوو.

لەپاش نزیكەی سێ ساڵ خوێندنەوەم بۆ كتێب و وتارەكانی ، بڕیاری ئەم پرۆژەیەم دا و توانیم بە هاوكاریی چەند دۆست و هاورێیەك پرۆژەكەدەوڵەمەند بكەم.

جا بێمە سەر ناونیشانی كتێبەكە كە (ئەحلام یاخییە ئەڵوەنییەكە ) یە، هەڵبەتیشە ناونیشانەكە بۆخۆی روونە، بەو پێیەی ئەحلام لە كۆمەڵگە و

کولتوور و دابونەریتی کوردیی و و زۆر شتی تری کۆمەڵگە یاخی بووە. (ئەڵوەن) لە لێرەدا شوێنە و مەبەستی لێی رووباری (ئەڵوەن)ە، کە شوێنی نیشتەجێبوونی دادە ئەحلام بووە.

لەگەڵ ئەمەیشدا داوام لە زۆر دۆستانی (دادە ئەحلام) کرد، کە لەبارەی لایەنە شاراوەکانی ژیانیی و یادگارییەکانییەوە بنووسنلەوانە:(د. هەڤال ئەبو بەکر، ئاسۆس هەردی، د. سالار باسیرە، م. سامان بەهمەن، عالییە عەبدولکەریم مودەڕیس، م. ئیبراهیم باجەڵان)

سەرباری ئەمەیش چەند بابەتێکی ترم لەسەر داوای نووسەران خۆیان لە پاش بڵاوبوونەوەیان لە رۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕەکاندا بە دەستکاریی رێنووسەوە، وەکو ئامانەتێکی زانستی وەرگرت و گونجاندم لەگەڵ ئەو رێنووسەی کە خۆم پەیڕەوم کردووە لە کتێبەکەدا. هەروەها بە پێویستم زانی ئاشنایەتی ئەحلام لەگەڵ لەتیف هەڵمەتی شاعیر دیاری بکەم و بگەم بە ئەنجامێك. هاوکاتیش دیسان بە پێویستم زانی لەسەر هەڵدانەوەی پەردەی ژیانی نێوان مامۆستا هێمن و دادە ئەحلامەوە بنووسم و پەنچە بۆ چەند راستییەك درێژ بکەم و رادەی دۆستایەتیی و ئەو پێوەندییە خۆشەویستییەی کە لە نێوانیاندا هەبووە دیاری بکەم و بیخەمە بەر باس.هاوکاتیش چەندین وتە و بۆچوونم لە نووسینەکانی ئەم ژنە یاخییەوە هەڵهێنجاوە و لە بەشێکی تری کتێبەکەدا خستوومە روو.هەرچی

ڕێگر و لەمپەریش بووە لە نووسین و ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا، کەمی سەرچاوە بووە، بەو پێیەی بەشێوەیەکی دیار ئاوڕ لەم ژنە یاخییە نەدراوەتەوە. ئەوەیشی جێی ئاماژە بۆ کردنە ئەوەیە، کە لە دەرگای زۆر ئازیز و هاوڕێی بە ئەمەکی دادە ئەحلامم دا، بەڵام مەخابن دەرگایان بە ڕوومدا داخست و هاوکارییان نەکردم و پڕۆژەکەیان کامڵتر و دەوڵەمەندتر نەکرد!

هەڵبەتیشە ئامانج لەم کتێبەیش ناساندن و ئاشنابوونی نەوەی نوێ و خوێنەرانی کوردە بە ئەم ژنە یاخییە، ئومێدەوارم لەبەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە پیرۆزەمدا توانیبێتم خزمەتێکی بچووکم بە دادە ئەحلام کردبێت. خوازیارم ئەم کتێبە، شوێنی خۆی لە کتێبخانەی کوردیدا بکاتەوە و ببێتە هاندەرێکی باش بۆ نووسینی باس و لێکۆڵینەوەی تێروتەسەل و کامڵتر لەسەر ژیان و بەرهەمی ئەم ژنە یاخییە.لە هەڵە و کەموکورتیم قبوڵ بفەرموون.

بەشی ناوخۆیی _ بەردەسوور(زانکۆی گەرمیان)

٢٠١٣/٤/١٦

# بەشی یەکەم

## باسی یەکەم:

## ژیاننامەی ئەحلام مەنسوور* :

ئەحلام مەنسوور لە ساڵی (١٩٥١) لە گەڕەکی هەژارنشین و لانکەی خەباتی شوعی(عەبدوڵڵا بەگی خانەقین) لەتەنیشت پیسی (کۆردەرە) لە دایکبووە، بەڵام نزیك لە باخی هەنار و پرتەقاڵ و لیمۆ و خورما و توو و گوڵەباخەکەی (مەحمود مەسعود) لەدایکبوو، لەو گەڕەکەدا کە چەندین رابەری شیوعی وەك (نەسرەدین مەجید، محیدین داییزادە، کەمال یاسین، ئیبراهیم نایف) لە دایکبوون و ژیان. ئەڵوەن رۆحی یاخیبوونی بەناوی ( نان و ئاو و کاری هاوبەش) لە گیان کچەکەی رواند و ئەمیش هەر لە منداڵییەوە رووخساری قێزەوەنی زوڵم و زۆرداری ناسییەوە و لە نێو ئازار و نەهامەتییەکانی هەژاران پێگەیشت و پاشان جانتاکەی پێچایەوە و ملی رێگاکانی هاتونەهاتی گرتەبەر. باوکی ئەحلام (مەنسوور عەلی ئەکبر) لە (پاڵاوگەی ئەڵوەن) کارمەند

---

* بەدەستکارییەوە لە سەلام عەبدوڵڵا و ئەکرەم مەحمودم وەرگرتووە.

بوو، دایکیشی (رەسمیە محەمە ساڵح) کچی (حاجی محەمەد ساڵح بەزان) بووە، چوار برا و خوشکیکی هەیە. ئەحلام لە ساڵی(١٩٥٦) دەخرێتە بەر خوێندن و لە ساڵی(١٩٦٢) قۆناغی سەرەتایی و ساڵی (١٩٧٠) قۆناغی ناوەندیی و ئامادەیی لە (خانەقین) تەواو کرد و هەر لەم دەمەیشدا بوو بە ئەندامی حزبی شیوعی عێراق.

لە ساڵانی خوێندنی ئامادەیدا لەگەل هاوڕێکەی (لەیلا قاسم) پێکەوە چالاکیی قوتابخانەیان بەرێوە دەبرد. پاشان لە ساڵی ( ١٩٧٠) لە زانکۆی (بەغدا) لە بەشی زمانی کوردی وەرگیرا و هاوڕێکەیشی (لەیلا قاسم) لە بەشی کۆمەڵناسی وەردەگیرێت. ئیدی لەوەیش بەدواوە ئەحلام هۆگری ئەلفبای زمانی کوردی بوو، هاوڕێکەیشی ئاشنایەتی لەگەڵ کتێبەکانی (عەلی الوردی) پەیدا کرد و لە بەشی ناوخۆیی کۆلێژی ئاداب پێکەوە درێژەیان بە خوێندنەکەیان داوە.

هاوکاتیش ئاشنایەتی لەگەڵ هەردوو مامۆستا (رەفیق سابیر) و (هێمن) ی شاعیر پەیدا کرد. کە بێگومان رۆڵیان لە پێگەیاندنی دەبێت و فێری چیرۆکنووسین و مارکسییەت خوێندنەوەیان کردووە. هەر لەم دەمەیشدا ئەحلام چەند شیعرێکی کورتی بە زمانی عەرەبی لەگەڵ چەند کورتە چیرۆکێك بڵاوکردەوە.

شاعیری عێراقی حەمید قاسم لە بارەی ئەحلامەوە دەڵێت: ((ئەحلام زۆر ماندوو بوو، وەکو هەر جەنگاوەرێك لە زۆر بەرەدا دەجەنگا،

بەدبەختی زۆر پاڵێ پێوەنا بەرەو بێدەنگیی و سەرقاڵبوون دوور لە داهێنانەکەی.))

وەکو یەکەمین ژنە رۆژنامەوانی کورد لە ساڵی( ١٩٧٤– ١٩٧٥) لە دەزگای هاوکاری بۆ بڵاوکردنەوەی کوردی دامەزراوە و دەستی کردووە بەکاری رۆژنامەوانی لە ساڵانی هەشتاکانیشدا دەستی کردووە بە نووسینی چیرۆك و رۆمانی کوردی ، یەکەم نەوبەرەیشی بەناوی (ئامە رەش)ەوە، بڵاوکردە و کە باس لە رووداوەکانی شاری (خانەقین ) ی کردووە.

لە ساڵی(١٩٨٥) دا کۆمەڵە چیرۆکێکی کورتی نووسیی و لەژێر ناونیشانی (پرد) ، کە وەك رۆمان لە قەڵەمدراو بڵاوی کردەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ناحەزی زۆر بوون، پێی نەکرا بەرهەمەکانی لەچاپ بدات.

لە ساڵی(١٩٨٨) یشدا رۆمانێکی بەناوی (ئەلوەن) ەوە، نووسی، کە دەتوانین بڵێین یەکەمین بەرهەمە بە زمانی کوردی لە بواری (رۆمانی فێمنستی سۆسیالیستی) دا، کە لەم رۆمانەدا قارەمان (ئامە ڕەش) و دەیان ژن و کچی هەژار بە هەموو کێشە و ئاریشەکانیانەوە لە سەرتاسەری رۆمانەکە دێنەگۆ.

هەر لەم ساڵانەدا تووشی چەندین کێشە و گرفت بووە. لەم کاتە لە گۆڤاری ( وعی العمال) کار دەکات و پاشان لە فەرمانگەی کشتوکاڵ دادەمەزراوە و دواتر لە ئیشوکارەکەی دەرکراوە.

ئەحلام لە ساڵی( ١٩٨٦) هەکبەکەی هەڵگرت و رووی لە دەرەوەی وڵات کرد و چووە بۆ (پاریس) و لە زانکۆی (سۆربۆن) وەر گیرا، کە ماوەی دوو ساڵ لەوێ لە خوێندن بەردەوام بوو، وەلێ بەهۆی دەستکورتیی و سەرنەکەوت و بێزاربوونییەوە (پاریس) ی جێهێلاوە و گەڕاوەتەوە بۆ (عێراق) .

پاش گەڕانەوەی بۆ (عێراق) تووشی نەخۆشییەکی دەروونی بوو، پاشان سەردانی پزیشکی کردووە و نەخۆشییەکەی چارەسەر کراوە، هەر لەم ماوەیەشدا بۆ دەزگای (رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی) کاری کردووە.

پاش راپەڕینی بەهاری (١٩٩١) لە شاری (سلێمانی) جێگیر بووە و هەر لە (زانکۆی سلێمانی) لە بەشی راگەیاندن و کۆمەڵناسی دامەزراوە و درێژەی بە بەرگریکردن لە ژنان و هەژاران دا.

ئەحلام مەنسوور جگە لە رۆمانی (ئەڵوەن) و (پرد) چەند کتێبێکی تریشی بڵاوکردووەتەوە وەك: (خەون و خوێن) ، هەروەها (دیس تۆبیا) و کتیبێی (ئەزموون)، لە ساڵی( ١٩٩٩) دا بڕوانامەی ماجستێری لە کورتەچیرۆکدا وەرگرتووە و دواتریش دەزگەی چاپ و پەخشی سەردەم بۆی بڵاوکردووتەوە.

پاشان لە ساڵەکانی (٢٠٠٠ ) بەدواوە وەکو نووسەر لە رۆژنامەی (هاولاتی) دادەمەزرێت و پاشان دەست دەکات بە نووسی وتار ، لە ساڵی (٢٠٠٩)ەوە، لە دەزگای (چەتر) بەردەوام دەبێت و گۆشەیەك بەناوی (خەون و خوێن)ەوە، دەنووسێت .

ئەحلام وەك خۆی لە کتێبی (ئەزموون) دا دەڵێت:(( لووتم بەرزە، لەکەلی شەیتان نایەمە خوارەوە، خاوەن قسە و هەڵوێستی خۆمم)). کچەکەی ئەڵوەن هەر بەوشێوەیە و بە لووتبەرزی لە بەرانبەر پارە و دەسەلات مایەوە، تا دڵە گەورە و میهرەبانەکەی لە رێککەوتی(٠ ١/١/ ٢٠١٣) لە لێدان راوەستا و ماڵئاوایی لێکردین.

## باسی دووەم:

## ئەحلام مەنسوور لە دیدی شێرکۆ بێکەسەوە:

سیێ رۆژ دوای کۆچکردنی ئەحلام مەنسوور، واتە لە رێککەوتی (٢٠١٣/١/١٣)، (شێرکۆ بێکەس) لە ژمارە (٣٦٠) ی سێشەممەی رێککەوتی( ٢٠١٣/١/١٥) ، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا دەقێکی شیعری بۆ ئەحلام مەنسوور نووسی، بەڵام دوای بەراودکردنم لەگەڵ دەقی دیوانەکەدا (خێراکە مردن خەریکە دەگات!)، بۆم دەرکەوت هەندێ جیاوازیان هەیە، بۆیە بەباشم زانی دەقی دیوانەکە وەربگرم، کە زیاتر خۆی لە پەخشانە شیعردا دەبینێتەوە، هەڵبەت ناوەڕۆکی ئەم دەقەش زیاتر خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە لە لای (شێرکۆ) ئەحلام دەبێت بە هێمای ئێش و ئازار، چونکە نایەوێت شوێن قەدەرێك بکەوێت کە چارەنووسی ( ئەو) و (ئەوان) ی تریش دیاری دەکات،شێرکۆ پێمان دەڵێت ئەحلام بۆ خۆی قەدەر ئاڕاستە دەکات بەرەو ئەو چارەنووسەی کە خۆی دەیەوێت. ئەحلام بەهۆی یاخیبوونییەوە رووبەڕووی کولەمەرگییەکی کۆمەڵگەکردووەوە ناڵاندوویەتی، لای شێرکۆ ئەحلام ئیدیۆمی ( تابووت، شەو ، سەراب)ە، مەرگ خاڵی کۆتایی ئەحلامە، چونکە سەردەمی کۆتایی ئەحلامە، هەروەها سەردەمی ژیانی ئەحلام ( سەردەمی باڵادەستی مەرگە بۆ ژن)، مەرگێك کە هەژاریی و باڵادەستی پیاوسالاری کۆمەڵگە دروستی کردبوو، یان راستر بڵێم بڕیاری لەسەر

دابوو. ئەحلام خەون بە رۆژگارەکانی دوای خۆیەوە دەبینێت، کە تێیاندا ژن سەربەستی خۆی بەدەست دەهێنێت و بەهای خۆی وەردەگرێتەوە. ئەحلام هزرێکی رۆشنە...

ئەحلام مەنسوور*

ژنێ لە حیلەی یاخیبوون!

(پەخشان)

شێرکۆ بێکەس

تابووتێ لە شەو

شەو لە ژنێك و

ژنیش لە ئەڵوەن.

ئەمە لاواندنەوەی کۆتایی ئەو چیرۆکە بوو کە ناوی

"ئەحلام مەنسوور" بوو. ئەو لە شارێکدا گەورە بوو

کە هەژاریی و پاییز و وەرینی ژن و تەوری پیاوی تێدا

هەرە هەرە باڵا دەست بوو. گەرچی شار لەسەر ڕووباری زێڕی

ڕەش و لەسەر خەزنەیگەوهەر و ئەڵماس پاڵکەوتبوو. وەلێ

*خێراکە مردن خەریکە دەگات، شێرکۆ بێکەس، شیعر، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، چاپی یەکەم، ۲۰۱۳، ل: ۳۲۹

نان لە قوڕگی ئەژدیهادا بوو. دوای لەدایکبوون، ئەو
مامانەی ناوکی ئەبڕی، ئاینێکی پیرێژنی هەزار ساڵە و
پەنجەی درێژ و ڕەقەڵەی زەبر و زەنگی خورافات و،
نینۆکەکانی ئەفسانەی بیابانێکی تینوو بوو.
بێچووە پشیلە زۆر لە کچ،
بەخت و حورمەتی زیاتر بوو!
"ئەحلامێ" لە تەم،
تەم لە سەراب و
سەرابیش لە خەم،
خەم لە ژماردن نەئەهات. لە گوێ ئاوی ئەڵوەنیشدا،
ئەحلام خەونی ئەدا بە دەم شەپۆلەکانی سبەینێ و
ماسییەکانی دوارۆژەوە. وەك شەنگەبییەکیجوان،بەڵام
شەوانە بە دەم"با" ی لەناو بەردەوە هەڵکردووی
شاخانەوە،شیعرێ بوو سەمای ئەکرد.
کچێ لە خۆزگە
خۆزگە لە ڕێگە و
ڕێ لە کتێب و
کتێبیش لە دڵ.
کەوتە خوێندنەوە، کەوتە هەڵکەندن، کەوتە باڵگرتن،
نووستنی فڕێدا و بوو بە پەروانەی عەشقی چیرۆك و عەشقی
ڕۆمان و شیعری کەڵەگەت، هەتا بەیانیی.

لەسەرەتادا
لای "پێغەمبەر"ی
"جوبران" دەرسی خوێند
لە "شێت" ەکەی ئەو، عەقڵی داگیرسان
بە "باڵی شکاو" کەوتە فڕین و
گەیشتە بەغدا و... گەیشتە ماڵی
کورتە چیرۆکی "فوئاد تکرلی" و،
کەناری دیجلەی قەسیدەی "سەیاب"
بەغدای ئەو دەمە، ئەوەندەی عەقڵی "وەردی" و
"جەواد سەلیم" و "تەها باقر" و چراکانی سەر
"ئەبو نەواس" زیندووبوو. ئەحلام گەیشتە کۆلیج و
بەسەر پلیکانەکاندا سەرکەوت، بەڵام مێیەکی ئاسایی و
کچێکی هەروا شوێن کەوتووی قەدەر نەبوو.
کچێ لە چرا
چرا لە هزر و
هزری یەکسانی و
شەوقی یاخیبوون.
لە "نەوال"ەوە جەستەی خۆی باشتر ناسی، لە "سیمون
دی بۆڤوار"ەوە، بازنەکانی یاخیبوون گەورەتر بوون. چووە
سەر شەقامی "پیاو" و پرچەکانی کرد بە ئاڵا،

چووە سەر مزگەوتەکان و یەخەی داب و نەریتی گرت،
یەخەی منارەی شاری گرت، یەخەی یەکڕەنگی و
یەکدەنگی و بێدەنگی گرت، جیاوازیەکانی ماچکرد و
باوەشیکرد بە ئازادی تاکەکەسدا و لە هەوری مێ، جوانترین
بارانی باراند، ڕۆژژمێری باوی دڕان، لەبەرچاوی
هەموو دنیا، مەمکەکانی خۆی دەرهێنا و دوو گڵۆپی بۆ
بیری تاریکستانی عێراق و کوردستان، زیادکرد.
ڕۆژنامەی کرد
بە پەنجەرە،
پەنجەرەی کرد
بە ئایندە و
زمانی شەرمنی ژنی
هەڵدایە ناو ئاگرەوە.
ئەحلام چیرۆکی جوانی داینێ، ڕەنگ و دەنگ جوانی
داینێ، وەلێ جوانی هەرە گەورەی ئەم ئەحلامە، لەوە
دابوو ئازایەتی گەورەی داینێ! حەقیقەتی ڕووت و قووتی
خستە بەردەم کۆمەڵێکی دەغەزار و ترسنۆکی، ڕەگەزەکەی
خۆی ڕسواکرد.
ژنێ لە حیلەی یاخیبوون.
حیلە لە دەنگی بوێر و
لە تێکشکانی قەدەغە و

لە بەزاندنی
سنوورەکانی حەرام و،
لە یەکگرتنەوەی
شەقام و ئازادی ژن.
ئەحلام مەنسوور
وشەیەکی مێی گڕگرتوو،
کە دڕی بە دارستانی
چەقۆی پیاودا و
بەو مەرگەدا هەنگاوی نا و
نەگەڕایەوە بۆ دواوە و...
کڕنووشی بۆ "ئینس و جن" و
مێژەری خورافات نەبرد،
هەتاکوو مرد!

## باسی سێیەم:

## ئەحلام مەنسوور لە دیدی نووسەرانەوە:

### ١- ئەحلام مەنسوور مەرگەرێتە دۆراسی کورد لە خەونی تەنیاییەکی ئازاددا، خەو بردییەوە*

**هندرێن و کنێر حەسەن**

ڕۆژی ماڵئاوایی ئەحلام مەنسوور ڕێککەوتێکی ڕاچڵەکێن، هاوکاتیش سەیر نەبوو. بەڵێ ئەحلام هاودەمی سێ دەستە خوشکە شۆڕشگێڕەکەی خۆی، فیدان دۆغان، ساکینە جانسز، لەیلا سۆیلەمەز لە پاریسدا، ماڵئاوایی لە نووسین و تەنیایی کرد. ئەحلامیش وەك ئەو هەرسێ دەستە خوشکانەی، خاوەن ڕۆحێکی شۆڕشگێرانە بوو، بەلاّم ئەحلام شۆڕشگێڕییەکەی سیاسی نەبوو، بەڵکە ئێستێتیکی بوو. ئەو بە زمانی زایەڵەدار، نووسین وەك شێوازێك لە شۆڕشگێڕی، دژی چەوسانەوەی ژن وبندەستی کورد یاخی بوو. دواجاریش بەدەم تلانەوەی ڕۆحی خوێنتاڵکراو لەلایەن

*لەسەر داوای (هندرێن)، ئەم وتارەم بەبێدەستکاریی لە ماڵپەڕی (دەنگەکان) ەوە، وەرگرتووە.

کۆمەڵگەی خێڵ سالار و لەوەش غەمگینتر لەلایەن زۆرێك لە ئافرەتە دەستەخوشکە بەناو فێمێنیستەکانی کوردستانەوە، وەك حەقیقەتێکی بریندار ماڵئاوایی کرد. ئەحلام ژنێکی تەنیا و بێماڵ بوو، ژیان و جیهانبینی خۆی گواستەوە ناو ماڵی زمان، جیهانی بوونە خۆ کردەکەیەوە. بەڵێ، مەرگی ئەحلام وەك مرۆڤ ، غەمگینی کردین، لێ ماڵئاواییەکەی وەك ژنە کوردێکی نامۆ لەزمانی کوردیدا، ئازادبوونی خۆی بوو.

هەر بۆیە ئەحلام بە کەسەرێکی قووڵ لێ یاخییانەوە دەیگوت:(( نازانم کەی دەمرم، ئەگینا تاماوم ناڕەزایی دەردەبڕم)).

ئەم وشانەی ئەحلام لەم ڕستەیەدا وەك ئاکاری ڕاستگۆیی خۆی بوونەتە هونەری درەوشەداری دەربڕینی ناڕەزایی، ئەم ناڕەزاییەی، کە تا دوا هەناسە، لە بەرانبەر ئازار و غەم و تێکشکان و وێرانبوونی هاو مرۆڤەکانی لە نێو جەرگەی نایەکسانیدا کردە دروشمی خۆی.

ئەحلام وەك ژنێکی نووسەر و ئازاد، ئازایانە بە نێو ڕێچکە سەختەکانی خۆبووندا گوزەری دەکرد و تەنیا و غەمبار خۆیی و قەڵەمێکی ڕاستگۆ جیهانێکی ئەزەلی دەنەخشاند، تا لەم جیهانەدا گەیشتە بێهاوتاکانی بۆ ئەبەد بەردەوامی پێبدات و دەستی نەوەی داهاتوو بگرێت و بیانبات بۆ سەردانی شار، دیهات و باغەکانی ئاسمانی خۆی.

لە کن ئەحلام نووسین و مەیلی ئازادیی ژنبوون، قسەی ئەزبەرکراو یان مارکس واتەنی بەخشینی (زانیاری ساختە) نەبوون، بەڵکە شێوازێك بوون بۆ لەباوەشکردنی ژیان. ئەو ژنە سەرکێشە بەرهەمی ئەم دۆخە مێش ئاکارپارەخوازیی ، خەریزە تێرکردن بە بازاڕ کراو بە کالاکراوە نەبوو کە هەنووکە کۆمپانیای ڕێکخراوی ئافرەتان و ڕۆژنامەوانیی و ناوەندە بەناو ئەدەبییەکان، نووسەرگەلێك لە وێنەی خۆیان بەرهەمدەهێنن. ئەحلام بەرهەم و دەنگێکی خۆکردی دۆخێکی ڕۆشنگەر بوو، کە ئەو دۆخەش وەك بزاڤێکی کولتووری ڕۆشنگەر، ویستێکی کولتوورساز، لە حەفتایەکانی سەدەی ڕابردوو بە هەوڵی نووسەرگەلێکی ئیدیالیی لە دایکبوو، کە من وەك بزاڤێك لە کولتورێکی ڕۆشنگەر ناودێری دەکەم. بۆیە ئەحلام بەر لەوەی ناوی فێمێیزم لە زمانی کوردیدا بوونی هەبووبێ، خۆی زمانێکی فێمێنیستی بوو، بەر لەوەی جیهانی نووسین و مۆدە ئەدەبییەکانی ڕۆژئاوا بڕژێنە ناو زمانە کوردییەوە، بە ڕۆحێکی بزۆك و مێشکێکی زرینگەوە، ئاشنایان بوو. بەر لەوەی هەزاران ژن و ئافرەتی کورد لە ڕۆژئاوادا بژین و فێری لاسایکردنەوەیەکی ڕووکەشی بزاڤەکانی فێمێنیستیی و ئەدەبییەکان بن، ئەو لە گەوهەری ڕۆژئاوا و بزاڤە فێمێنیستیی و ئەدەبییەکان گەیشتبوو.

بۆیە ئەو ژنە ڕاشکاوە، دڵ تاڤگە ڕەنگییە وەك بەشێك لەو ژنە فێمێنیستانەی کورد مەراقی نەشتەرگەریی رووخساری نەبوو تاوەك بووکە

شوشەیەکی جوانکیلە لە شاشەی تیڤییەکان و کۆنفرانسەکاندا، کێشەی ژن هەتوان بکات، نەخێر ئەحلام خولیای ئەوە بوو نەشتەرگەریی دڵ، مێشك و رۆحی کۆمەڵگە بکا، تاکوو وەك جینانێکی جوان مرۆڤە جیاوازەکان، تاکە کەسە پەراوێز خراوەکان، ژنە دەمبەستکراوەکانی کۆمەڵگەکەی ئازاد بژین و نەتەوەکەشی بە ناسنامەکەی شکۆدار بێت. ئەو بە دژی خواستی پیاو کە جوانی ژن تەنێ لە رووخساریدا دەبینێ، بۆیە دەنگێکی رۆحێکی جوانی ئەنارشیستیی بوو. هەر بۆیە لە دوا کاتە غەمگین و نەساخەکانی ژیانیدا، تەنیا خوێندکارەکانی کۆمەکیان دەکرد، جلەکانیان دەشۆریی و دڵیان دەدایەوە. بۆیە ئەوە ئەرکی خوێندکارەکانییەتی، پەرە بە نووسینەکانی بدەن.

ئەحلام هاوڕەوتی ئەو بزاڤە، بەشێواز و ویستێکی ژنانەوە، لە حەفتایەکاندا جیهانێکی بێهاوتای بنیاتنا لەسەر زەمینێکی بێسنوور لە نێو جەرگەی میللەتێکی دواکەوتوو، کە تا مەرگ نەیانتوانی لێی تێبگەن. کاتێك ئەو دەیگووت: (( میللەتەکەم! هەناسەی تۆ هەناسەی منە، خوێنی تۆ خوێنی منە، چاوی تۆ چاوی منە، منداڵی تۆ منداڵی منە و ، گەنجی جوانت هیوای منە))، کەچی میللەتەکەی لە پاداشتی ئەوەدا بەشێت و بێشەرم رۆحیان دەمبەست دەکرد! بەڵام ئەو لەم کاتەدا لە میللەتە بەدبەختەکەی نەدەتۆرا ، دەیزانی لە خەوێکی قوڵدا لە نێو ئاستەنگی بیرنەکردنەوەدا چەقی بەستووە. دڵڕەنجاو بە پێنووسەکەی دەیگوت: ((

پێنووسە جوانەکەم، بمبەرەوە بۆ شارەکانی نووسین، لێرە دواکەوتوویی مرۆڤ دەمکوژێت)). خۆی و دووکەڵی جگەرەکەی بەرەو ئاسمان و شوێنێکی دوور لەسەر زەمینی مەرگ و دوواکەوتویی سەفەریاندەکردو دەیگوت:(( پێنووسەکەم بمبەرەوە بەرەو ماڵی وشەکان و لەنێو دەنگی میهرەبانی ڕستەکاندا بملاوێنەوە با هەناسەکانم کۆتاییان نەیەت، هاومرۆڤەکانم هەناسەکانم زەوت دەکەن، پێنووسە جوانەکەم مرۆڤەکانی هاونیشتمانی منیش مرۆڤن، "هەیوەشێرە، هەیوەشێرە" لە مرۆڤیش تێناگەن ! !)) سنوورەکانی جوانی هزری ئەو ئاسۆکانیان دەبڕی و کۆت و بەندی سەردەم و کۆمەڵگە و مەترپیالپەرستی مرۆڤەکانیش، ئەویان غەمبار دەکرد، لێ چونکە ئەحلام خەونێکی راساو بوو بەرانبەر هەموو دوژمنانی ئازادیی، بۆیە ئەو بە رۆح و جەستەوە، چێژی نووسین، ئازادی، سێکس و سیاسەتی ئەزموون دەکرد. ئەحلام لە جڤاکێکی مردۆخ، دەمبەستکراو ، چێکوژ، دووڕوو، ترساو لە ئازادیی و بندەستکراودا، تاڤگەیەکی ڕەنگین بوو. ئەو ژنە هاوڕێی دەستە خوشك و هاوشارەکەی شۆڕشگێڕەکەی لەیلا قاسم بوو، هەردووکیان جووتە کیژ بوون لەو کاتەدا لە زانستگەدا وەر بگیرێن.

لە حەفتایەکاندا شیوعییەکانی ئیدیاڵی و ئازاد بوو، کە زانی شیوعییەتیش ئازادی رەهای پێ نابەخشێ، وەك چۆن شەقی لە هەموو کۆت و لەمپەرەکانی نەریتی خێڵسالاری جڤاك وەشاند، ئەوهاش لە ئیلتیزامبوون

بە حیزبی شیوعییەوە وەشاند، لێ وەك نووسەرێکی ژنگەرا، فێمێنیستێکی ئازادی مارکسی مایەوە. ئەو لەو نووسەرانە نەبوو کە بەرژەوەندیی و ماخولیای دەستەڵاتداریی سیاسیی و هەوەسی پارەداری و وایلێبکا لە مارکسییەوە ببێتە ناسیۆنالیست، نیو لیبرالیست و ئیسلامییەکی ڕووکەش و داوایش خۆی لە کن پارتە پارەدارەکان بدۆزێتەوە.نەخێر ئەو بە مانای وشە، نووسەر و فێمێنیست، شۆڕشگێڕێکی بەرهەڵستکاری ئیستێتیکی بوو.

مرۆڤی بخوێن دەزانێ کە ئەحلام هەر لە کۆچیرۆکی (پرد)ەوە، هەڵگری ئەو شێوازە لە ژنگەرا بەرهەڵستکەراییە ئیستێتیکییە بوو، هەتا لەناو ئەو خەونی بەرهەڵستکارییە ئێستێکییەدا خەوی هەتا هەتایی جەستەی خامۆشکرد، هەرواش دەینووسی و دەژیا. لێرەوە ئەحلام مەنسوور، مارگرێتە دۆراسی کوردە. حەوسەڵە و مەیلی بۆ چێژی ژیان، ئەڤینداریی، زمانی ئیرۆتیکیی و ڕاشکاوی ئەحلام مەنسوور لە مارگرێتە دۆراس نزیکە، نەك سیمۆن دێ بوڤوار. ئەحلام وەك دۆراس، نووسەرێ نێرگزیی–نەرسسیی، بوێر، خاوەن بەڵێیەکی بەرز بۆتامکردنی ژیان و چێژی رۆحیی و جەستەیی بوو. بە واتایەکی تر، ئەحلام لەو ژنانە بوو کە لە پەیوەندییدا کەسێك بوو شەیدای ئەڤینداریی‌یەکی گەرم و هۆگرییانەی کولتووریی بوو، بۆ نموونە، خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ قسەکانی ئەو کە چۆن وێنای پەیوەندی خۆی لەگەڵ هیمن موکریانیدا، وەك هاوڕێیەتییەکی جوان

دەکات. هەر وەك شێوازی جگەرەکێشان ئاکاری مەستانەی لە ئاخاوتن و بگرە رووخساریش لە مارگرێتە دۆراس نزیك بوو نەك دێ بوڤوار، هەرچەندە کە نازانم ئەحلام شەیدای نووسینی دۆراس بوو یان نا، لێ مادام لە فەڕەنسا ژیاوە دەبێ! ناوی بیستبێ، جێگەی سەرنجە، تا ماڵئاوایی کرد بەنەبوونی پەیوەندیی و ناکۆکیی لەگەڵ دایکی دەتلایەوە، هەر وەك چۆن دۆراسیش وێڕای غەریبیکردنی دایکی  کە لە منداڵییەوە لێی دابڕابوو، تا مردیش دایکی نەبینی، لێ لە زۆربەی چیرۆکەکانی وێنەی  ئەو پەرۆشییەی وی بۆ دایکی ئامادەیی هەیە. هەر بۆیە دەکرێ  رۆمانی ((ئەڵوەن))ی ئەحلام مەنسوور بە  جۆرێك، بە رۆمانی ((هێرۆشیما)) ی مارگرێتە دۆراس بچوێنین.

هەر چۆنێك بێت، ئەحلام وەك کچی رۆژهەلاتیی و رۆڵەی میللەتەکەی لە نێو ئازادییەکانی خۆیدا ، وەك ئەحلام مایەوە، وەك زۆربەی دەستەخوشك و هاورێکانی لە دەرەوەی رۆژهەلاتیش، سەفەرەکانی هزری خۆی لە رۆژهەلاتدا بەند نەکرد، بەڵکو رێگەی پێدان بەردەوام بن لەگەشت کردن بە جیهاندا، تا ماڵئاوایی دوا هەناسە تەنیاییەکانی لە گەشتە هزرییەکانی خۆیدا بەردەوام بوو. ئەو لەوە گەیشتبوو کە شارستانی بوون مانای چییە و گەشتی هزر و بیرکردنەوەکانیشی لە نووسینەکاندا ئەمەی پێدەگوتین، کە جوگرافیا بۆ ئەو  چی دەگەیەنێ و  کاتێ خۆی لە هیچ سنوورێکیشدا بەند نەدەکرد. لە نێو جەرگەی رۆژهەلاتدا وەك ژنێکی

نووسەر و ئازا و ئازاد توانی خۆی بێت و یاخی بێت لەم رووکەشییەی کە وەك مۆرانە خەریکە گیانی کۆمەڵگە هەرەس پێدەهێنێت، یاخی بێت لە دابونەریتێك کە ژن وەك بووکە شوشەیەك قورمیش دەکات. ئەویش ئەم قورمیشکردنە زۆر ڕاشکاوانە لە وتارێکدا باس دەکات و دەڵێت: ((ژن ئەو بووکە شوشە قورمیش کراوەیە کە بە کارەبا و پیلی دابونەریتی کوردەواری نازانێت کە کاڵایەکەو پیاو بە پارەی مارەیی و شیربایی کڕیویەتی و بە ئارەزووی خۆی بەکاری دەهێنێ ، ئەمڕۆ بەئاڵتوون ئەیکڕێ،زەوتی دەکات)).

ئەو هەمیشە دڵگران و یاخیی لە دابونەریتێك کە تاکایەتی و ویست و مرۆڤ بوونی لە ژن و پیاوەکاندا دەسەندەوە ، دەگەڕایەوە لای پاول سارتەر، سیمون دی ٚ بۆڤوار و کامۆ، گلەییەکانی بە بێدەنگی دەبردنەوە بۆلای رۆحی ئەوان و ، (بونگەرایی) لە خەمی سەرلێشێواوی کۆمەڵگە و نەزانی میللەتەکەی و شۆکی نەریتە نامرۆڤایەتییەکانی کۆمەڵگەکەی دەتواندەوە. پێچەوانەی زۆربەی نوسەرە ژنپیاوەکانی ئێستا، خەم و ئازاری تاکەکان تا سەر لێواری مەرگی دەبرد و لە نەخۆشی و ئازاردا ڕۆحیان وێران دەکرد، ئەو لە غەمی مرۆڤدابوو، نەك لە غەمی ناوبانگی خۆی، ماڵوێرانی چیرۆکەکانی ئێستای ماتریاڵ و مرۆڤی دەنەخشاند، لە پێناو مرۆڤ و ئازادی و بەختەوەری، نەك وەك مۆدەی سەردەم لە پێناو گەیشتنی بە سەرمایە و بەرژەوەندییەکانی خۆی. بەڵێ، هەرچەندە

ئەحلام مەنسوور لە زمانی کوردییدا لە دایکبوو، بەڵام وەك نووسەرێکی کۆچەریی، بەواتای درێریدا، خاوەن زمانیش نەبوو " ئەو ژنە نووسەرێکی کۆچەریی بوو بە ئازادانە چێژی لە بەزاندنی سنوورەکانی نەریت و باو بوون دەنۆشیی. بۆیە ئەم دۆخی زمانەی کە ئەو ژنە بەرهەڵستکارە لە ئیستێتیکییە تێیدا دەژیا، بۆژیانە تایبەت و تەنییایەکەی نامۆ و ژان بوو. ئەم دۆخی زمانە هی ئەو ژن و پیاوە نووسەرانەن کە لە کۆمپانیاکانیاندا، ڕێکخراوی ئافرەت و ڕێکخراوەکانی نووسەران و ... هتد تەرمی ئەدەب و ژان بەرهەمدەهێنن، ئاخۆ لاتەریکبوون و نا ئامادەبوونی ئەحلام لەو هەموو ناوەند و ڕێکخراوی ئافرەتان و بەزمی خەڵات و ڤیستیڤاڵی ئەدەبییەکان لە کوردستاندا جێگەی ڕامان نییە؟ ئەدی ئەو هەموو داوەتکارییانەی کە ڕێکخراوە ئەدەبیی و چالاکییەکانی ئافرەتان لە هەندەران، بەبیانووی کۆڕ و سێمیناری ئەدەبیی و کێشەی ژن و ئافرەت، بۆ ئافرەتە "فێمێنیست" و نووسەرە "گەورەکان"ی کوردستان و ڕۆژئاوا ئەنجامدەدرێن و ڕەوانە دەکرێن، کەڕاستییەکەی بەشی زۆری ئەو داوەتانە بۆ سەردان، ئاهەنگ، چارەسەری نەخۆشیین، کەچی هیچێك لەوانە داوەتێکیان بۆ ئەحلام نەنارد، تا سوود لە ئەزموون و نووسینەکانی وەربگرن و هاوکاتیش هەدادانێك بدات، مایەی پرسیارو گومان نییە ؟!

ئەحلام وەك چۆن لە ژیانیدا شێوازێکی خۆکرد بوو، لە نووسینی ڕۆژنامەوانیش، شێوازێکی فرە دەنگی بوو. ئەوەی نووسینەکانی لە ڕۆژنامەی "هاولاتی" و "چەتر" و بڵاوکراوەکانی تر خوێندبێتەوە، ئەو فرە ڕەنگییە لە شێوازی نووسینی ئەودا دەبینیٚ. لیٚ مخابن، هێندەی ئێمە بزانین، کاتی خۆی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) دوای ماوەیەکی کورت ئەو گۆشەیان لێساندەوە، هەرچەندە ڕاگرتنی ئەو گۆشەیەی ئەحلام لەلایەن بەڕێوەبەرانی "هاولاتی" یەوە بەشێوەیەکی دیپلۆماسی بوو، لیٚ ئەوەندەی ئێمە بیزانین لە دەمی هاوڕێکانییەوە، هۆیەکەی ئەوە بوو، نووسینەکانی ئەو ئەدەبی بوون، ئەو تەرزە نووسینەش ئەو بازاڕ گەرمییەی بۆ "هاوڵاتی" دروست نە دەکرد کە "هاوڵاتی" پێویستی پێی هەیە. ئەڵبەت قسەیەکی سەیر ناکەین، کە بڵێین ڕۆژنامەی کوردی، هێندەی مەبەست دەستکەوتی ماددیی و وروژاندنی بابەتی خۆشی ڕۆژانە خێرایە، ئامانجی کوولتورسازیی و هەڵکۆڵین نییە.

هەنووکە پەسندانی ئەحلام لە لایەن ئافرەتە چالاکەکانی بواری ژن و ڕۆژنامەنووسییەوە، کە ئەحلام خۆی وەسێتی کردبوو نامەویٚ دوای مردنم باسم بکەن، هەمان شین و واوەیلای پیاوە سیاسیی و ئەدەبییەکانە بۆ مردووان؟ لەوەش گەڕیٚ، ئەدی تا ئەحلام ماڵئاوایی نەکردبوو، بۆ جارێك وشەیەکتان لەبارەیەوە نەنووسی، ئەحلام بەدەست نەخۆشییەوە دەیناڵاند کە لەویٚ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی ئاسان نەبوو، ئەوەی

ئەرکی ڕێکخراوەکانی  ئافرەتان بوو لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان کەپەرۆشی بن.ئەڵبەت ئەحلام خۆی تا لە ژیان بوو، بەدەنگی بەرز گاڵتەی بەو ڕێکخراوانەی  ئافرەتان و بگرە زۆربەی ژن و پیاوە ڕۆژنامەنووس و شاعیرەکانیش دەهات، ئەمەشی بەئاشکرا دەنووسیی و دەیگوت، چونکە دەیزانی هەموویان تەنێ بەزار ئازادن کەچی لەژیاندا شەرمنن، بۆیە بێباکانە خۆی لە هەموو ئەو ژاوە ژاوەی کە بەناوی ژنەوە لەمیدیا و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لە ئازادبوون، دوور گرتبوو هەنووکەش، وەك لەسایتی "خەندان" بڵاوکراوەتەوە و تێیدا هاتووە، ناسیاوەکانی ئەحلام گلەیی لە نووسەران دەکەن، کە لە کاتی شاردنەوەی تەرمە شەکەت و ڕۆحە ئازادەکیدا، تەنێ یەك نووسەر ئامادە بوو بوو. ئەوەندە بەسە کە بزانین ئەو ڕێکخراوانەی ئافرەتان، نووسەرە پیاوەکان، ژنە بەناو خەباتکارەکانی دۆزی ئافرەتان و"ڕاوێژکار" و "خەبیر"ە مووچەخۆر و تەقاویتەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی کوردستان خاوەن چتۆ ئاستێکی ئێستێتیکیی و پەرشخۆرێکی ئازادیی مرۆڤ و ئەحلام مەنسووری بوێرن!

دەبێ بلێێن ڕەخنەی ئێمە لەو ئاکار و دۆخەی بواری ڕۆشنبیریی و ڕێکخراوەکانی  ئافرەتان مەبەستێکی تایبەتی لەپشتەوە نییە، بەڵکە لەو ڕەخنە گرتنە ئەوەیە کە ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەوە ئەرکی ناوەندە ڕۆشنبیریی و ڕێکخراوەکانی ئافرەتانە دەست بە دەنگی تاکە کەسەکان و

نووسەرە پیاو و ژنە بەهرەدار و بوێرەکانەوە بگرن، تاکوو ئەو دەنگانە بواریان بۆ بڕەخسێ وزەی خۆیان تاقیبکەنەوە و بەمەش کاریگەریی ئەرێنییان بەسەر دۆخی نەریتگر و باوی کۆمەڵگەی کوردستانەوە هەبێ. دیارە بەشێك هۆکردی مانەوەی نەریتی خێڵ و ڕەوایەتی کوشتنی ژن و دەمبەستکردنی وزە و ویست و خواستی دەنگی تاکە کەسە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، بالأدەستی ئەو نەریتە کۆن و خوێنتاڵکردنەی مرۆڤ و مردووپەرستییەیە. تا ئەو کەلتوورئاکار بەدە، پەراوێزخستن و دەمبەستکردنە بە دژی وزەی تاکەکەسە جیاوازەکان و دەنگە بوێرەکان لە ئارادا بێت، کۆمەڵگەی کوردستان لەو خێڵسالار ئاکارە بەدانە ئازادی نابێت. لە پەرۆشی ئەو دیدەوە، گەرەکە ئاماژە بە ئەوە بکەم، کە من وەك هەندرێن، لە چاوپێکەوتنێکدا گوتبووم: (( ئەحلام مەنسوور یەکێکە جەربەزەترین ژنە نووسەری کورد. ئەو ژنە بەڕای من، لەحەفتایەکانەوە، هاوڕۆژگاری نەوال سەعداوییە لە چیرۆك و نووسینەکانیدا، بۆ نموونە لە کۆچیرۆکی "پرد"دا ئەو پرسیارانەی ورووژاندووە کە هەتا ئەمڕۆش لە ئارادان، هەر بۆیە بە بەراورد لەگەڵ رەوشی کۆمەڵگای میسری، ئەحلام مەنسوور زۆر زۆر جەربەزەترە لە نەوال سەعداوی. چونکە ئەحلام لە حەفتایەکاندا کاتێك باسی ئازادیی ژن و لەوانەش ئازادی سێکسی ورووژاند، نووسەرە ژنەکان لە پەنجەی دەستێك تێنەدەپەڕین. ئەو کات ئەگەر ئەو بکوژرابا، نە هیچ پشتیوانییەکی لە رووی قانونییەوە هەبوو نە

لەو کاتەیشدا ڕێکخراوی ئافرەتان هەبوون تا داکۆکی لێبکەن. وێڕای ئەوەی ئەحلام ڕچەشکێن بوو، ئەو پرسیارانەی ئێستا ژنی کورد سەرقاڵە پێیانەوە، ئەو لە حەفتا و هەشتایەکاندا وروورژاندبووی، من دەزانم نەوەی داهاتوو لە بەهای ئەو ژنە تێدەگەن. دەشزانم ژنە خاوەن ڕێکخراو و نازگیراوەکان لای حیزبی کوردیی، حەزناکەن دان بە بە دەستپێشخەری و ڕچەشکێنی ئەحلام مەنسوور بنێن.

لێرەوە لە جیاتی ژنی کورد، ستایش و سلاڤ بۆ ئەحلام دەنێرم، بڕواشم وایە پەخشان و نووسینەکانی ئەحلام لە حەفتایەکان و ئێستاشدا، دابڕانێکە لە نووسینی مێینەی کوردی. بە کورتی هەموو ئەو نووسینانەی ئەمڕۆی ژنی کورد کە بەشێکی زۆریان بە بەراورد لەگەڵ ئەو ستەمەی لێیان دەکرێ، هێشتا لە زمانە خورت و جەربەزەییەکەی ئەحلام تێپەڕییان نەکردووە،بەڵێ، بخوێنی بەرهەمەکانی ئەحلام بخوێنیتەوە دەزانی، لەمدیوی نووسینەکانییدا ژنێکی میهرەبان هەیە، چونکە ئەو بۆ ڕۆحە ئازادەکان دەدوا و ئاسمانەکانی خۆی بە ئەوان دەناساند، بۆیە بەهار بە ڕەنگی جوانی گوڵەکانی لەو دەگەیشت و پێی دەگوت تۆ بدوێ بۆ ڕۆحە هیلاکەکان، بدوێ بۆ تەنیایی خۆت، کە دەدوێیت دەنگت لێرەیە، زیندوویت ئامادەیە، تا میللەت ڕێنوێنی بکەیت. تۆ باکت بە کوێرەکان نەبێ، خۆ ئەوان جوانی نابینن، بدوێ بۆ بەهار، بۆ جوانی، بۆ گەشانەوە لە دڵی میللەتەکەتدا، ئەم میللەتەی کە تۆ لە دڵەوە عاشقی بوویت،

ئەویش ڕۆژێك وەڵامێکی عاشقانەی بۆ نەناردیت. مەرگ هات و هەناسەکانتی ڕفاند و تۆی جێهێشت، چونکە ئەویش لەمە تێدەگات، کە گەشتە ونەکانی خۆی بە تۆ نامۆن و تۆ لێرە دەمێنیتەوە بۆ تا هەتا. وەك مرۆڤێکی ئازاد و ژنێکی سەربەخۆ، لە رۆحێکی یاخیدا لە دایك دەبوویت ، تا ڕاستگۆیانە بڵێی تا دەمرم هەر نارەزایی دەر دەبڕم. دادە ئەحلام لە غەمی گوڵە بێبەهارەکان و، ئازاری پەپوولەکان، بێنازی خوێندکارەکانی و بێزانستی زانکۆو ، نەزانی دەمڕاست و پێشەنگەکانی میللەتەکەی ، لە نێو دووکەڵی جگەرەکەیدا ون دەبوو، لە رۆحی نووسیندا لە دەرگایەکانی ئاسمانێکی سامالْ و خۆرێکی ڕووناکدا دەردەکەوت. نزیکتر دەبووەوە لە خۆی تا بتوانێ جوانتر لە کۆمەڵگە یاخی بێ و ئارامتر بە دواکەوتوویی بڵێ ئەمە بێباکیەکانی من بەرانبەر بە تۆ، تۆش ئازادی لە بەردبارانکرنی من. تا بڵێ من تا مردن خۆمم و کەسێکی تر نیم و نارەزاییەکانم بەردەوام دەبن، تا ناشیرینیەکانی ئازار و زوڵم و نایەکسانی و فرمێسکە بێدەنگەکان و تیرۆری رۆح و جەستە لە ئارادا بێت.کاتێك دەستە خوشکەکانی ئەحلام لە جیهاندا بە خەڵاتی بلیمەتی و ڕێزلێنان پێشوازییان لێدەکرێت و رۆحیان بە تیشکی نەمری بەرەو جیهانی ڕووناکی بەڕێ دەکرێ، ئەحلام لێرە لە نێو تاریکیدا رۆحی بەردباران دەکرێ. ئەو لەسەر زەمینێکی تاریك لە دایك بوو، میللەتەکەی لە سەدەیەکی درەنگدا خەریکی خەوێکی قوڵە، کاتێ ئەو زوو لە ڕۆحی کچێکی یاخیدا هەستی بەم کارەساتە کرد و خەوی

قوڵی میللەتەکەی دڵی ڕاچڵەکاند.ئەو وەك نووسەرێکی ڕۆشن ڕۆح و یاخی، نامۆ بەسەردەمی خۆی، دەبێتە ئاوازی لاوکێکی غەمبار، تا نەوەکان بەسەرسامی بیخەنە نێو لاپەڕەی کتێبەکانی نەمری. ئەو وەك هاوەڵە هاوچەرخەکانی لە جیهاندا خەباتەکانی نەدەخرانە نێو بەرزی ئاسمانی داهێنان، بەڵکو وەك دەستەخوشکە کوژراوەکانی مێژووی سەدەی ناوەڕاست، لەسێدارە دەدرا. ئەحلام وەك ئەوەی لە داهێنان و بلیمەتی بێهاوتا بوو هەرواش بەتەنیا، بەرەو رووی مەرگ بوەوە، تا مەرگ زیاتر لە هەناسە و ماڵەکەی ئەو نزیکتر دەبوەوە، ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە رۆحی ئەو دەگەیشتن کەمتر دەبوونەوە و فەرامۆشکردنەکانیشی بالآیان دەکرد. تا ئەو زیاتر ئەو عاشقی خاك و میللەتەکەی دەبوو ئەوان لێی دوورتر دەکەوتنەوە، لەگەڵ ئەوەش بە دڵی پڕ لە میهری خۆی دواجار بە میللەتەکەی گوت:(( ترسی مردنم لێ نەنیشتووە،چونکە لە خاکە پیرۆزەکەت دەنێژرێم.))

## سەرچاوەکانی ئەم بابەتەی هندرێن و کنێر:

١- چەترپرێس، ئەحلام مەنسوور، من لە زینداندام لە کوردستانێکی ئازاد

٢- چەترپرێس.. مولکداری تێلای دابونەریتی کوردەواری، خاوەنشکۆ، ئەحلام مەنسوور

٣- چاوپێکەوتنێکی خاتوو ڤینۆس فایەقی شاعیر و رۆژنامەنووس لەگەڵی سازکردووم، کە لە ژمارە ١٧٦ و ١٧٧ی ٢٠٠٧ی رۆژنامەی " کوردستان راپۆرت"دا بڵاوکراوەتەوە، دواجاریش لە کتێبی " زمان ئاسۆیەکە نێوان ئاسمان و زەویدا" بڵاوکراوەتەوە.

## ٢–ئیبراهیم باجەڵان

## ئەحلام مەنسوور لە مەیدانی شارەوە بۆ مەیدانی ئەدەب و سیاسەت :

زۆر زەحمەتە لە بلیمەتیی و داهێنانی نووسەران و هونەرمەندان بەتەواوەتی تێبگەین، بەبێ گەڕانەوە بۆ چۆنیەتی ژیان و ژینگەکەیان. دەنا نووسەران و هونەرمەندان، وەکو منداڵێکی ئاسایی لە دایك دەبن و نەشونما دەکەن. سەبارەت بە ئەحلام مەنسوور لە خێزانێکی رەسەنی کورد، لە گەڕەکێکی دێرینی (خانەقین)ی سەنگەری پێشەوەی کوردستان چاوی بە جیهان هەڵهێنا، بەڵام بەهۆی بلیمەتیی و زیرەکی خۆی، لە ژێر گاریگەری ژینگەکەی بووە. ئەو کچە نووسەرە بەناو بەناودەنگە، بە توانا و لێهاتووی کەسایەتی تایبەتی خۆی گەیشتە ئەو ئاستە بەرزە لە داهێنان و ئەفراندندا. هەر وەکو مامۆستای چیرۆکنووس (غەفوور ساڵەح) دەڵێت:(( ئەحلام یەکەم کەس بوو، وەکو ژنە چیرۆکنووسێکی کورد باسی (فینیمیزم) ی کردووە، کچێکی رووناکبیریی ئەو مەیدانەیش بوو لە ئاستی عێراق و کوردستانیش. سەرەڕای ئەوەی چیرۆکنووس و

ڕۆماننووس بوو، ڕۆژنامەوانێکی به ئەزموون بوو له زۆربەی ڕۆژنامە کوردیی و عەرەبییەکاندا کاری کردووە و جێپەنچەی دیارە)).

وەکو ئاشکرایە ئەحلام ساڵی (١٩٥١) له گەڕەکی (عەبدوڵڵا بەگ)، له کۆڵانێکی مەیدانی (خانەقین) دا، که نزیکی (چایلغ)ە، له بنەماڵەیەکی کرێکار چاوی هەڵهێنا. (مەنسوور عەلی ئەکبەر)، باوکی ئەحلام له کۆمپانیای نەوت کارمەند بوو، دایکی ئەحلام (ڕەسمیە حاجی حەمە ساڵەح کوتاڵفرۆش)، که له هۆزی (باجەلان) ە. له ئەو ڕۆژانەدا که ئەحلام له دایك بوو، خاوەن دوکانی کوتاڵفرۆشی بوو. بەڵام (حاجی حەمە ساڵەح) له سەرەتای گەنجێتیدا له کۆمپانیا کاری دەکرد. ماڵی باوکی ئەحلام له گەڕەکی ماڵی خەسوی (حاجی حەمە ساڵەح) له یەك خانوودا بوون، وەکو زۆربەی دانیشتوانی ئەو سەردەمەی گەڕەکه میللییەکان. خانووەکەیان له تەنیشت مزگەوتی (مەجید بەگ) بوو، که دەکەوێتە بەرانبەر (خان شانان) ناسراو به (خان ناو خاس)، ئەو کۆڵانە که ئەحلام تێیدا له دایکبوو، پەروەردە بوو، نزیکی مەیدانی ئاژەڵفرۆشتن بوو. له هەمان کاتدا نزیکی مەیدانی شار بوو، که جاران دڵ و ناو جەرگەی شار بوو، چونکه چەندین خان و کاروانسەرا و دوکان و جایخانه و جێگەی خاوەن پیشەکان بوو، وەکو ناڵبەندەکان، ئاسنگەرەکان، کوتاڵدوورەکان و عەلوەی دانەوێڵە، گەنم و جۆفرۆشەکانیش زۆربەیان لەو شوێنەدا بوون، لەگەڵ مەیدانی دارفرۆشەکان. بۆیە ئەو ناوچەیە له بەرەبەیانەوە

جمەی دەهات، وەکو شارەمێرووله له خەڵکی ئاوایییەکانی دەوروبەری شار و جوتیار و کاسبکارانی (قورەتوو) و هۆزێنی (شێخان) و هتد. دانیشتوانی گەڕەکەیشی بە گشتی، مەیدانی (کۆدەرە) یش بە تایبەت، خەڵکانێکی کرێکار و کاسبکار و ماسیگر، لە هەمان کاتدا چەند مامۆستا و فەرمانبەرێك، لەگەڵ باخەوانەکانی شاردا، زۆربەیان دانیشتوانی ئەم گەڕەکە بوون، چەند خاوەن موڵکێکیش وەکو بنەماڵەی (دای زادەکان) و ئاغاکانی (باجەلان) دیوەخان و ماڵیان لەو گەڕەکەدا بوو، دانیشتووانی ئەم گەڕەکە فرەیان کورد بوون، بە کوردی قسەیان دەکرد بەتایبەت بە شێوەزاری (کەلهوڕی) و بە تورکمانیش قسە دەکرا. چونکە دانیشتووانانی گەڕەکە پێکهاتبوون لە هۆزەکانی (قەرە لووسی) و (باجەلان) و (سورەمەیری) و (کاکەیی) و چەند ماڵێکی عەرەبیش لە (مەیدان) دەژیان. ژنانی گەڕەك، وەکو هەموو گەڕەکە میللیەکان بەبێ پێچ و پەنا و راستەوخۆ و بەڕاشکاوی باسی هەموو شتێکیان دەکرد و هەموو وشەیەکیان بەکار دەهێنا، تەنیا بە وتنی (بیلامانێ).

لە ئەو رۆژگارەدا رادیۆ زۆر کەم بوو لە ماڵەکاندا، بۆیە شەوانە چەند خێزانێك لە ماڵێکدا کۆ دەبوونەوە (مەلك ئەحمەد، کوڕە کەچەڵ، دیۆ سفیدیان) دەگێڕایەوە، ئەحلامیش وەکو منداڵێکی هەستیار بەدڵ و گیانەوە گوێبیستی ئەو حیکایەتانە دەبوو، کە لە(خانەقین ) مەتەڵیان پێدەگوت.

پەیوەندییە کۆمەیەتییەکانی ئەو سەردەمە و هاوکاریکردنی یەکتر:

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان دانیشتوانی گەڕەکە دێرینەکان زۆر توندوتۆڵ و پتەو بووە، وەکو خانووەکانی جارانی شارەکە لە توانای مرۆڤدا بوو، لە ئەم پەڕ گەڕەکەوە، تا ئەوپەڕی گەڕەك بەسەربانەکانەوە بڕوات. گیانی هەرەوەرزی و یەکسانی باو بوو. لە خۆشیی و ناخۆشیدا بەشداری یەکتریان دەکرد لە شین و شادیدا، یارمەتی یەکتریان دەدا لە تەنگانەدا ،

دەستی یارمەتیان بۆ لێقەوماوان دێژ دەکرد، ئەگەر گەنجێك، یان کچێکی شۆخ لە تافی لاویدا کۆچی دوایی بکردایە، ئەوا (چەمەر) یان بۆ ساز دەکرد، بە هەڵهەڵە و دەهۆڵ و زوڕنا بەرەو گۆڕستانی شار بەڕێ دەخرا،بە هەیوەشێرە و ئاغەڕۆ پرسەکانیان گەرم دەکرد. لە بۆنەکانی بووك گواستنەوە، بە چەپڵەرێزان و بە گۆرانیی و بەستەی کوردیی و تورکمانی و عەرەبی، وەکو بزمارە بزمارە و سەلا و سەلا و سەمار سەمار بۆنەکەیان گەرم دەکرد، بە جۆرێك کە منداڵان، تا چەند هەفتەیەك ئەو گۆرانیی و بەستەنەیان دەوتەوە.

یارمەتیدانی هەژاران و هاوکاریکردنی یەکتر و یارمەتیدانی دەستکورتەکان چەند جۆرێکی هەبوو ، کە هەر هەموویان لە هەستی مرۆڤایەتییەوە هەڵقوڵا بوو. حەوشەکانی گەڕەکەکانی جاران، سێ ماڵ و چوار ماڵی تێدا

دەژيا، حەوشە گەورەكانيشى شەش مالّ و حەوت تێدا نيشتەجێبوون. ئێواران (كاسە هاوسێ)، واتە قاپى خۆراكى دراوسێ ئالّوگۆڕ دەكرا. ئەو مالّەيشى هيچ نەبووايە وەرياندەگرت بێ بەرانبەر.

خاوەن باخەكانى گەڕەكەيش لە وەرزى بەرهەم كۆكردنەوەدا، خورما و هەنار و ميوەيان دابەشدەكرد بەسەر ئەو مالاّنەدا كە باخيان نەبوو. هەروەها باخەوانەكانيش لە بەشەكەى خۆيان بەشى دراوسێكانيان دەدا.

لە وەرزى هاوينانيشدا خەلّك لەسەربان دەخەوتن، لەسەر ئاوازى هاژەى ئاوى (ئەلّوەن) خەويان لێدەكەوت، لە كەنارى (ئەلّوەن) دا شەوانە گەنجە دەنگخۆشەكان، تاوەكو شەوانى درەنگ گۆرانيى و مەقاميان دەچڕى، شمشالّيان دەژاند. دونيايان پڕ لە ئاوازى خۆش و رەسەن دەكرد، ئەو خۆشيى و ئاوازانە هەر كەس گوێى لێيان بووايە، قەت لە بيريان نەدەچووەوە.

ئەحلام لەو شوێنەدا دەژيا، بەو جۆرە شەو و رۆژى دەكردەوە. بۆيە ئەو يادگارييانەكە لە ناخيدا چەسپابوون و بوونە هەوێنى بەرهەمەكانى، تا لە ئۆخر و ئۆخرى سالاّنى پەنجاكاندا شارەوانى پرۆژەى جادەيەكى نوێى ئەنجامدا ، ئەويش لەپێناو گرێدانى شەقامى (كۆپرى گەورەى دێرين) بە (پاشە كۆپرى) يەوە، كە بە (مەزرەعە) دا تێپەڕى دەكرد. بەهۆى ئەو شەقامەوە هەر باخەكەى (چەلبى) يان بڕى، كە پاشماوەى كرا بە

عەرەسە و فرۆشرا. ماڵی باوکی ئەحلام و ماڵی باپیرەی دوو عەرەسیان کڕیی .

دوو خانووی مۆدێرنیان لێدروستکرد. بەم جۆرە ماڵئاوایی لە یەکەم ژینگەی منداڵی خۆی کرد. بەڵام تاوەکو دوا هەناسەی یادگارییە جوانەکانی (مەیدان) و (عەبدوڵلا بەگ) لە گەڵیدا و لە دڵیدا دەژیا.

ماڵی ئێمە لە (عەبدوڵلا بەگ ) بوو، نزیکەی (٥٠) مەترێك لە ماڵی (حاجی حەمە ساڵح) ەوە دوور بوو. لە بیرمە پۆلی چواری سەرەتایی بووم، رۆژێکیان لە لای ماڵی ئەواندا تێپەڕم کرد بەرەو (چایلغ) دەرۆیشتم، ئەحلام لەو رۆژانەدا تەمەنی نزیکەی چوار ساڵان بوو، یاریی قول قولانی دەکرد، بەدەم یارییەوە ناوی گوڵ و گوڵاڵەکانی بە عەرەبی دەوتەوە. ئەحلام منداڵێکی خوێنگەرم و روومەتێکی مانگی چواردە ئاسای هەبوو، دو پەلکی پڕ رەش و جوانی لەسەر شانەکانییەوە شۆڕ کردبووەوە. ئیتر لە پاش سەرەتای بارکردنیاندا بۆ هەواری تازەیان کەم جار دەمبینی، تاوەکو بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی (١١ی ئاداری ١٩٧٠) و گەشەکردنی رووناکبیری کوردی، ئێمەیش کۆمەڵێك رووناکبیر و ئەدەبدۆست،کۆمەڵێکی رووناکبیریمان دامەزراند بەناوی (المنتدی السقافی) ، لە پێناوی گەشەپێدانی ئەدەب و رووناکبیریی کوردی (خانەقین)، لە دامەزرێنەرە ناسراوەکانی ئەو کۆمەڵەیە خوالێخۆش بوو (م. مەجید ئیبراهیم رەزا) و(

شەهید مەجید غاندی) و (کەریم سۆران) و (ئەحمەد رەشپۆش) و (مامۆستا جەعفەر) و (د. ستار رەشید) و بەندە بوو. لەو رۆژانەدا ناودەنگی ئەحلام مەنسوور بڵاودەبووەوە. ئێمەیش حەزمان دەکرد بێتە ناو کۆمەڵەکەمانەوە، بۆیە پەیوەندیمان پێوەکرد و داوامان لێکرد بێتە ریزی کۆمەڵەکەوە. ئەویش بە خۆشحاڵییەوە رەزامەندی خۆی دەربڕی، بەڵام لەو سەردەمەدا زەحمەت بوو کچێکی شۆخ بێتە ناو بارەگای یەکێتی مامۆستایانی کوردستانەوە، کە بارەگای کۆمەڵەکەی تێدا بوو، بۆیە پێشنیازی کرد لە ماڵی مامۆستا (جەمیل محەمەد عەلی ئەرکەوازی) کۆبوونەوە ئەنجام بدەین. بەو جۆرە دوو جار لەگەڵماندا بەشداری کۆبوونەوەکانی کرد. بەڵام ئەوەندەی نەخایاند رژێمی شۆفێنی لە بەیاننامەکە پاشگەزبووەوە. دۆخی شار بەرەو خراپی دەرۆیشت، هەر یەك لە ئێمە کەوتینە شارێك، من لە (کەربەلا) گیرسامەوە و ئەحلامیش هەر لە (بەغدا) بوو، بەڵام لە دووریشەوە ئاگام لە بەرهەمەکانی بوو.

## ئەحلام مەنسوور لە بەغدا:

سەبارەت بەو ڕۆژگارەی کە ئەحلام لە کۆلێجی ئەدەبیات و بەشی زمانی کوردی دەیخوێند لە هەمان کاتدا، لە دەزگای ڕۆشنبیریی کوردی ، وەکو هەڵەبڕ دامەزرا بوو، ئەویش بە یارمەتی مامۆستا (حیلمی عەلی شەریف)، کە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (هاوکاری) بوو لە ساڵانی حەفتاکاندا. لە هەمان کاتیشدا، وەکو چیرۆکنووس بەرهەمی بڵاودەکردەوە، دەربارەی ئەو ڕۆژگارە چیرۆکنووس و نووسەری ناسراو (غەفور ساڵەح) دەنووسێت:(( ئەحلام لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا ، وەکو کیژێکی شۆخی خوێندکاری خانەقین ڕووی کردە بەغدا بۆ خوێندن، لە کۆلێجی ئەدەبیات لە بەشی زمانی کوردی، ئەحلام بەهۆی پێشکەوتنخوازییەکەیەوە بووە جێی سەرەنجی هەموو خوێندکارانی شارەکانی تری کوردستان کە لەو کۆلێجە بوون. ئیدی وەکو مێش لە هەنگوین بئاڵێت ئاوا تێی دەئالان، هەموو هەوڵی دەدا فریوی بدەن، ئەویش کیژێك بوو لە شارێکی وەکو خانەقین، نەدی و نەشارەزا گوێی بۆیان شل دەکرد، وەلێ ئەوانە بە تەمای شلکردنی شتی تر بوون لێی. لە چیرۆکنووسی کوردەوە، تا شاعیری کورد ئاواتی گەورەیان ئەوە بوو ئاوڕیان لێبداتەوە، وەلێ ئەو بەو کچی خۆیەوە زۆر سرك بوو، زۆر لەوان ڕاکردووتر بوو، لەوانە زۆرتر بیرکراوە و ڕووناکبیرتر و خوێنەرتر بوو، گاڵتەی بەو هەموو ئەقڵە پیاو سالارانە

دەهات)). هەروەها دەڵێت:(( ئەحلام زۆر ماندوو بوو، وەکو جەنگاوەرێك لە زۆر بەرەدا دەجەنگا، بەدبەختی زۆر پاڵی پێوە دەنا بەرەو بێدەنگیی و سەرقاڵبوون دوور لە داهێنانەکەی)).

ئەوەمان ماوە بڵێین لە مەیدانی کوردایەتی داکۆکیکردن لە مافی هەژارە چەوساوەکاندا گەڕەکی ( عەبدوڵلاَ بەگ) چەند تێکۆشەرێکی رێگای رزگاریخوازی کوردستان لەو گەڕەکەدا دەژیان، وەکو (رەشید باجەلاَن، ئەحمەد خەیات هەمەوەند، مەلا عارف عەتار، ) لە تێکۆشەرانی بەرەی چەپیش، وەکو شەهید (نەسرەدین مەجید، دەلۆ خەلیل بەیرام، مەلا محێدین دای زادە، مستەفا سۆتە، شەهید عەبدولوەهاب قادر)، لە راپەڕینەکەی ساڵی (١٩٤٨) ئەم گەڕەکە بە پیاو و ئافرەتیانەوە رۆڵێکی گرینگیان بینی، بۆیە بیروباوەڕی کوردایەتی و سۆسیالیستی زۆر بەهێز بوو لەم گەڕەکەدا، هەر بۆیە کاریگەری خۆیانیان بینی لە ئەدەب و بەرهەم و ژیانی ئەحلام مەنسووردا. ئەحلام لە ژێر کاریگەری ژینگەی یەکەمی مایەوە و لە هەموو بەرهەمەکانیدا رەنگدانەوەیان بەرچاو دەکەوێت، نەك هەر لە چیرۆکەکانیدا، بەڵکو ئەو رەنگدانەوەیە ئاشکرایە لە وتارە سیاسییەکانیدا کە پڕن لە وشەی میللی وەکو هەیڕۆ، هەیوە شێرە، ئاغەڕۆ و هتد. ئەحلام زادەی شارێکی پێشکەوتووی کوردستان و لە گەڕەگێکی دێرینی چاونەترسی کوردەواری وانەی یەکەمەکانی فێرکرد، بۆیە ئەحلام بە نووسەرێکی بوێر و چاونەترس و راستگۆ و خاوەن

هەڵوێست مایەوە. دەستە خوشکی شەهید (لەیلا قاسم) ی هاوڕێی منداڵی بوو. لە مەیدانی هەژارنشینی (خانەقین) ەوە، هاتە مەیدانی ئەدەب و سیاسەت. لە دونیای ڕووناکبیریدا جێگایەکی بەرزی بۆ خۆی پێکەوە نا، تاوەکو لە ڕێککەوتی (٢٠١٣/١/١٠) گەڕایەوە باوەشی (ئەڵوەن)، دیسان لە کەناری (ئەڵوەن) ئارامی گرت و هەتا هەتایە ناوی بە زیندوویی دەمێنێتەوە، چونکە نە قەڵەکەی فرۆشت، نە ئامادەبوو قەڵەمەکەی بە کرێ بدات، بۆیە بووە مایەی شانازی شارەکەیی و هەموو کوردێکی دڵسۆز.

**سەرچاوە:**

ئەحلام مەنسوور وەکو شەهیدێك مرد، غەفوور ساڵەح عەبدوڵڵا، کوردستانی نوێ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر(٨١٠) ڕێککەوتی (٢٠١٣/١/١٧)

## ٤- بۆ ئەو کەسەی هەرگیز درۆی لەگەڵ خۆی نەکرد

ئاسۆس هەردی

کەم کەسم دیوە ئەوەندەی ئەحلام مەنسوور لەگەڵ خۆیدا راستگۆ بووبێت. ئێمە هەموومان لە ناخەوە دوو کەرت و دوو پارچەین! دوو کەسین لە یەك کەسدا! لەرووی مەنتیق و تیۆرییەوە باوەڕمان بە زۆر شت هەیە و زۆر بەهای مرۆڤانە و سەردەمییانەمان پێ قبووڵە و داکۆکیی لێدەکەین. بەڵام کە دێتە سەر ژیانی واقیعی و هەڵسوکەوتی رۆژانەمان لە کۆمەڵگەدا، لە زۆر کێشەدا، بەتایبەت لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، جورئەت ناکەین لەو چوارچێوانە دەربچین کە دابونەریتە کۆن و دواکەوتووەکان بۆیان دیاری کردووین.

بۆیە هەموومان رۆژانە و لە زۆر هەڵوێست و رووداودا، درۆ لەگەڵ خۆمان دەکەین. رەفتارێك دەنوێنین کە هیچ بڕوامان پێی نییە و بەڕاستی نازانین، گلەییش لەخەڵکی تر دەکەین کاتێك هەمان رەفتار دەنوێنن.

راستگۆی ئەحلام مەنسوور لەوەدا بوو، هەرگیز وەك ئێمە درۆی لەگەڵ قەناعەتەکانی خۆی نەکرد. چۆن لەرووی تیۆریی و مەنتیقییەوە لە دابونەریت و کولتووری دواکەوتوو یاخی بووبوو، ئاواش لە ژیانی

رۆژانەیدا بەو پەڕی قەناعەت و جورئەتەوە، هەمیشە وەك كەسێكی یاخی ژیا. هەرچەندە ئەم راستگۆییە زۆر گران لەسەری كەوت، كێشەو ململانێ و هاوڕێ و هاوڕای درۆزنی زۆر تووش كرد، بەڵام ئەو هەرگیز كۆڵی نەدا و ئامادە نەبوو دەستی لێهەڵگرێ و درۆ لەگەڵ خۆیدا بكات.

من ئەحلام مەنسوورم لەرێگەی چیرۆك و هەندێ لە دیدار و گفتوگۆكانییەوە دەناسم. بۆ من ئەو ناوێكی گەورە و یاخییەكی گەورە بوو. بۆیە خۆشبەختییەكی گەورەبوو كاتێك لەناكاو رۆژێك لە رۆژانی سەرەتای ساڵانی( ٢٠٠١– ٢٠٠٢) كتوپڕ خۆی كرد بە ژوورە بچكۆلەكەی رۆژنامەی (هاوڵاتی) دا و بێ هیچ پێشەكی و سەرەتایەك وتی: (( من بڕیارم داوە بێمەوە لە كوردستان بژیم. ناچم بۆ لای هیچ حیزب و ناوەندێك، دێم لە هاوڵاتی كار دەكەم)). ئەوە بۆ من و هاوكارەكانیشم، شانازییەكی گەورە بوو. لێرەشەوە ئەو دەرفەتەمان بۆ رەخسا، لە نزیكەوە بیناسین. رەنگە یەكێك لە خۆشبەختییەكانم ئەوە بووبێت، كە ئەو دەرفەتەم دەستكەوت و ئەو ژنە یاخیی و راستگۆ و ئازایەم لەنزیكەوە ناسی.

رۆحی شاد و یادی هەمیشە زیندوو بێت.

## ٥- ئەحلام مەنسوور لەگەڵ ئەڵوەندا هات و لەگەڵ ئەودا کۆچی کرد

### د. هەڤاڵ ئەبوبەکر

کچێك بەبڕابوون بەو بیر و تێکست و بانگەشانەی سەردەمەکەی خۆیی‌و پێش خۆیەوە هات و لە (خانەقین) ی جوانەوە، خۆی بە بەشی کوردی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی (بەغدا) کرد، کچێکی هۆشیار، کراوە، خوێندەوار، زمانزان. زەمەن هات و زەمەن ڕۆیشت، ئەم ژنە کوردە گەڕایەوە بۆ کوردستان‌و لەگەڵ سەرەتای دامەزراندنی بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی (زانستەمرۆڤایەتییەکان)، لە ساڵی (٢٠٠٠) دا ، بووە مامۆستای یاریدەدەر. ئەزمونێکی زۆری لە شێوازی مامەڵەکردنی مرۆییانە و هاوڕێیانەدا هەبوو. کارێکی زۆری لە بواری ژانرە ئەدەبیەکان و بەتایبەتیش چیرۆکدا کردبوو، ئەزموونی لە کاری ڕۆژنامەگەریی چاپکراودا هەبوو، زمانەکانی کوردیی و عەرەبی و فەرەنسی بەباشی دەزانی، ئەزمونی فەرەنسایشی هەمیشە لە بیردا بوو کە بۆ ماوەیەك تێیدا ژیابوو. مرۆڤێکی ئازابوو، خەم و خولیا و خواستی هەبوو، هەمیشە بە دوکەڵی جگەرەکەی بیرەکانی دەنەخشاند، خەیاڵەکانی بەرز دەفڕین و خۆزگەکانی دەبوون بە هەور و لەگەڵ هیواکانیدا دەبارین، ئەو لەگەڵ هەمووان هاوڕێ بوو،

ڕاستگۆبوو، ئەوەی لەناخیدا بوو لەسەر زاری بوو، ماوەیەکی زۆر لەگەڵ نووسین و وانەوتنەوە و کۆڕ و چالاکییە جۆراوجۆرەکانیدا، لەم بەشەدا مایەوە، تا بەم دواییانە چووە بەشی زمانی کوردی. ژنێك کە تا مردیش وەك پێویست لێی نەگەیشتن، کەم گوێیان بۆ دەگرت و زۆر بۆی دەدوان، ڕۆحیان وەکو ئەڵوەن بریندارکرد بوو، ئەو هەر پێدەکەنی، زۆر ڕێگایان لێگرتبوو، ئەو هەر دەڕۆیشت. ئەو قوربانییەکی تری دەستی کایەی ڕۆشنبیریی کوردی بوو، کە بەکراوەیی خۆی دەرگایان لەسەر داخستبوو، دەیخواست دنیا وەکو ئەو دیمەنە بێت کە ئەو وێنایی کردبوو، لە ڕۆحی زۆرمانەوە نزیك بوو، وەك ئاو دەروونیی وشکی پاراودەکردینەوە و ورەی بە بیر و جوڵەی بە هەنگاوەکان دەبەخشییەوە، نەدەکەوت، چونکە گرەوی سەرکەوتنی کردبوو، نە دەچەمییەوە، چونکە رۆحی لە داربەڕوو خواستبوو. ئەوەی دەیتوانی دەیکرد، بەڵام هەمیشە دەیانوویست ئەوە بکات کە ناتوانێت، بۆ ئەوەی گرەوەکەی نەباتەوە. لەگەڵ خوێندکار و کارمەند و مامۆستاکاندا نزیك و هەمیشە لە خەمی ئەو باجیانەدا بوو، کە باجی ژیان لەو خراپتری لەگەڵدا کردبوون، هەمیشە بە (ئەحلام حەیاتی) بانگم دەکرد، هەموو ڕۆژێ ڕاکانی خۆی دڵسۆزانە و بێڕتووش لەسەر کارەکانم دەوت، هانی دەداین، کۆڵنەدەین و ئەو هەمیشە خۆی لە هەموو پیاوەکانی دنیا بە پیاوتر دەزانی، ئەو پێی وابوو پیاو ناوە بۆ پیاوەتیی، نەك بۆ ڕەگەزی مرۆیی، ئەو پڕ بوو لە پێزانین و پیاوەتی.

## ٦- جێگات بەهەشتی بەرین بێت

## عالییە عەبدولکەریم مودەڕیس

هەر بە بیستنی کۆچی دوایی هاوڕێیی ئازیزم خاتوو ئەحلام مەنسوور، دنیام لەبەرچاوکەوت ، خەو لە هەردوو چاوم بەتەواوەتی یاخی بوو. بەیانی کە هەستام هەر وەك مرۆڤێکی بێئاگا وابووم. دڵم زۆر تەنگ بوو، بەوەی باش بوو، هەتا توانیم گریام. بەڵێ، گریام ئەو تەمەنەی کە پێکەوە بردمانە سەر لە زانکۆدا. ناحەقم نەبوو، چونکە ئەحلام هەرچی لە ڕاستیی دڵ و دەروونی پاکی ئەو تێگەیشتبووم، ئەویش لە من گەیشتبوو. بۆیە من دەمزانی ئەو تا بڵێی ئافرەتێکی ڕۆشنبیر و ئەدەبدۆست و ڕاستگۆ بوو، چ لەگەڵ خۆی، چ لەگەڵ کۆمەڵگە دواکەوتووەکەی، بەڵام کۆمەڵگەکەی بە چاوی یاخیبوون سەیریان دەکرد و بە شێت دەیاندایە قەڵەم.

بەڵام لە راستییدا ئەحلام ، یاخی نەبوو لە کۆمەڵگە، بەڵکو یاخی بوو لە هەندێ بیروباوەڕ و خوورەوشتی دواکەوتووی کۆمەڵگەکەی، کەوا تاڕادەیەك باڵی کێشابوو بەسەر هەندێ لە خەڵکان، کە بە چاوێکی کوێرانە دەیانڕوانییە ڕۆشنبیران. بەڵێ بەسەر ئەوانەدا کەوا بەڕاستی

لەگەڵ ئازار و دەردی کۆمەڵگەدا بوون و دەیانویست کۆمەڵگە لەو دەردە کوشندەیە رزگار بکەن.

ئەحلام یەکێك بوو لەو رۆشنبیرانە، کە دەیوست بە هەوڵ و کۆششی کۆمەڵگەی رزگار بکات و لە تاریکی دەری بکات و بەسەر دانەواندن و دڵێکی پڕ لە بڕوابوونەوە تێکۆشان بۆ کۆمەڵەکەی بکات .

من ئەوم زۆر بەباشی دەناسی و دەمزانی کە ناتوانێت بەتەواوەتی بە زمانی کوردی قسە بکات، کە یەکەم رۆژی چوونمان بۆ دانیشگا پێکەوە بووین. ئەحلام بە هەوڵ و خەباتی خۆی توانی بە تەواوەتی خۆی فێری نووسین و خوێندنەوەی زمانی کوردی بکات و ببێتە نووسەرێکی بەتوانا. دەتوانم بڵێم ئەحلام چ لەبارەی رۆژنامەگەریی و چ لە بواری نووسینی چیرۆك و رۆمان و چ نووسینی بابەتی ئەدەبییەوە، سوودێکی باشی گەیاندە کۆمەڵگەکەی.

ئەحلام هەر وەکو دیوارێکی پۆڵایی خۆی گرت و لە هەوڵ و تەقەلا نەکەوت، هەر بەوەشەوە نەوەستا و منداڵە ئازیزەکانی کوردستانەکەی بێبەش نەکرد و چیرۆکی ئامۆژگاریی بۆیان نووسیی. بەتایبەتیش لە گۆڤاری رەنگینی(رەنگیندا ) بەناوی (دادە ئەحلام)ەوە، چەندین چیرۆك و وانەی بەنرخی پێکەشی منداڵان کرد.

ئەم ئافرەتە ئازا و رۆشنبیرە توانی تاڕادەیەکی باش و بەرز خزمەتی ئەدەب و نووسینی کوردی بکات و قوربانی بدات، هەر چەند دەمبینی دەموت ئەحلام گیان بەڕاستی جێگای شانازیی ئافرەتی کوردیت و لە ریزی ئافرەتە ناودارەکانی جیهان و ئافرەتی کوردیت.

ئەویش دەیوت:(( عالییە گیان، مەگەر هەر تۆ لە من بگەیت و دان بە مافمدا بنێیت. بەڕاستی تۆ لە من گەیشتوویت. بۆیە بەو شێوەیە دان بە مافمدا دەنێیت و دەڵێی لەناو دەروونمدایت، خۆزگە هەموو مرۆڤێك وەك تۆ نرخی مرۆڤی رۆشنبیریی بزانیایە)).

ئیتر بەداخەوە پاش ئەو وتوێژە نەمبینی و ئەو چاوپێکەوتنەم بۆ دواجار بوو. خوات لەگەڵ ئەی هاوڕێ رۆشنبیر و لەیادنەچووەکەم. بەهەشت جێگەت بێ

## ٧- مامۆستا ئەحلام مەنسوور

### د.سالار باسیرە

ئەو کاتەی گەڕامەوە وڵات، رۆژێکیان لە زانکۆ چوومە کتیبخانەی کۆلێج و لەوێ ژنێکی ئێسکسووك و قسەخۆشم بینی لە پشت مێزێکەوە دانیشتبوو. دۆلکەیەکی ئاوی لە تەنیشت خۆییەوە دانابوو، جاروبار پەرداخێك ئاوی دەخواردەوە و جگەرەیەکیشی بە دوایدا دەکێشا. سەیرێکی کردم و لێی پرسیم من کێم؟

بەم شێوەیە ئاشنا بووین بە یەکتر و لەو کاتەوە ژنێکی نوسەر و سادەو مامۆستایەکی زانکۆم ناسی بە ناوی ئەحلام مەنسوور. جاروبار لە کتێبخانەکەیدا سەردانیم دەکرد و بیروڕامان دەگۆڕییەوە لەسەر سیاسەت و زانکۆ و ئەدەب.

هەر زوو ئاماژەی بە موعاناتەکانی خۆی دا، لەگەل دەسەڵاتی سیاسیی هەرێم و کۆلێجەکەی. هەر لە گواستنەوەی کۆپۆنی وەرگرتنی خواردەمەنی لە (خانەقین)ەوە بۆ سلێمانی، هەتا زۆرێکی تر لە ناڕەحەتییەکانی ژیان. بەیانییەك لە کتێبخانەکەی کە جاروبار لەوێ بە شوێن کتێبدا دەگەڕام و کتێبم تێیدا دەخوێندەوە، بینیم بێتاقەت و تورەیە. پرسیم ئەوە بۆچی بێتاقەتیت دادە ئەحلام؟ وتی:(( راگری کۆلێج

مامەڵەی باشی نەکردووم و قسەی ناخۆشیی بەرانبەرم کردووە)). دادە ئەحلام کەسێکی خۆشەویست بوو لە نێو خوێندکارانیشدا. زۆرێك لە خوێندکارە کچ و کوڕەکان دەوریان دەدا و بیروڕایان لەگەڵ دەگۆڕییەوە.

ماوەیەك دواتر هۆکاری ئاو زۆر خواردنەوەی هاوپیشەکەمم زانی، بەهۆی نەخۆشیی شەکرە و فشاری خوێنەوە بوو، کە دواتر بووە هۆی کۆتایی هێنان بە ژیانی ئەم ژنە مەزنە، بەڵام خەفەت و بێتاقەتیی و تەنیایشی هەبوو، نەك بێهیوایی و رەشبینی. کتێب و نووسین و خوێندنەوە و بیرکردنەوە لە هاوڕێ دڵسۆزەکانی ئەم بوون. بە (دادە ئەحلام) بانگم دەکرد.

کەسێکی کراوە بوو، کۆنزەتیف نەبوو. ژنێکی ئازا و بە هەڵوێست بوو، بە پێچەوانەوەی زۆرێکی تر لە راگر و مامۆستاکان دوای بەرپرسە حیزبییەکان نەدەکەوت لە پێناوی پۆست وپارەدا. باری دارایی باش نەبوو. پێی دەوتم دەڵێن لە (لوبنان) نەشتەرگەری دەکرێت بۆ چاکبوونەوەی نەخۆشیی شەکرە، بەڵام دەیوت پارەی ئەوەم نییە. لە (ئەڵمانیا) بووم بەیانییەك رووانیمە سایتەکان و بینیم جەڵدەیەك لەم هاوڕێیەمی دابوو. خۆشبەختانە لەسەر ژیان مابوو ، خۆی تەسلیم بە مردن نەکرد. بەڵام بەردەوام لە شەڕی نێوان نەخۆشیی و ژیاندا دەژیا. بەڵام رۆژگارێك هات مردن چاوەڕێی دەکرد و لەگەڵ خۆیدا بێرەحمانە بردی. جاروبار وا بیردەکەمەوە لەوانەیە دادە ئەحلامی هاوڕێ و هاوپیشەم تەنیا لە مردندا ئارامیی ناخ بدۆزیتەوە.

چەندە تاڵ و بە ئازارە ئەم جۆرە کەسانە ئەوەندەی لەسەر ژیانن پشتگوێ بخرێن و تەنیا کاتێك دەمرن پاداشت دەکرێن. دادە ئەحلام رۆیشت و جێی هێشتین، بەڵام زۆرێك لە فیکر و ئەدەب و هەڵوێست و جورئەتیشی بۆ ژیان و بۆ سیاسەت بۆ بەجێهێشتین. مامۆستا ئەحلام بە تەنیا ژیا و بە تەنیاش ماڵئاوایی کرد. ئێستاش ئومێد و زەردەخەنەی سەر لێوەکانی دەبینم. من داوا لە کاربەدەستانی زانکۆ و هەرێم دەکەم سەنتەرێکی توێژینەوەی بوارەکەی مامۆستای کۆچکردوو بکەنەوە بە ناوی خۆییەوە وەك رێز و هەروەها بۆ مانەوەی ناوەکەیی و وەفایەك بۆ مامۆستا ئەحلام مەنسووری نوسەر و مامۆستای زانکۆ.

ئەو رۆژەی سەرۆکی زانکۆی سلیمانی (د. کەمال خۆشناو) بە نێو زانکۆدا برا و دواتر بۆ شوێنی بەخاکسپاردنی بینیم مامۆستا ئەحلام لە دڵەوە بە خوڕ دەگریا، لێرەدا هەست و سۆزی ئەم ژنە مەزنەم بینی بۆ هاوپیشەکانیشی.

## ٨– شیوەنێك بۆ ئەحلام مەنسوور

### نەبەرد فوئاد

دادە ئەحلام گیان سەفەری یەکجاریت کرد و چوویتە دوا مەنزڵگەی خۆت. نازانم بەفر چۆن شەرمی نە دەکرد کە بەر تابوتەکەت دەکەوت. نازانم بۆ کەس شەرمی نەکرد پاش چەندین ساڵ لە خوێندن و نووسین، چەند کەسێك بە پەنجەی دەست دەژمێردران تۆیان بە رەو ماڵە هەمیشەیەکەت بەڕێکرد. نازانم بۆچی ئەندامانی (یەکێتی نوسەران) کەم کەسیان لەوێ بوون. بۆ خزمەتت کەم کرد؟ کەمت نووسی؟ ڕێچکە شکێن نەبووی؟

ئافرەتێك لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکاندا دەستی بۆ شتە تابووەکان بردبێت تۆ بووی دادە ئەحلام گیان . ئەحلامە بێناز و بێکەسەکەم، هەمیشە پێت دەوتم من نامرم، چونکە لە مەرگ ناترسم. دەتوت هەرچەندە بێکەسم، بەڵام نووسین و کتێبەکانم کەسمن. دادەکەم بیرمە لە بەر خۆرەتاو دادەنیشتین ، دەتوت ئەوەی نوسەر بێت و بیەوێ ڕێچکەشکێنی بکات، خەڵك بەجۆرێك لێی دەڕوانن...

زۆر زوو کۆچت کرد، زۆر دادەکەم تۆ هەمیشە پێت دەوتم کوڕەکەم خۆزگە لە منداڵدانی مندا ئەو تۆ مانگەت بەڕێ بکردایە. ئەی من چیت پێ بڵێم دایکە خۆ تۆ منداڵت نەبوو، بەڵام ئەوەی تۆ وانەت پێوتوون منداڵی تۆن. ئەوەی رۆمانی (ئەلوەن) ی خوێندبێتەوە منداڵی تۆیە.

دادە ئەحلام گیان بۆ کۆچت کرد خۆ بڕیار بوو من کارەکتەری رۆمانە تازەکەت بم. بۆ هەمیشە پێت دەوتم وەرە با جگەرە بکێشین و باسی (خانەقین) و (ئەلوەن) م بۆ بکە. باسی (کۆردەرە) م بۆ بکە، باسی کۆلانی (حاجی قەرە) م بۆ بکە، چونکە تێیدا لە دایك بووی. بۆم باس دەکرد، بەڵام نازانم بۆ بەرپرسە دەوڵەمەندە خانەقینەکان کەسیان ئاوڕێکیان لە تۆ نەدایەوە ...

ئەحلام گیان هەرگیز ئەوەم بیر ناچێت شەوێك لەم شەوانە بوو، وتت وەرە لام بخەوە رەنگە بمرم، نەمتوانی بێم دەزانم ئێستا دڵە لەکار کەوتووەکەت پێم دەڵێ گازەندەم لێت نییە نەهاتی، چونکە دەترسایت کۆمەڵگە بڵێت ئەحلامی نوسەر ، کوڕێك لای خۆی دەخەوێنێت.

تاوەکو ئەو رۆژەی منیش دەگەمە لات بیرم ناچێت، دەتوت کرێ خانوو منی کوشتووە، زۆر جار دڵم بە شتێکەوەیە ناتوانم بیکرم، چونکە کرێ

خانووەکەم زۆرە. حکومەت بەو پارە زۆرەوە نەیتوانی ژوورێکت بۆ دابین بکات . خۆ تۆ ڤێلات نە دەویست تەنها یەك ژوورت بەس بوو بۆ ئەوەی خۆت و کتێبەکانت بە ئاسودەیی بخەون، بەڵام داخەکەم تا مردی نە کتێبەکانت و نە خۆت لە ماڵی خۆتاندا نە خەوتن، چونکە هەر دەربەدەر بوون .

ئەحلام مەنسوور، باشم لە یادە جارێکیان وتت موچەم وەرگرتووە ئەم پارە کەمەم لێوەربگرە و برۆ کتێب بکڕە، ئەگەر نا ئەگەر مردم کتێبەکانم بۆ خۆت بەرەوە مەهێڵە کەس بیبات. بۆ لەم هەرێمە رێزی خوێنەر و نووسەر دەگیرێت؟ مەگەر ئەو نووسەرە خوا پێداوانەی کە بۆ پاشاکان دەنوسن و خامەکانیان دەدەنە دەست بەرپرسەکان دەڵێن بنوسە.

بیرمە زۆر جار کەسێك بوەستایە پێت دەوتم "بیلە حالی نەوت" با بە (خانەقین) ی قسە بکەین . بیرتە وتت دەیانەوێ پەیکەرم بۆ دروست بکەن، وتم کەی دروستی دەکەن؟ وتت با بمرم ئەوجا دروستی دەکەن. ڕاستت فەرموو دادە گیان، چونکە ئێمە زیندووکوژ و مردووپەرەستین، بۆیە دڵنیا ببە دوای مردنت هەر جارە و کەناڵێك و وێب سایتێك قسەت لەسەر دەکات. من لە پاش باران فەرەنجیم بۆ چییە؟!

تۆ بووی (هێمن موکریان) ی شاعیر عاشقت بوو. تۆ بووی گەورە پیاوانی ئێستات رەت دەکردەوە بەوەی ئەوانت خۆش ناوێ، کەچی هەنووکە ئەوان بە دوای مۆدێلی ئۆتۆمبیلەوە دێن و دەچن.

ئەو رۆژە لە بیرمە دەگریایی، فرمێسك بە روومەتە چرچ و لۆچەکانتدا دەهاتە خوارەوە، کە پێم وتی بۆ دەگریت ؟ وتت :((لە زانکۆ بێزانستەکەی (سلێمانی) پێیان وتم زۆرلەگەڵ خوێندکارەکانت قسە مەکە، مەیەرە بەر خۆرەکە. ئەی منیش ناتوانم جگەرە نەکێشم لە ژوورەوەش ناهێڵن جگەرە بکێشم.بۆ کوێ بڕۆم؟))

بڕۆ ئەحلام گیان بڕۆ بنوو بڕۆ، بەڵکو لەوێ رێزت لێبگرن. بڕۆ لەوێ بۆ ئەبەد بژی بەس نییە لەوێ کرێ خانووت لێوەرناگرن، بەس نییە رێگریت لێناکەن بەس نییە.

## ٩- بمانبەخشە دادە ئەحلام

### م. سامان بەهمەن

ئێمە قەدر زانی ئەحلامەکانی خۆمان نەبووین.

تۆ چێشتەنگاوێك،

لە کۆنترین کوچەی دونیادا،

لە دایك بوویت،

لە شارێك کەوتیتە سەرپێ.

بۆنی مردن و خوێنی لێدەهات.

خۆت لە ئاوی رووبارێك هەڵکێشابوو.

یاخی لە گشت جەلادەکانی دونیا

هاتیت و دەریایەك لە خەون و ئومێدت،

لەگەڵ خۆتا شار بەدەرکرد و کە چوویتەوە

بۆ ئەبەد لەویَ مایتەوە،

وەلیَ ئەفسووس نیشتمانێك  غەم و کەسەرت لە رۆحتا

هەڵگرت و تۆیەك لە جنسی (با)،

خانمێك بێئۆقرە،

پێنووسێکی سەرشێت و یاخی،

لەگەڵ کەسدا هەڵت نەکرد،

سیگار و دوکەڵی شین نەبێت،

تا بۆ هەمیشە

نیشتمانێك نەبوو سێبەریکت بۆ بکات،

ماڵێکی چکۆڵە نەبوو لە پاڵیا هەدادانێك بدەیت،

بمانبەخشە تۆ بۆ هەمیشە ئاوابوویت.

هەموو شتەکانت خامۆش بوون،

وەلیَ ئێمە قەدری هیچی تۆمان نەزانی،

هێندەی دڵۆپێك ئاو لە بارەی تۆوە هیچ بەڵەد نەبووین.

چون یەکێك لەو نەگبەتیانەی بەرۆکی کورد بەرناتدات لەوەدایە هەرگیز نەیزانیوە، کەڵە پیاو و کەڵەژن و کەڵە نووسەر و غەمخۆرەکانی خۆی بناسێت. نەگبەتی لەوە گەورەتر لەوە دایە ئەم جۆرە مرۆڤانە درەنگ درەنگ لەناو مێژووی ئێمەدا لەناو دین و دەڕۆن. مێژوو گەواهی ئەوەی داوە، تا (مەحوی) یەك و (نالی) یەکی ترمان هەبێت، پێویستمان بەهەزار ساڵی ترە،تا (مەستورە) و (ئەحلام) یکی ترمان بۆ لە دایك بێت سەختە زۆر سەخت.هێشتا فێرنەبووین بۆ کێ بدەین لە سینگ، ئاخ بۆ کێ هەڵکێشین و بۆ کێ فرمێسك هەڵبڕێژین. زمانمان درێژە بۆ پیاهەڵدان و ستایشکردن، فەرهەنگمان پڕە لە وشەی بریقەدار بۆ لاوانەوەی مرۆڤ. بەڵام نازانین ئەمانە بدەینە پاڵ کێ؟!

لەم وڵاتەدا زۆر لە شاعیر، هونەرمەند ، نووسەر، مرۆڤی دڵسۆزمان بینی کەس قەدریانی نەزانی، تا مردن هەر بەشیان مەینەتیی و ماڵوێرانی بووە! تا زیندوویشن نازانین چۆن ژیان دەگوزەرێنن و لە کوێ دەمرن! کە مردیشن، بۆخۆشی دوای تەرمەکەیان دەکەوین و لە هۆڵێکی پیس و پۆخڵاواتدا چلەی فش و فاڵیان بۆ دەکەین. گشتمان وەکو کۆرس جلی رەشیان بۆ لەبەر دەکەین، دەست دەگرین بە لووتمانەوە، بە کلێنسی رەنگاوڕەنگ، فرمێسك و دۆریان بۆ هەڵدەڕێژین. زۆرن لەئەمانە نامەوێت ناوی کەسیان بهێنم، خامەی من بەشی هەموویان ناکات. دەمەوێت تەنیا باسی (ئەحلام) بکەم کە مشتێکە لەو خەرواره. ئەو کچەی بیری چوو بۆ خۆی بژی، بە پێنووس و دڵ و وشەی فیریاکەوتن خەمخۆری گشتمان بوو.

بۆ گەورە و بچووکی ئەم نیشتمانە بە وشە بە پێنووس و نووسین و چیرۆکەکانی کەمی نەکرد، کەسمانی بیر نەچوو.

دادەی هەموو منداڵە ئاخر سیاو بێنەواکانی ئەم خاکە نەبوو! سەبوری گشت دایکە جەرگسووتاوەکان بوو! غەمخۆری کچان و ژیانی شار و لادێ بوو، گشت تەمەنی تاڵ تاڵ بۆ وڵاتەکەی سپی کرد. تەنانەت قەندیل و گەریلا سەربەرزەکانی لەبیر نەچوو، خۆی پێیان دەڵێت:(( خۆشم دەوێن تکا دەکەم مندادەی ئێوەم، وەك جاران تەمەن رێم نادات، بێم لەگەڵتان بجەنگم)).

نازانم (دێ بۆڤوار) ی فەرهەنگییەکان هێندەی (ئەحلام)ەکەی ئێمە بۆ وڵاتەکەی نەکرد؟ بۆتە وێردی سەر زمانی گشت فەڕەنسییەکان و هەزارەها شانۆگەریی و فیلم و کتێبیان لەسەر دەرکردووە. یان بە پێنووسەکەی لە ( ژاندارك) کەمتری نەکرد. فەرەنسییەکان شانۆیان بۆ

کردووە و هێشتا خۆیان بە قەرزباری دەزانن، فەڕەنسایان لە پەیکەر و وێنەی ئەمانە هەڵکێشاوە. تۆ چیت لە ئەمانە کەمتر بوو، تەنیا ئەفسووس دەڵێم بمبورە، ئەگەر لەم خاك و وڵاتە گەورەیە نەبوویتایە، هی هەر وڵاتێکی تر بوویتایە ئێستا پەیکەریان لە زێڕ بۆ دروست دەکردی و هەزارەها کتێب و شانۆنامەیان لەسەر دەنووسیت.

## بەشی دووەم

## باسی یەکەم:

## ئاوارەبوونی هێمنی شاعیر و دۆستایەتی لەگەڵ ئەحلام مەنسووردا

هێمن (سەید موحەمەد ئەمینی شێخەلیسلامی موکری)، (١٩٢١– ١٩٨٦) ئەوەی کە کەم تا زۆرێ شارەزای لە ئەدەبی کوردیدا هەبێت، بەدڵنیاییەوە ناودەنگی ئەم شاعیرەی بیستووە و گەیشتووە بەو راستییەی کە هێمن لە ریزی شاعیرە هەر بەرز و مرۆڤدۆست و هەستناسکەکانی سەدەی بیستەمە.

ئەوەی کە گرینگە ئەوە نییە، بێم باسی زۆر لایەن لە ژیان و بەرهەم و هەڵوێست و نیشتمانپەروەریی ئەم شاعیرە بکەم، من کارم بە ئەمە نییە، بە هۆکاری ئەوەی پێنووسی زۆر لە نووسەران و توێژەران بەدەوری ئەم باسەدا خولاوەتەوە، بەڵام ئەوەی کە پێویستە بگوترێ هێمن:(( شاعیری ئازادیی و خۆشەویستی، داربەڕوویەکی هەڵچوو، رەگی بەناو کەندولەندی نیشتماندا رۆچووە، لەسەر ریشەیەکی توند بەندە. بە ئەزموونێکی دوور ودرێژەوە شارەزای دەروونیی گەلەکەیەتی، لەگەڵ ئازارەکانیدایە، لەگەڵ

چرۆی هیوادا دەژی. لەو شاعیرانەیە کە ناوی نەتەوەکەیان دەکەنە نازناوی خۆیان، چۆن کە وتمان (جەواهیری) دەڵێن: شاعیری گەورەی عەرەب، یان کە وتمان (نازم حیکمەت) دەڵێن: شاعیری گەورەی تورك)).[1]

((چەوساندنەوەی نەتەوەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن (محەمەد رەزا شا)ەوە، لە نیوەی دووەمی سەدەی رابردوودا، گەیشتە لووتکە، بەجۆرێك بۆ شاعیرێکی وەکو (هێمن) درێژەدان بە ژیان لە سایەی ئەو رژێمەدا بوو بە کارێکی قورس و دژوار، بۆیە لە ئاکامدا خۆی

١– هێمننامە، ئامادەکردنی د. عوسمان دەشتی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر ٢٠٠٩، ل: ١٢٥

٢– سێکس و گۆشەگیریی و پیری لە شیعرەکانی هێمندا، د. فەرهاد قادر کەریم ، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە( ٢٣) حوزێرانی (٢٠١٢)، ل: ١١٧

دەڵێت: ناچار بە پیری سەری خۆم هەڵگرت و بەداری دەستی رووم لە وڵاتی غەریبایەتی کرد و دەستم لە ژن و ماڵ و کەسوکار و یار و دیار هەڵگرت)).[1]

هێمن لە تەمەنی (٤٧) ساڵیدا، واتە لە ساڵی (١٩٦٨)، زێدی خۆی جێدێڵێت و روو لە وڵاتی غەریبایەتی دەکات و لە کوردستانی عێراق و بەتایبەتیش (بەغدا) دەگیرسێتەوە و لەگەڵ ژیانی نامۆیی و ئاوارەییدا خۆی دەگونجێنێت.

هێمن نامۆیە:(( بەڵام خۆی نەبەستووەتەوە بە مەسەلەیەکەوە، پشتی تێناکات و خۆی دانابڕێ، یاخود لە کۆمەڵ دانابڕێ ، خۆیشی ئەندامێکی هۆشیارێتی، دەیەوێ بوونی گەلەکەی بپارێزێ، شیعری بەرگری بۆ دەڵێ، کەوا بوو هەمیشە شیعرەکانی نوێ و زیندوون، شیعری نوێش بۆ هەموو مرۆڤ نوێیە)).[2]

بە بڕوای من ئاوارەیی و دوورکەوتنەوەی شاعیر لە زێد و وڵات و خزم و کەسوکاری خۆی تەنیا قازانجێك کە بۆی هەبووبێ و گەیاندبێتییە ریزی

١–هێمننامە، ئامادەکردنی د. عوسمان دەشتی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩، ل: ١٣١

شاعیرە بەرزەکانی سەدەی بیستەم  لە دایکبوونی چەندین دەقی باڵای داهێنەرانەی ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦٨–١٩٧٨)یە . بەراود بە ئەوەی شاعیر لە وڵاتی کوردەواریی خۆیی و لە نزیك  دۆست و ئازیزان و خزم و کەسوکاریدا دەقی داهێنەرانەی کەمترە.هێمن لە ژیانی ئاوارەییدا  ورە لە ژیان بەرنادات، بەڵکو هێشتا ئومێد و ئاسۆی هەیە و لە رێی ئەدەبەوە دەیەوێ خزمەتی نەتەوەکەی بکات و لە پێناویدا تێبکۆشێت. بۆیە لەگەڵ زۆرێك لە لاو و شاعیر و ئەدیبە کوردەکاندا،  وەکو:( محەمەد موکری، حەمەی مەلا کەریم، د.عێزەدین مستەفا رەسووڵ، کاکەی فەلاح، مستەفا نەریمان، خاتوو ئەحلام مەنسوور، دیلان و کامەران موکری و هتد)، ئاشنایەتی و دۆستایەتی پەیدا دەکات،  کە ئەمە وا  لە شاعیر دەکات هەست بە غەریبایەتی نەکات و وەکو وڵاتی خۆی بێخەم و کەسەر لەناو هاورێ و دۆستەکانیدا بژێت، بەو پێیەی دۆست و هاورێکانی جێی خزم و کەسوکارەکەی بۆ دەگرنەوە.

شاعیر لە ساڵی (١٩٧٠)  لە زۆرێك لە رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا دەست بە شیعر و وتار نووسین  دەکات  و  ساڵی (١٩٧٣) لە کۆری زانیاریی کورد وەکو ئەندام دەستبەکار دەبێت  و خزمەتێکی زۆر بە ئەدەب و فەرهەنگی کوردی دەکات. ناوەناوەیش هاتوچۆی کوری

زانیاریی دەکات و لەوێ ئەحلام مەنسوور دەناسێت، کە ئەو دەمە ئەحلام، لەگەڵ ئەوەی تەمەنێکی کەمی هەبووە و سەرەتای کاری ئەدەبیی بووە، هەر زووش ئاشنایەتی لەگەڵ شاعیردا پەیدا دەکات، ئەحلام خۆی دەڵێت:(( ساڵی (١٩٧٤) لە کۆڕی زانیاریی، یان دەزگەی رۆشنبیریی بوو، مامۆستا هێمن پەنابەر بوو لە (بەغدا) خۆشی ئەندام بوو لە کۆڕی زانیاری کورد و هاتوچۆی ئێمەی دەکرد. هەرچی شیعری دەنووسی بۆی دەهێنام، دەیگوت: ئالام* ئەمەم نووسیوە، ئەلان* بیخوێنەوە.دەمخوێندەوە، بە بەردەوامی هەفتەی جارێك دوو جار یەکترمان دەبینی. پیاسەمان دەکرد، دەمانخوێندەوە و دەماننووسی. شتی خۆم بۆ دەخوێندەوە. دەیوت: تۆ پێش میللەتەکەی خۆت کەوتوویت بە (٥٠) ساڵ. تازە تۆ پاشگەز دەبیتەوە لە کێشەی خۆت،

لە هەڵوێستە رەهاییەکانی خۆت و نە ئەو میللەتەیش بە ئاسانی دەگاتە تۆ. هەر جیاوازیتان دەبێت و تا مردن تۆ مەینەتی دەکێشی)).[1]

---

*ئالام: بە واتای ژان دێت، کە ئەحلام خۆی دەڵێت: مامۆستا هێمن پێی وتم تۆ هەمیشە ژان و ئازاری بۆ من.

*ئەلان: بە واتایئێستا دێت.

١– هێمننامە، ئامادەکردنی د. عوسمان دەشتی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ل:٢٩٥

ئەحلام زۆر جار دەیوت تەنیا پیاو هەبێ هێمنە و بەس، پیاوی وەکو ئەو جوان لە کوردستاندا دروست نابێتەوە، لێرەوە دەبێت بەدوای ئەو سیفەتانەدا بگەڕێم کە لە شاعیردا هەبووە و وای لە کچێك کردبێت تەنیا عاشقی یەك کەس بێت و هەر ئەو کەسەیش بە پیاو و جوان و مرۆڤدۆست بزانێت، کە ئەویش هێمنە.

ئەو سیفەتانەی کە لە هێمندا هەبوون:

١- شارستانیی و چاوکراوەیی

٢- رۆشنبیری

٣- خۆشەویستی بۆ ئافرەتی کورد و ئافرەتانی جیهان.

٤- مرۆڤێکی وجودیی و سەرووی شوعییەت.

٥- مرۆڤێکی شێوەجوان و ناخجوان.

٦- مرۆڤێکی ئازادیخواز.

٧- مرۆڤێکی یاخی.

٨- نازکێشانی کچانی کورد و بەتایبەتیش ئەحلام.

لەلایەکی تریشەوە دەمەوێت ئەو سیفەتانە دیاری بکەم  کە شاعیر لە ئەحلامدا دۆزیبوونییەوە:

١- چاوێك، شاعیر بۆی دەگریا.

٢- شیوعییەکی گیرفان بەتاڵ.

٣- دڵێك شاعیر بۆی لێدەدا و لێوێك شاعیر بۆی پێدەکەنی.

٤- خۆشەویستی شاعیر و ئەدیبان، بەتایبەتیش هێمن.

٥- کچێکی کراوە و یاخی.

٦- بێماڵ و بێسامانی و مەینەتی ژیانی ئەحلام.  کە خۆی ئەو راستییە ناشارێتەوە و دەڵێت:(( ساڵی ١٩٧٤ مامۆستا هێمن وایدەزانی من لە کۆشکێکی گەورەدا دەژیم و ئۆتۆمبێلم هەیە. رۆژێ وتی: ئەحلام باماڵەکەت ببینم. بەڵێ، چووینە سەر پردەکە و سەیری کۆترەکانمان کرد و گەیاندمە ماڵی خۆم، قاپێکی بچووکی تێدا بوو، دوو هێلکەی تیا بوو، حەسیرێك و بەرەیەك راخرا بوو، پیاڵەیەك بۆ چا! مامۆستا هێمن زۆر سەرسام بوو! وتی: نازدار چۆن تۆ لەم مەینەتییەدا دەژی؟! تۆ دەبێ جوانترین خانووت هەبێ. وتم: مامۆستا هێمن من شیوعیم،لەم ژوورەدا گەورەترین کۆبوونەوە دەکرێ. زۆر خەفەتی خوارد. وتم:

مامۆستا هەر مێشکم هەیە، هیچم نییە. زۆری پێخۆش بوو. لەو رۆژەوە زیاتر خزمەتی دەکردم)).[1]

ئەحلام و هێمن هێندە پەیوەندیی هاوڕێیەتیان بەهێز و توندوتۆڵ بووە و ئەوەندە رایەڵی بیری هاوبەشیان لە نێواندا هەبووە، زۆر جار بوونەتە خەمرەوێنی یەکتر و راز و حەز و ئارەزووە تایبەتییەکانیان بۆ یەکتر باس کردووە و بۆشاییە دەروونیی و تەنیاییەکەی یەکتریان پڕکردووەتەوە.

ئێستا بۆچوونێکی باو لەناو رۆشنبیران و نووسەران و خوێنەرانی شیعری هێمندا هەیە، کە دەوترێت شاعیر هەردوو شیعری " ماچی خودایی ١٩٧٦" و " یادگاری شیرین ١٩٤٥" بۆ ئەحلامی نووسیوە. کە لە شیعری یەکەمدا بە ئاشکرایی هەست بە بۆشایی سێکسی دەکرێت. پێم باشە سەرەتا بۆچوون و تێڕوانی هێمن دەربارەی ژن و سێکس وەربگرم کە لەم چوارچێوەدا دەڵێت:(( پیاو وەختێك دەتوانێ ژن دەرك كا، كە ئیزدیواجی كردبێ ، یانی ژنی هەبێ ، ئەو دەمی دەتوانێ دەركی كا .. پێم وانییە لە دڵداریدا پیاوبتوانێ ئەو تەجروبەیە بێتە دەستی

١–هێمننامە، ئامادەکردنی د. عوسمان دەشتی، چاپخانەی رۆژهەلات، ٢٠٠٩، ل: ٢٩٦

وەکوژنداریێك هەیەتی ...... من پێم وایە دڵداری لەگەڵ سێکسدا پەروەردە دەبێ و دەڕواتە لای سەروو)).[1]

هەر بۆیشە سێکس :(( لە بواری ئەدەب و رەخنەی ئەدەبیشدا بایەخی پێدراوە، لەم ڕووەوە لایەنێکی ڕەخنەی ئەدەبی ئەمریکی جەخت لەسەر سێکس دەکات و بە هێزێکی ئاراستەکەر لە ژیان و بەرهەمەکانی نووسەردا دەیزانێت)).[2]

لێرەوە دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی کە بۆچوونی ئەحلام لە بارەی لەدایکبوونی دەقە شیعرییەکەوە بخەمە روو کە دەڵێت:(( من دانیشتبووم لە لای کاکەی فەللاح و مستەفا نەریمان، بە حکومی ئەوەی کە بۆی بڵاوبکەنەوە، هێمن شیعرەکانی دەهێنا بۆ گۆڤاری (بەیان). من لە رۆژنامەی (هاوکاری) بووم. هەر بۆنی مام هێمنم بکردایە دەچووم لەو مجلیسە دادەنیشتم. بەخێرهاتنم دەکرد و ئەملاولایم ماچ دەکرد و باوەشم پێیدا دەکرد. رۆژێ هات وتی: کاکەی فەللاح! ئەم شیعرەم نووسیوە ئەوشۆ، بۆم هێناوی، بۆم بڵاودەکەیتەوە؟ وتی: بەسەر چاو مامۆستا گیان. لەبەر پێی هەستان و شیعرەکەیان لێوەرگرت. کە گەڕایەوە وتی:

---

١- سێکس و پیریی و گۆشەکیری لە شیعرەکانی هێمندا، د. فەرهاد قادر کەریم،گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە( ٢٣) حوزێرانی (٢٠١٢)، ل:١١٩

٢– سێکس و پیریی و گۆشەکیری لە شیعرەکانی هێمندا، د. فەرهاد قادر کەریم، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە( ٢٣) حوزێرانی (٢٠١٢)، ل: ١١٨

ئەتۆ دەزانی ئەم شیعرە بەشێکی لەسەر تۆم نووسیوە؟ وتم: با دەزانم وایە. بەرەبەیانییەك هات سەعات حەوت و نیو بوو، خۆش بوو، وتم: "بەخێربێی" باوەشم پیاکرد وتم: "دانیشە ئیسراحەت بکە" دووەم ڕۆژ هات وتی: "ماچی سینەمایی" م نووسیوە. یەك بڕگە لە "ماچی سینەمایی" لە خوارەوە باسی من دەکات. کە شووم کرد ئەم بڕگەیەی کە ناوی خۆمی لەسەر بوو بڕی.

کە ناوەڕۆکەی ئەمە بوو کە ماچی ئەحلام خودایيە و خۆشترە لەو ماچانەی کە لە سینەما دەیبینین. دەڵێ: ئالام و ئەحلام، یەکی کۆتایی بە ئالامی بە ژان دێت، ئەوی دیش بە ئەحلامی، بە خەون دێت. کە بەختی خۆی لام بوو)).[1]

لێرەوە دەگەم بەو ڕاستییەی کە هێمن شیعرەکەی وەکو دیارییەك پێشکەش بە ئەحلام کردووە، جگە لەوەیش ئەگەر ورد بینەوە دەبینین شیعرەکە تەنیا بۆ ئەحلام نەنووسراوە، بە بەڵگەی ئەوەی ئەحلام خۆی دەڵێت هێمن پێی وتم بەشێکی شیعرەکەم لەسەر تۆ داناوە، کاتێکیش کە شووت کردووە ئەو بڕگەیەم بڕیوە کە باسی تۆی کردووە.سەرباری ئەمەیش بەپێویستی دەزانم رای شاعیر خۆی دەربارەی دەقە شیعرییەکە بخەمەڕوو، کە دەڵێت:(( ماچی کچە سولەیمانییان تێری نەدەکردم بە

١-هێمننامە، ئامادەکردنی د. عوسمان دەشتی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠٠٩، ل:٢٩٥

تەنیا(پێدەکەنێ)، چونکوو باوکانە بوو...ماچی سینەمایی ئەو ماچانەن، کە وەکو بابێك ئەو خەڵکە منیان ماچ دەکرد. ئەمە دانپێدانانێکی جوانی شاعیرە بەوەی ئەویش وەك هەر مرۆڤێکی تر هەست و حەزو ئارەزووی هەیە و پێویستی بە دابینکردنیانە، واتا هەر بە تەنها ماچی باوکانە بۆ مرۆڤ بەس نییە ، بەڵکو بۆ شاعیرێکی ئاوارەو دەربەدەر و هەست ناسکی وەك هێمن

(ماچی خودایی)یش، کە بارگاوییە بە چێژێکی سێکسی، دەبێتە پێویستی)).[1]

لە لایەکی تریشەوە ئەگەر سەرنجی دەقە شیعرییەکە بدەین دەبینین شاعیر (٣٥) جار بە فەرمانی" وەرە" کۆتایی بەدەقە شیعرەکە هێناوە کە بۆشاییە سێکسییەکەی تێدا رەنگی داوەتەوە. کە ئەمەیش بۆ ئەوەیە هەستی دەروونی بکەوێتە رێژگەی ئەو کێشەوە کە دەیەوێ هەستەکەی پێدەربرێ، بەڵام کاتێك لە دەقە شیعرییەکە زیاتر ورد دەبینەوە هەست دەکەم، ئەمە ئەحلام نییە لە شیعرەکەدا، بەڵکو کەسێکی ترە، لە شاعیرەوە دوورە و دەستی پێڕاناگات، جگە لەمەیش شیعرەکە تاسەیەکی خۆشەویستی بەرزی تێدایە لە عەشقی گەنجێك دەچێت، نەك

١- سێکس و پیریی و گۆشەگیری لە شیعرەکانی هێمندا، د. فەرهاد قادر کەریم، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە( ٢٣) حوزێرانی (٢٠١٢)، ل: ١٣٥

پیرێك بۆ ئەحلام. هەر بۆیە وای نابینم ماچی خودایی بۆ ئەحلام نووسرابێ، وەك چۆن (سالم) وەڵامی (نالی) دایەوە، ئیتر وترا (نالی) بۆ (سالم) ی نووسیوە، ئاوایش ئەحلام بە ماچکردنی هێمن لە کۆڕێکی شیعریدا، ئیتر خۆی کرد بە خاوەنی ئەم دەقە. ئەوەتا دەردەکەوێت:

## ماچی خودایی*

وەرە یـــــــــارم، وەرە ئەی تازە یـــارم!

وەرە ئـــەستێرەکـــــەی شەوگاری تــارم!

وەرە ئـــەی شاپـــــــــەڕی باڵی خەیـــاڵم!

وەرە ئـــەی شەو چـــرای روونـاکی مـــــاڵم!

وەرە خـــــاسە کـــەوی رام و کـەویی مــن !

وەرە ئیــــــــلهامەکەی نــیوەشەوی مـــن!

*ئەم شیعرەم بەبێدەستکاریی رێنووس، وەکو ئامانەتێکی زانستی لە دیوانەکەی مامۆستا هیمنەوە، وەرگرتووە

وەرە ئۆخژنی سیـــنەی پڕ گـــڕی مــــــن !

وەرە پیـــرۆزەکـــەی بەرزە فـــڕی مـــن !

وەرە ئاوەنـــــگی سەر پەلکی گوڵی سوور!

وەرە ئاوڕینـــگی گـــەرم و مەشخەڵی نوور !

وەرە ئـــــەی رێـــژنە بـــارانی بەهـــاری !

وەرە شیـــعری تـــــەڕی پڕ وردەکـــــاری !

وەرە ئـــــەی نەونەمـــامی باخـــی ژینـــــم !

وەرە ئـــــەی شاگوڵـــی مێـــرگی ئەوینم !

وەرە کـــــــــاروانکوژەی کـــــاتی بەیانیم !

وەرە بیـــــرەوەی و ئاواتـــــــــــــی بەیانیم !

وەرە ئەی بوت هەتـــــــــــاکو بتپـــــەرستم !

وەرە مەمکۆڵەکـــــــەت بـــــگرم بە مـــــــــستم

وەرە ئەی"خەج"، وەرە ئەی "خاتووزین"م!

وەرە بـــــــا بەژن و باڵاکـــــەت بینیـــــــم !

وەرە بـــــا دامرێ ئـــــاوات و تاســـــەم !

وەرە بـــــا بسکـــــەکەت لادا هەناســـــەم !

وەرە بـــــا هەڵمـــــژم ئەم لێوە گەرمـــــە !

وەرە بـــــا هەڵگوشـــم ئەم رانە نەرمـــــە !

وەرە جوانیَ، وەرە نـــــازت بکێشـــــم!

وەرە وەك دەستـــــەگوڵ داتنێم لە پێشـــــم !

وەرە بـــــا بەس بکـــــەم ئەم باوە باوە !

وەرە بـــــا بۆت بکـــــەم ئەو بسکە خاوە !

وەرە بـــــا دەست لە باڵاکـــــەت وەرێم !

وەرە کوڵمـــــەم لە کۆڵمەی تۆ خشێنم !

وەرە سوور بە لە ســـەر وادە و بەڵێنـــــی !

وەرە کـــــوردە بە و مەکە پەیمان شکێنـــی !

وەرە گیانـــم فـــیدای چـــاوی رەشـــی تۆ !

وەرە هەســـــت بکەم گەرمیـــی لەشـــی تۆ !

وەرە مـــــــاچم دەیە مـــــــاچی خـــودایی!

کـــە بیـــــــزارم لە مـــــــاچی سینەمایـــــی!

یادگاریی شیرن یەکێکی ترە لەو دەقە شیعرییانەی کە دەخرێتە ریزی شیعری (ماچی خودایی) یەوە، کە گوایە هێمن بۆ ئەحلامی نووسیبێت، کە شاعیر:(( لەم شیعرەدا لەناو چوارچێوە و باسێکی خۆشەویستیدا نیشتمان و گەلەکەی ناخاتە لاوە، بەڵکو هەمیشە لەبەر دەرگای خەیاڵیدا ئامادەن، لەگەڵ هەر دیمەنێکی خۆشەویستیدا، دیمەنێکی لە خۆبوردن و فیداکاریمان دێنێتە یاد. ئەوەتا لەگەڵ برژانگی تیژدا نووکی رمی دوژمن باس دەکات، لەگەڵ باسکردنی برۆی وەك شیری خۆشەویستەکەیدا باسی هەژارێتی لاوی کوردیش دەکات، لەو دێرەیشدا کە باسی چاوی بەخوماری دڵدارەکەیمان بۆ دەکات، هەروەها باسی ئەو ئازار و ناخۆشیی و چەوساندنەوەیەمان بۆ دەکات کە شۆفینیزمی (تورك) بەرانبەر بە گەلی کورد کردوویەتی)).[1]

یادگاری شیرین ناونیشانی شیعرەکە و بە (چاوەکەم چاوی رەشی تۆ ئافەتی گیانی منە) دەستپێدەکات. زۆرێك لە رۆشنبیران و خوێنەوارانی

---

١- هێمننامە، ئامادەکردنی د. عوسمان دەشتی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩، ل:٢٧٠

شیعری هێمن کە دەڵێن شاعیر ئەم دەقەی بۆ ئەحلام نووسیوە، تاکە بەڵگەیان بەدەستەوە بێت، چاو رەشبوونی ئەحلامە. پێویستیە ئەوە لە یاد نەکەین کە هێمنی هەستناسك ئەوەی لە ئافرەتدا سەرنجی زیاتر رادەکێشت سیفەتی چاو رەشییە. کە بێگومان ئەم سیفەتیش لە چەند دەقە شیعرێکیدا رەنگی داوەتەوە. بەڵام تەنیا گەڕانەوە بۆ مێژووی لەدایکبوونی ئەم دەقە شیعرییە، دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە ئەم دەقەی بۆ ئەحلام نەنووسیبێت، چونکە مێژووی نووسینی دەقە شیعرەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٤٥) و لە کۆمەڵە شیعری (تاریك و روون) دا تۆمارکراوە، لەگەڵ ئەوەیشدا پێویستە دیسانەوە ئاماژە بە ناسین و ئاشنایەتی ئەحلام لەگەڵ شاعیردا بکەم کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٧٤)، لەلایەکی تریشەوە دەگەڕێمەوە بۆ مێژووی لە دایکبوونی ئەحلام کە ساڵی (١٩٥١) ە، ئیتر کەسێك لە دایك نەبووبێت، شاعیر چۆن شیعری بۆ دەنووسێت !

بەڵام بە بۆچوونی من ئەو راستییەی لێرە پێویستە بگوترێ، ئەوەیە هێمن ئافرەتی چاوڕەشی خۆشویستووە، بێگومان ئەحلامیش چاوڕەش بووە و شاعیریش خۆشی ویستووە و شیعرەکەی لە شێوەی وتندا پێشکەش کردووە، نەك لە شێوەی نووسیندا، وەکو پێشتر ئاماژەم پێکرد، مێژووی لە دایکبوونی شیعرەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٤٥). کە ئەمەیش دەقەکەیە:

## یادگاری شیرین*

چاوەکـــــەم! چاوی رەشی تۆ ئافەتی گیانی مـــــنە
گیـــانەکەم! برژانگی تیژت نووکــە رمبی دووژمـــنە
شیـــــری دەستی شێـری ئاڵایە برۆ راکشاوەکـــــەت
جـــەرگی لاوێـکی هەژاری کــوردی ورد پێ بجنـــە
دیدەکەی بەخوماری تۆ تورکانە بەدمەستی دەکـــــا
بۆیە مەیلی وا بە کێشـــە و فیتنە و خوێن رشتنـــــە
بەژنەکــەت سێدارەیە، کەزیـــــەت تەنافە زوو بە دەی
بیخە ئەستۆی من کە کوردم، کورد بەشی خنـــــکاندنە
زامـــی جەرگی من بە فەرموودەی گراوی سـواری کــورد
مەڵهەمی هەر ژەنگی گوارە و ئارەقی بەر گەردنـــــــە
ئـــارەزوومە هیــچ نەبێ جارێکی ماچ کەم زاری تـــــۆ
ئـــارەزووی من چونـــکە، ئەمما تا بفەرمووی شیرینـە

*ئەم شیعرەم بەبێدەستکاریی رێنووس، وەکو ئامانەتێکی زانستی لە دیوانەکەی مامۆستا هیمنەوە، وەرگرتووە

دڵ بە گرمـــەی تۆپی گـــەورەی دوژمـــنیش رانەچـــەكێ

دادەخورپـــــــــێ ئەم دڵە ئەمما بە خرمەی بـــــــازنە

خەڵكی دنیا رازی دڵداری بە " بێتەل" پێـــك دەڵێـن

راسپاردەی لاو و كیـــژی كوردە ئێســـــتاكەش شنـــە

رۆژی بەختـــی هەر لە ژێر هەورێكی رەشدا لاوی كـــورد

تـــاكوو روخساری كچی شاری لەپێش چاوان ونـــــــە

نایەڵێ گۆشەی برۆكـــەت دەركەوێ چارشێوەكـــــــەت

ئەی لەدەســـت ئەو چڵكە هەورە مانیعی مانگ گرتـــنە

چۆن دەبێ سەربەست گەلی ژێر دەست كە كچ دابەستنـەبێ؟

بەس نەبـــێ ئەو كۆیلەتی و ئەو كچ لە ژوور دابەستـە؟!

دەركی داخستوە لە تۆ بابت كەچی دەركـــــــی نییە!

دەركــــــە داخـــستن لە تۆ دەركی هومـــێد داخستنە

داڕزینــــە، مردنـــــە، ئاخر هەتــــا كەی پێت بڵێـــن

نـــابێ بێتە دەر لە مـــــاڵ ، مافـــی ژیـــانی كوا؟ ژنە

لادە چـــــــارشێوی رەشت با دەركەوێ كوڵمەی گەشـــت

چـــــــون لە قەرنی بیستەما زۆر عەیبە ئەو روو گـــرتنە

کیژی خەڵکی بۆمی ئاتۆمی دروست کـــــــــرد و ئەتۆش

هــــەر دەزانی ناوی "ئەستێوڵك" و "دەرخۆنە" و "پنــە"

فێری زانســـــت و هونەر بوو ئەو لە سایەی خوێندنـــی

تۆیش تەشیمـــــان بۆ دەڕێسی، یادگــــــاری شیریــــنە

ئەو بە ئاسمانـــا فڕی، دنیا گەڕا، چوە بن بەحــــــــر

دەك نەمێنم کـــــاری ئێوەیش هـــــەر لە ژوور دانیشتنە

کوڕ بەزێنە ئەو لە عیـــــلم و ئەو لە کار و سەنـــــعەتا

گۆرەویشــــــە سەنعەتی تۆ، پێت خەنـــی بووم بیچنـــە

ئەو پەچە و رووبەند و چارشێوەی نەدیـوە نەنــــــکی تۆ

ئەو شــــــڕ و شاڵانە دیاری دوژمنـــــی دڵچڵــــــــــــکنە

کیژی شێخ و کیژی حاجی و کـــیژی ئاغا رەنجــــــــەڕۆن

کیـــــــــژی ئازادە ئەوی ژیـــنی بە نووکـــــی گاســـنە

شەنگەبێـــــری یار و دەستبـــــاری کوڕی کۆچەر نەبـــێ

چۆن دەگاتــــە جێ هەوار و هۆبە ئەو بارگـــــــــە و بنە؟

قەشڵی دەست و کوڵمی سووتاوی کچـــی لادێ نەبــــێ

چـــۆن دەگاتە دەستی دەسبڕ ئەو هەمـــــوو تاتووتنــە؟

نیسك و نۆك و ماشی ناو عەمــــباری ئاغای مفتەخـــۆر

پاك لە سایەی دەسکەنەی "زین" و "مرۆت" و "سوێسنە"

شـــــۆڕەژن بنکۆڵ نەکا بڕ کــەی بە قــــــرچەی نــیوەڕۆ

چۆن لە کاڵەك تێر دەبێ ئــەو زگزلــە بێســـتان ڕنـــــە؟

کـــوا مەتاعــــی کوردەواریمـــان دەچوو بۆ هەنـــدەران؟

گـــــەر بە سەربەستی نەژیبـــا ئەو کـچە مازووچنــــــە

بیر و هاوێــــری لەگــەڵ کــاکی نەکردبــا بن پشـــــك

چـــۆن دەمانبوو ئەو هەموو گۆشـــت و پەنیر و بەرگــنە؟

دەســـت و کەرکیتی کچی نازداری هەوشـــاری نەبــــا

چـــۆن دەڕازاوە بەقاڵــی شار و بـــازاڕی ســــــــنە؟

بـــا هەزار (زێ) و (گادەر) و (لاوێنی) روونیشمان هەبـــێ

تــــاکو ژن ئازاد نەبێ، سەرچاوەکـــەی ژن لیخـــــنە

کۆیلەتی باوی نەماوە، کیژی کــــوردی خۆشـــەویست!

راپـــــەڕە، هەســـتە لە خەو، ئاخـــر چ وەختی خەوتنــە؟

دەرکـــە بشکیـــنە، پەچە بدڕێـــنە، راکـــە مەدرەســـە

چـــاری دەردی کوردەواری خوێندنـــە، هەر خوێنـــــــدنە

دایـــــکی زانایە کوڕی ئازا دەنێریتـــــە خەبـــــــات

من گوتـــــم تۆیش تێبـــگە " ناگاتە دەریایـــــــە زنە"

گـــوارەکەی زێڕت بەکار نایـــــە، لە گوێ بگرە قســـەم

لایـــقی گوێی تۆ عەزیزم شیعری ســـادەی " همێـــنە"

دیارە هێمنی شاعیر:(( لەگەڵ رووخاندنی رژێمی (شا) لە مانگی شوباتی ساڵی (١٩٧٩) داو هاتنە سەر تەختی رژێمی (خومەینی)، دیارترین رووداوی سیاسی بوو، کە دەرگای گەڕانەوەی بە رووی (هێمن)دا کردەوە و گەڕایەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان و نزیکەی (٧) ساڵی کۆتایی لەوێ بەسەر برد)).[١]

---

١–سێکس و پیریی و گۆشەکیری لە شیعرەکانی هێمندا، د. فەرهاد قادر کەریم،گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە( ٢٣) حوزێرانی (٢٠١٢)، ل: ١٤٠

هەڵبەتە گەڕانەوەی شاعیر بۆ زێد و باوەشی نیشتمان و وڵاتی خۆی بۆشایەکی گەورە لە ژیانی ئەحلامدا دروست دەکات، چونکە ئەحلام پێیوایە ئەم بۆشاییە تا ئێستا ماوەتەوە و هەرگیز بۆی پڕ نابێتەوە، بەگوێرەی ئەوەی جێگری وەکو هێمنی لە ژیاندا دەستنەکەوتووە.بۆیە ئەحلام وەکو مرۆڤێکی راستگۆ لە دوا ساتەکانی ژیانیدا دەڵێت:(( رووی رۆژگار رەش بێت، من دەمنازی بەخۆمەوە، خۆشەویستیم لەگەڵی نەدەکرد، چونکە جیاوازی تەمەنمان بوو. ئەو (٦٠) ساڵ بووم، من (٢٠) ساڵان بووم. کەچی ئەو منی وەکو عەشق خۆشدەویست. بەڵام ئەگەر ئێستا مامۆستا هێمن ببینم تەمەنی (١٠٠) ساڵ بێت، من دەبمە (١٤) ساڵ و دڵداری لەگەڵ دەکەم. زۆر پەشیمانم زۆر. ئای کە خۆشم دەوێ ، ئێستایش شەوی وا هەیە بیری لێدەکەمەوە، هێمن مامۆستای منە، قەرزباری ئەوم!))[1]

---

١–هێمننامە، ئامادەکردنی د. عوسمان دەشتی، چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠٠٩، ل:٢٩٥

## باسی دووەم:

## ئاشنایەتی لەتیف هەڵمەت لەگەڵ ئەحلام مەنسوودا:

لەتیف هەڵمەت( ١٩٥٢– )، یەکێکە لە شاعیرە نوێخوازەکان، کە یەکەم هەنگاوی گۆڕانی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا دەستپێکرد، کە ئەویش شیعری سەربەستە و هەر زوو گیانی یاخیبوونیبە زەقی تێدا بەرجەستە کرد . کە من کارم بە ئەمە نییە، بەڵکو ئەوەی کە جێگەی ئاماژەکردن و شایستەی باسکردن بێت، ئەوەیە کە بەرهەمەکانی ئەم کەڵە شاعیرە رۆڵێکی باڵایان بینی لە نوێبوونەوەی ئەدەبی کوردی و بەتایبەتیش ژانری شیعر.

لەتیف هەڵمەت، وەکو زۆربەی شاعیران و ئەدیبانی کورد لە ماوەی لاوێتیدا بەشداری زۆربەی کۆڕە شیعریی و رۆشنبیرەکانی ساڵانی شەست و حەفتاو هەشتاکانی سەدەی رابردووی کردووە و ئەسپی خۆی لەم بوارەدا تاوداوە، هەر لەم دەمەشدا بووە خاتوو ئەحلام مەنسووری ناسیوە و زیاتر پێیی ئاشنابووە. کە پێم باشە سەرەتا بۆچوونی لەتیف هەڵمەت لەبارەی ئاشنایەتییانەوە وەربگرم کە دەڵێت:(( سەرەتای

تەمەنی لاویم بوو، کە خاتوو ئەحلام مەنسوورم ناسی، کە ئەویش وەکو من لە تەمەنی لاویدا بووە. ئەحلام کچێکی خوێنەوار و ڕۆشنبیر و بیرکراوە و شیعردۆست و ئەدەبدۆست بووە، کە هەمیشە دەیوست زۆر شت لە بارەی ئەدەبیانی نوێ و جیهانەوە بزانێت، بۆیە من لێرەوە خۆشم ویست و توانیمان کاری ئەدەبی پێکەوە بکەین و کۆمەڵە چیرۆکێك لە زمانی عەرەبییەوە وەربگێڕین بۆ سەر زمانی کوردی))[1]

لێرە بەدواوە تا دێت ئەحلام مەنسوور لە بیر و خولیای لەتیف هەڵمەتدا زیاتر جێگەی خۆی کردۆتەوە، تا کار گەیشت بەوەی ئەم شاعیرە دیوانی، یاخود کۆمەڵە شیعری "پرچی ئەو کچە رەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە" کە ساڵی (١٩٧٧) چاپی کردووە، تێیدا چەند شیعرێك بۆ ئەحلام مەنسوور دەنووسێت و پێشکەشی دەکات. دیسان پێویستە بۆچوونی لەتیف هەڵمەت خۆی وەربگرم کە لەم چوارچێوەیەدا دەڵێت:((کاتێك کە ئەم دیوانەم پێشکەش بە ئەحلام کرد تەنیا و تەنیا هۆکارەکەی بۆ ئەو پەیوەندییە رۆشنبیرییەی نێوانمان دەگەڕێتەوە، نەوەکو پەیوەندیی خۆشەویستی، کە ئێستا زۆر باسی لێوە دەکەن. نەخێر وا نییە لە هەمان کاتدا من کتێبێکم پێشکەش بە (هاژە کلاوێ) کردووە، کە شیعری منی کردووە بە فەڕەنسی، ئیتر ئەمە ناکاتە ئەوەی

---

١- دیمانەی تایبەت لەگەڵ لەتیف هەڵمەت، سەروەر سەعدوڵلا، رێککەوتی ٢٠١٣/٥/١٩، چەمچەماڵ، کاژێر، ٣٠: ١١

کە من (هاژە کلاویێ)م، خۆشویستووە. من ئەم دیوانەم بە قەرز و قۆڵە چاپکرد، لە بیرمە چەند دۆست و هاوڕێیەکم لە شەش حەوت کەس قەرزێکی زۆریان بۆ کردم، جگە لەوەش کە خۆم قەرزێکی زۆرم بۆ کرد، کاتێك کە خاتوو ئەحلام ئەمەی بیستبوو، زۆری پێناخۆش بوو، یەکسەر پێی وتم، ئەگەر قسەت بکردایە، ئەوا هەر دوو چاوی خۆم دەردەهێنا و دەمفرۆشت. پێویستە کۆمەڵگەی کوردی ئەو بەدگومانییە بخاتە لاوە، ئەگەر دوو نووسەر، یان دوو رۆژنامەوان کاری رۆژنامەوانیی و وەرگێڕانیان کرد و لەسەر یەك مێز دانیشتن، ئیتر ئەمە بکەنە قاڵبی عەشقەوە.))[١] لە بەرانبەردا پێویستە بۆچوون و تێڕوانی ئەحلام مەنسوور خۆی لە بارەی لەتیف هەڵمەتی شاعیرەوە بخەمە روو کە دەڵێت:(( من و لەتیف هەڵمەت تەنیا پەیوەندیی رۆشنبیریمان هەبوو ، من ئەوم خۆش نەدەویست وەکو عەشق، هەرگیزیش ئامادە نەبوومە خۆشەویستی لەگەڵ بکەم.))[٢]

١- دیمانەی تایبەت لەگەڵ لەتیف هەڵمەت، سەروەر سەعدوڵلاّ، رێککەوتی ٢٠١٣/٥/١٩، چەمچەماڵ، کاژێر، ٣٠: ١١

٢- دیمانەی تایبەت لەگەل ئەحلام مەنسوور، سەروەر سەعدوڵلاّ، هاوینی ٢٠١١، سلێمانی، ئۆفیسی رۆژنامەی چەتر

وەکو پێشتر ئاماژەم پێکرد لەتیف هەڵمەت لە کۆمەڵە شیعری "پرچی ئەو کچە رەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە" چوار شیعر بۆ ئەحلام مەنسوور دەنووسێت،  ئەمە دەبێتە کەرەستەی باسەکە، کە هەر چەند شاعیر خۆی پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات تەنیا شیعرەکەی پێشکەش کردووە بەبێ ئەوەشی خۆشی ویستبێت، بەڵام بە پێچەوانەوە بە بۆچوونی من  شیعرەکان خۆیان ئەوە دەسەلمێنن کۆمەڵە شیعرێکی خۆشەویستین و تاسەیەکی بەرزی خۆشەویستییان لە خۆگرتووە و رەنگرێژن بە وێنەی وروژێنەر، کە پێم باشە شیعرەکان وەکو خۆیان بە بێدەستکاریی وەربگرم:

**(١)**

**هێلانە***

**بۆ (أ —م)**

هێندەی تاڵی کەزی و پرچت

هۆنراوەی جوان لە دڵمایە

*دیوانی لەتیف هەڵمەت،  پرچی ئەو کچە رەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە، سلێمانی، چاپخانەی شڤان، چاپی دووەم، بەرگی یەکەم، ٢٠٠٥ ل: ١٥١

هەر چەند دەستی ڕەشەبایە

دەرگای دڵم دەترازێنێ

هەر چۆلەکەیە و هۆنراوەیە و

هەڵدەفڕێ و خۆی بە سینگ و مەمکی تۆوە دەنوسێنێ..

خۆی تۆ نە دار بەڕووی سەوزی

نە نە شاتووی ئەو کوێستانەی..

نە ڕووباری..

نە خەرمانی .. تۆ .. نە ڕەزی ..

نازانم بۆ .. بۆ چۆلەکەی هۆنراوەی من

لە گشت شوێنێ

بۆ پرچی تۆ دەجریوێنێ..

## (٢)

## ماچ[١][*]

## بۆ (أ–م)

ماچەکانم دەبن بە هەور..

ئاسمان ئاسمان دوات دەکەون..

لەسەر تەلی پەنجەرەکەی ژوورەکەتدا..

وەك پەڕەسێلکە دەخەون..

لە شوێنت دێن..

لە هەچ شوێنێ بۆنی تۆ نەبێ

بەرەو ئەوێ دەوروژێن..

ماچەکانیشم وەك خۆم

[*] دیوانی لەتیف هەڵمەت، پرچی ئەو کچە رەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە، سلێمانی، چاپخانەی شڤان، چاپی دووەم، بەرگی یەکەم، ل: ١٥٣

نە دایکیان هەیە.. نە وڵات

نە کەس هەیە خەمیان بخوات..

پەڵەی هەوری بێ سنورن..

گەردەلوولی سەوزی ئەوین..

بە شوێن تۆدا دەیان بات و دەیان بات..

ئەگەر شەوی زستانێکی سەهۆڵ بەندان

خشتە لە پشت دەرگاکەت هات..

ئەوە هەوری ماچەکانمە

لە دەرگای تۆ دەدات..!!

(٣)

## گوڵی شیعر*

### بۆ (أ–م)

خەوم بینی من هەور بووم و تۆ تینوو بووی

ئەتکامە گەرووی تامەزرۆی تەمتەوە

خەوم بینی بووم بە خۆر و

رژامە ناو دارستانی پەرچەمتەوە..

کچێ بەخوا درۆ ناکەم هێشتا بۆنی گوڵی شیعرم

وا بە قژ و لادەمتەوە...

* دیوانی لەتیف هەڵمەت، پرچی ئەو کچە رەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە، سلێمانی، چاپخانەی شڤان، چاپی دووەم، بەرگی یەکەم، ل: ٢١١

(٤)

## خەونێکی دوور*

## پێشکەشە بە (أ-م)

خەوم بینی ... بەرەبەیان

کچێکی جوان

ماچی دامێ و ماچی کردم

ماچی گەرم و نەرم و نیان

هەر ئەوە بوو لە خۆیشی دا نەدەمردم...

وام زانی تۆی

کە تۆ نەبووی

پەرەسێلکە خەندەی شیعرم

* دیوانی لەتیف هەڵمەت، پرچی ئەو کچە رەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە، سلێمانی، چاپخانەی شڤان، چاپی دووەم، بەرگی یەکەم، ل: ٢١٥

دای لە شەقەی باڵ و ڕۆی

لەو ساتەوە هەر دێم و

دەگەڕێم بۆی...

ئەگەر ویستت کەوی وشەی

کێویلەی من دەربەدەر و خەمبار نەبێ

پرچت درێژ بکەرەوەو

لە ژێریا وا حەشارم دە

هەر تۆزقاڵێکم دیار نەبێ

ئەگەر ویستت دەزگیرانی شاعیرێك بی

لێت وەڕس و بێزار نەبێ

ئەگەر ویستت...

ئەگەر ویستت...

من بکەرە خۆشەویستت

چۆلەکەی گشت ماچە کونەکانی هەستم

بۆ خەرمانی پرچەکەی تۆ بەڕەڵا کرد

کە تۆ پرچت کورت کردەوە

لە دەمی هەر مقەستێکدا

هەزارەها چۆلەکەی ماچی من مرد..

وشە هەیە ... هەر کۆن نابێ و ناسۆی و هەر ناسۆی...

کچێ منیش

تۆم خۆش دەوێ و خۆشتم دەوێ و

خۆشتم دەوێ...

گیانە ئێمە لە چەرخی چەقۆدا دەژین

چەرخی مەرگ و ژان و برین

چەرخی ژەنگ و چاو هەڵکۆڵین

بەر لەوەی دەستم ببڕن

پەنجە سوێسکە کیویەکانم

لەناو هەوری مەمکەکانتا

لە گشت تۆزقاڵێکی گیانتا

فێری خەو و فڕین بکە... خەو و فڕین...

بەر لەوەی دەمم هەڵپاچن

دەمم فێری دەم و گۆنا و مەمك هەڵمژین کە..

بەر لەوەی دەمت ببڕن...

ئێ بەر لەوەی دڵت بەڕق گۆش کرێ...

دڵت فێری سۆز و ئەوین کە...

بووم بە هەورو زەنگۆڵ زەنگۆڵ

وشەی جوانم

دڵۆپ دڵۆپ

خوێنی گیانم

بەهەر تاڵە قژێکتەوە کرد بە مانگ و چرا و گڵۆپ

تۆ هەموویت کوژانەوە...

بۆ هەموویت کوژانەوە...؟

ئەوا ئێستا بۆ زمانێ نوێ دەگەڕێم

تا لەگەڵ تۆدا پێیی بدوێم...

وەرە ئەوەندە ماچت کەم

هەتا دەمم هەڵدەوەرێ

کچێ وەرە سوێسکەی پەنجە کێویەکانم

مەتورێنە لە کوێستانی پەرچەمت

کچێ وەختە لە عەزرەتا دەمم ببێ بە چۆلەکە و هەڵفڕێ

بۆ ناو دەمت...

تۆ ئەی کچە خەمبارەکە

خەمی هەموو مناڵانی رۆخی وەندی چڕو شیرین

پەپولەن و لە چیمەنی وشەکانی تۆدا دەژین...

کە مناڵ بووی... دایکت نەیهێشت لەوەندا ببی بە ماسی

تۆزێ لمی رۆخی وەندی بە پێتەوە بیدیایە...

بە قرچ هەڵتی دەواسی...

ئێستا نەك تۆ گشت منالێکی ئەو شارە

ئاوات خوازەی مەلەیەکە لەسەر رۆخی ئەو رووبارە...

تۆ ئەی کچە خەمبارەکە خەمبار مەبە

رۆژێ دادێ هەر دارێکی قەراغی وەند

بۆ هەزاران زۆر دەکرێن بە سێدارە...

جا ئەو ساتە تۆیش منالٚ بەو

قورو لمی وەندم تێگرە لە بەیانی تا ئێوارە

من وەك دایکت لێت نادەم

دەستەکانت دەلێسمەوە و

تێر تێر ناو دەمت ماچ دەکەم...

لەژێر باڵما دەتشارمەوە تا لەشت وشك دەبێتەوە

شوێن جیکانی داخەکانت هێندە بە کولٚ هەڵدەمژم

هەڵدەمژم ...

تا لەبیرت دەچێتەوە

دە بۆم بدێ ئاسمانی شەوی سەروەندت

جارانی زوو

چەنێ شین بوو...

دە بۆم بدوێ

جیهانی منالّی سەروەندت

چەندێ گەورە و بەرین بوو...

دە فێرمکە چۆن پاساری مەمکەکانت

دەستەمۆکەم...

دە فێرمکە چۆن پەپولەی زامەکانت

بەڕەڵای باغی ئاسۆکەم...

گەر ڕووباری باسکەکانت ئاگریش بن

من حەز دەکەم پەنجەکانمی تێ ژەنم

خۆ فەرهاد نیم ، بەڵام ئەگەر خۆشت بوێم

لەسەر هەموو تاوێرێکی ئەم وڵاتە

شیعرێکت بۆ هەڵدەکەنم

کچێ منی بێ دایکم بێ خۆشەویست

بووم بە هەور و هەر دڵۆپە بارانێکم...

گۆرانی بۆ ئافرەتێ وت

هیچ ئافرەتێ خۆشمی نەویست

هیچ ئافرەتێ دەنگی ناخی هۆنراوەکانی نەبیست

کەڕۆخانە کەم کەم وەك شێت

شەوانی زستان هەڵدەچێت

گشت چۆڕێکی دەبێ بە مەم

گشت چۆڕێکی دەبێ بە مەم

گۆرانی بۆ چرای ژووری زینی گوندی نوستوو دەڵێت

ڕۆخانە دێ و لە هاتنی شەوانەی دا

خێر و بێر و بەرات دێنێ

نە کچێ پێشوازی دەکا و

نە ماڵێکیش چرایەکی بۆ

هەڵدەکا و بۆ مۆمی دادەگیرسێنێت

منیش وەکو ڕۆخانە وام...

بۆ تۆ بووم بە چەمێ زام

چۆلەکەی ئەو کەژانەش دێ و

تینوێتی خۆی لێ دەشکێنێ

کەچی کچێك نییە جارێ

ئەنگوستی سۆز و قژی گیای کەناریی

چەمی شیعری من دابێنێ..!

کچێ دوێ شەو

تەنیاتر بووم

لە گشت شەوێ

خۆم هەڵدایە ناخی دیجلەی قوڵی خەوێ...

لە خەویشدا تۆ نەهاتی و هەر نەشهاتی...

کچێ ئاخر خەمی شاراوەی بێ تۆییم

کەمتر نیە لەبێ دایکی و بێ وڵاتی

لەتیف هەڵمەت دسیان پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ئەو پەیوەندییەی نێوانیان تەنیا پەیوەندییەکی رۆشنبیری بووە و بەس. هەر بۆیە لەبارەی یەکترنەبینین و بەتایبەتیشلە دوا ساتەکانی ژیانی ئەحلامەوە دەڵێت:(( لەم ساڵانەی دوایدا جۆری دنیای رۆشنبیری من گۆڕا بۆ جیهانی سۆفیگەری و تەسەوف، کە بە پێچەوانەوە ئەحلام زیاتر نزیك بوو لە سووریالییەت و عەبەسییەت، بۆیە ئەمە وای کرد پەیوەندییە رۆشنبیرییەکەمان بپچڕێت و زۆر جار بە رێکەوت لە سلێمانیدا دەمبینی.))[١]

١- دیمانەی تایبەت لەگەڵ لەتیف هەڵمەت، سەروەر سەعدوڵڵا، رێککەوتی ٢٠١٣/٥/١٩، چەمچەماڵ، کاژێر، ٣٠: ١١

# باسی سێیەم:

# چەند وتارێکی ئەحلام مەنسوور:

## ١-رەهەندەکانی کەسێتی نووسەر*

هەموو مرۆڤێك خۆزگە دەخوازیٚ ببێت بە نووسەر. کاتێك کە بەرهەمێك دەخوێنێتەوە لە دڵی خۆیدا دەڵێت:(( خۆ ئەم نووسینە لە دڵی مندا بوو، حەیف نەمنووسی، تۆ بڵێی ئەم نووسەرە دڵی منی خوێندبێتەوە؟ نا نا...)) ئەمەیە جیاوازی لە نێوان خوێنەر و نووسەردا، تا ئێستا کەس نەیتوانیوە پێناسەی ئەدەب و هونەر بکات.

رەخنەگران و توێژەران هەر یەکە و بەشێوەیەك پێناسەی ئەدەب دەکەن و وتویانە:(( بەهرەیە، سروشە، ئیلهامە، توانایە، سیحرە، لێهاتووییە)). بونیاتگەرەکان کە چەندین بیرمەندن بۆچوونە کلاسیکەکانیان رەت کردەوە و سەدان کتێبیان لەسەر نووسین نووسیوە. من دەڵێم نووسین نەخۆشییەکی دەروونییە، کاتێك کە کورد لە حەفتاکاندا بەردبارانی کردم، چیرۆکی (پرد) و رۆمانی (ئەڵوەن) ی دووەمم نووسی، دایکم لە لایەك فشاری دەخستە سەرم، کۆمەڵگە، هاوڕێکانم، بە کورتی مەینەتی

*رۆژنامەی چەتر، ژمارە (٨٠) دوو شەممە ٢٠١١/١١/١٤

گەمارۆی دام. واتە وردە وردە نووسین بوو بە (ماسۆشیەت) قەت لەکاتی خۆشیدا نانووسم، بەڵکو دەگریم و دڵم جۆش دەدات.

بۆ نموونە لە رۆژانی راپەڕیندا، کارەبا لە (بەغدا) نەبوو، من و برا گەورەکەم شەوان گوێمان لە رادیۆ دەگرت، لە شەوی ئازادکردنی (کەرکوك) دا، بێژەرەکە وتی:(( ئاڵاکانی کوردستان لە ئاسمانی کوردستان دەشەکێنەوە. زۆر گریام، ئێستایش کە ئەم یادە تۆمار دەکەم، دەگریم، چونکە ئازادکردنی (کەرکوك)، مژدەیەکی خودایی بوو. هەر گریام و گریام، لە ئەوپەڕی خۆشیی و بەختەوەریدا بووم، نەمتوانی یەك دێڕش بنووسم. تا ئەم ساتەش هەر دەگریم. هەواڵی شەکاندنەوەی ئاڵاکان ئەوپەڕی بەختەوەریی پێبەخشیم، ئەو شەوە خۆشترین شەو بوو لە ژیانمدا.

ئەمشەو کە دەکاتە (٢٠١١/١١/١) باسی یادی ئەو شەوەتان بۆ دەگێڕمەوە، لاپەڕەکەی ژێر دەستم تەڕە بەهۆی فرمێسك بارین. براکەم (عەلی مەنسوور)، لەسەر پشت راکشابوو، منیش لە ساڵۆنەکەی ماڵی باوکم بەدیار رادیۆ بچووکە رەشەکەدا، وەکو پشیلە دانیشتبووم. ئیتر هەر گریانەکەم بە بیر هات و شەکاندنەوەی ئاڵاکان. خەسڵەتەکانی ئازادکردنی (کەرکوك) م بە بیر نایاتەوە، ئێزگەی (مۆنت کارلۆ، دەنگی ئەمریکا) و ( ئێرە لەندەنە)، هەواڵەکانی وەکو یەك بوون و تەنیا جیاوازی

لە تۆنی دەنگی بێژەرەکان هەبوو. بۆیە دەڵێم نووسین لەلای من حاڵەتێکی دەرونییە، لە ساتی خۆشیدا یەك دێر نانووسم و لە ساتەکانی ناخۆشیدا کە حاڵەتی خەمۆکی دەمگرێ و بەدەم جگەرەکێشانەوە دەنووسم. بۆیە خوێنەران شارەزای نووسینی منن و دەڵێن:((بۆچی (ئەحلام مەنسوور، رەشبینە و هیوابەخش نییە، خۆزگە گەشبین بێت؟)). بۆیە یەکەم جار نموونەی خۆمم بۆ هێنان، چونکە نەخۆشی خەمۆکیم هەیە.

(نزار قەبانی) ، شاعیری گەورەی عەرەب، نەخۆشی نێرگزیەتی هەبوو ، هەروەها زۆر هەڵدەچوو، سیاسەت و عەشقی تێکەڵ یەکدی دەکرد، رۆمانسیی بوو، نموونەیەك بۆ هەڵچوونی لە شیعرێکی سالانی هەشتاکاندا هەستت دەکرد گوو دەبارێنێتە سەر عەگاڵی شێخ و میرەکانی وڵاتانی کەنداوی عەرەب.

شاعیری گەورە و پیرۆزمان مامۆستا (فایەق بێکەس)، شۆڕشگێڕ و یاخی بوو، لە قەسیدەی بیست و حەوت ساڵەکەیدا هەموو کورد وتی:(( دژی بەریتانیای داگیرکەرە، دژی (ئەدمۆنز) و هەموو دەلالەتەکان ئاماژە بۆ بەریتانیای داگیرکەر دەکەن)).

ئەم شیعرەم لەبەربوو. هەروەها لە کوردییەوە کردمە زمانی عەرەبی. هەستم کرد ئەم شیعرە برین و هاوار و گلەییەکە لە (سۆڤیەت) و

(شیوعییەکان)، بۆ ئەوەی لە بۆچوونەکانم دڵنیا بم. شیعرەکەم برد بۆ گەورەترین عەقڵی عێراقی، وتی:(( ئافەرین)). راکەی لەگەڵ راکەی من بوو. ئێستا ئەگەر بڵێم وا بوو هەموو کورد بە کەر و گەوجم دەزانێ. هەر دەچن بە گژما و روورەشم دەکەن. دڵنیام کە مامۆستا (بێکەس)، زیرەك بووە و (سۆڤیەت) یشی هەر بە داگیرکەر زانیوە لە رێی حیزبە شیوعییەکانی .

(ئەبو ئەلقاسم ئەلشابی) : قەسیدەی (ئیرادەی ژیانی) نووسی. قەسیدەیەکی کاریگەر بوو. عەرەبێك نەبوو لەبەری نەکات. ئاوازیان بۆ دانا و کرا بە گۆرانییەکی سیاسی. لە (بەغدا) بووم بە جەستە، بەدڵ و دەروون لە کوردستان بووم. لە بیستنی شەهیدبوونی پێشمەرگەیەك، یان زیندانییەك لە (ئەبو غریب) لە سێدارە بدرابایە، کاتێ شەوان لە رۆژنامەی (هاوکاری) دەگەڕامەوە ماڵەوە و بەسەر قادرمەی بەرانبەر بە دەرگای ژوورەکەم سەر دەکەوتم، هاوارم دەکرد و بەدەم گریانێکی کوردییەوە ئەم شیعرەم بە ئاوازەوە دەچڕی. دایکم بە برا و خوشکەکەمی دەوت:(( گرتی)). یانی حاڵەتی شێتی گرتمی.

لەم پایزەدا کە شۆڕشگێڕان خۆپیشاندانیان دەکرد لە (تونس) هاواریان دەکرد و ئەم قەسیدەیەی شاعیری خۆیان بە دەم هاوارەوە دەوتەوە.

(میسر) ، (سوریا)، (لیبیا)، (یەمەن)، شۆڕشگێڕان بە خوێن هەمان ئەو شیعرەیان دووبارە و سێ بارە دەکردەوە.

(هلّدرلین)، گەورە شاعیری (ئەڵمانیا)، نەخۆشی (مەنیخۆلیا) ی هەبوو. واتا ئازاردانی خود، ژیانی بە گریان بەسەر برد. هاوڕێکەی و ژنەکەی ڕێیان نەدا فڕێ بدرێتە شێتخانە. بە ئەوپەڕی میهرەبانییەوە خزمەتیان دەکرد، تا مرد. چۆن دەڵێن (سارتەر)، یانی (فەڕەنسا) و (فەڕەنسا) یش یانی (سارتەر)، هەروەها (هلّدرلین)، یانی (ئەڵمانیا).

(مەنیخۆلیا)، (فەرەنسییەکان) پێی دەڵێن:(( میلانکۆلی)). ترسناکترین نەخۆشی دەروونییە، خاوەنەکەی هەر دەگری، تا گیان لە دەست دەدات.

بێینەوە سەر (دیستۆفسکی)، لە دەروونناسیدا بلیمەت بوو، هاوتای نەبوو. نەخۆشی (فێی) هەبوو، هەروەها قوماری دەکرد لەگەڵ خاوەنی چاپخانەکاندا ڕێك دەکەوت و ڕۆمانێك بە ئەوەندە لاپەڕە قەبارەیان بۆ بنووسێ، پارەکەی پێشەکی وەردەگرت و لە قومارخانەکاندا دای دەنا، گۆشەگیر دەبوو، هەزاران لاپەڕەی دەنووسی و ژنەکەی لەژێر دەرگاوە کاغەزی بۆ ڕەوانە دەکرد. دەڵێن:(( کاتێ کە خوداوەند مرۆڤی دروست کردووە (دیستۆفسکی) لەلای دەستی دانیشتبوو.))

(دۆریان گرای) بەرجەستەی نەخۆشی (نێرگزیەت) دەکات، یانی خۆشەویستنی خود، بگرە هەر لە (نزار قەببانی) یەوە، تا هەموو شاعیرانی جیهان عاشقی خۆیانن.

گەورە شاعیری روسیا (یەسەنین) نەخۆشی وێرانکردنی خودی خۆی هەبوو. لە ئوتێلێکدا خۆی هەڵواسی و پەتەکەی ملی جەڕ دا و مرد. لە رادیۆی (روسیای عەرەبی)، گوێم لە بەرنامەیەکی تێروتەسەل لەسەر خۆکوشتنی (یەسەنین)، گرت. بێژەرەکە دەیوت:(( بە دەستی خۆی خۆی وێران کرد)). ئەم نەخۆشییە لقێکە لە خەمۆکی، ژنە ئەکتەرەکەی خیانەتی لێکرد و رەدوی ئەمریکییەك کەوت و رویان کردە (ئەمریکا). هەروەها بێژەرەکە دەیوت:(( گوایە دەسەڵات راوی یەسەنینی ناوە)). بۆیە خۆکوشتنەکەی دەگەڕێننەوە سەر دوو هۆ، بەڵام هێشتا هۆی خۆکوشتنی (یەسەنین) لای توێژەران و رەخنەگران ساغ نەبووەتەوە.

(سادقی هیدایەت) نەخۆشی خەمۆکی دوو جەمسەری هەبوو، وەك ( ئەرنست هەمنگوای و کافکا)، نەخۆشی (شیزوفرنیا) ی بوو. (جیمس جۆیس) لە خوێندنەوەی نەستی مرۆڤدا بلیمەت بوو، ژنەکەی خیانەتی لێکرد، کچەکەی عاشقی دەروونزان (یۆنگ، یان ئیدلەر) بوو. مەینەتی زۆری بینیوە و دامەزرێنەری ئەدەبی مۆدێرنە.

(یۆلسیس)، گەورەترین شاکاریەتی و کەس نەیتوانیوە دەقاودەق وەریگێڕێتەوە سەر زمانی عەرەبی، کە لە (فەرەنسا) بووم دەقەکە دەستم کەوت و خوێندمەوە، تا تێگەیشتم گیانم دەرچوو. لە کاتێکدا لە (بەغدا) ئەنسکلۆپیدیای (جۆیس) م خوێندبوو. هەروەها (مۆرا دبلنی)، سکرتێری بەشی ناوخۆیی کچانی جیهان، زۆر یارمەتی دام و خزمی (جۆیس) بوو.

(مایا کۆفسکی)، شاعیری گەورەی روسیا خۆی کوشت نەخۆشی خۆبەزلزانینی هەبوو، (مایا کۆفسکی) شاعیری شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو، جلی سەیری لەبەردەکرد، هەروەها ناوی دەرکرد بە شاعیری (ملیۆن قەسیدە)، هەموو گەل چەپڵەی بۆ لێدەدا، شیعرەکانی حەماسی بوون، بەڵام لە دواییدا هەندێ لە سەرکردەکان بەربەرەکانیان کرد، زۆریش توڕە بوو، ئیتر گێرەشێوێنی گەمارۆی دا و خۆی کوشت. (مایا کۆفسکی) سمبولی مەزنی روسیا بوو. حەیف سیاسەتمەدارن قەت رێ ناکەون، لەگەڵ ئەدیب و نووسەراندا!

(ئەلبێر کامۆی) ی فەیلەسوفی بوونگەرایی و رۆماننووس و رۆمانسی، لە لای (فەرەنسییەکان) زۆر ئازیزە، لە (سارتەر) زیاتر خۆیشان دەوێت. دەیانوت:" کامۆ تەڕە و سارتەر وشکە)، رۆمانی (نامۆ) لە کۆرسی دووەمی زمان لە (سۆربۆن)، وەك میتۆدێك دەخوێندرایەوە، چونکە

شۆڕشێکی گەورەی کرد لە زمانی (فەڕەنسی)، ڤێربی رابردووی پێکهاتەی زۆر بەکاردەهێنا. چونکە ئەو ڤێربە بە بەردەوامی بەکاردێت، واتە هەموو رۆژێك مرۆڤ دەموچاوی دەشوات و نان دەخوات و باران دەبارێت. بۆ ئەوەی خوێندکار شارەزای ئەوە بێت ئامۆژگارییان دەکرد (نامۆ)، بخوێننەوە. منیش هەوڵم دا بیخوێنمەوە، لەگەڵ بەکارهێنانی فەرهەنگی (سوهێل ئیدریس)، هەندێ دەقیش لە کۆرسی یەکەمدا دەخوێندرا. زۆر باسی رێکەوتی دەکرد لە پێکدادانی سەیارەدا گیانی لەدەستدا، پڕوپاگەندەیەك هەبوو دەیانوت:(( گوایە حکومەت کوشتی، چونکە بەرگریی لە شۆڕشی (جەزائیر) کردبوو)).

(بودلێر)، دایکی شوی کردبوویەوە بە ئەفسەرێکی عەسکەری. هەموو رۆژێ نامەی بۆ دایکی دەنووسی. ئەوانەی دایکیان شوو بکاتەوە، کەسێتیان وێران دەبێت. عەقڵیان ئازاری دەروونیان دەدات. زۆر نیگەران دەبن، هەروەها خەمۆکی کاریان تێدەکات و لە ئینکاریدا لە کەلی شەیتان نایەنە خوارەوە. بۆ نموونە یەکێکمان رەوانە کرد بۆ زانکۆی (فرۆید) لە (ڤیەننا)، کە نەخۆشخانەیەکی دەروونی گەورەی‌لێوە نزیك بوو. بۆ ماوەی سێ ساڵ عیلاجیان کرد، بوو بە دەروونزانێکی مەزن، بەڵام کێشەی شووکردنی دایکی هەر وەکو خۆی لە مێشکیدا مایەوە، بەڵام وەك بڵێی هیچی بە هیچ نەکردبێ. هەروەها هاوڕێیەکی (بەغدا) بیم هەیە هەمان کێشەی هەیە و بە کەس چاك نەبووەتەوە. پێکهاتەی عەقڵیان ن

تەواو نەگۆڕە. ناتوانن لەگەڵ کەسدا بژین. لەگەڵ دار و بەرددا شەڕ دەکەن. زۆر زیرەکن، قسە هەر قسەی خۆیانە. بە کورتی وێرانن، هەر وێران.

لە کۆتایی وتارەکەمدا یەك شت هەیە، حەز دەکەم بیڵێم.....

نووسەرانی کوردم بە نموونە نەهێنا، چونکە کێشە دەخەنە ناو قاڵبی ناوزڕاندنەوە.

## ٢–سکاڵای بەردێك*

ڕۆژ دەبێتە شەو، شەو دەبێتە لۆکە، گەرمای نیوەڕۆ دەبێتە دۆزەخ، سەهۆڵ بەندان دەبێتە خەڵوز. لەناو مەقەڵتی ڕۆژگاردا هەموو جۆرە خەمێك دەتوێتەوە، خەمەکان تێکەڵی یەکدی دەبن، کاتەکان تێکدەشکێنن، گریان دەبێتە پیشە و سوتەنی جەنگەکان، تەنافی مێژوو هەر درێژ دەبێتەوە، پێنووس دەبێتە جگەرە، گڕی جەنگەکان ناخەکان داگیردەکەن، مەرگ بە بەردەوامی سەمای خۆی دەکات و ژیان بەرەو نەبوون خۆی دەپێچێتەوە.

من لە نێوان زەویی و ئاسماندا، وەکو بەرد شوێنی بەجێناهێلم، زریانیش ناتوانێت پێستم کاڵ کاڵ بکاتەوە، هەر چاوەڕوانم، ناتوانم ئیدی شانەی ئایندە مووە سپییەکانی سەرم شانە دەکات، یاخود مەرگ سەرم دەتاشێت؟ بەرەبەیان و سپێدە چاوی وشەکانم کوێر دەکەن، مرۆڤە کارتۆنییەکان لەسەر دیوارەکاندا دەبنە پڕوپاگەندەی خەونەکان،

*ترووسکە، نیومانگێکی ڕۆشنبیری تایبەت بە ژنانە، ژمارە(٦٤) ی کانووی دووەم ٢٠١٠

خەونیش دەبێتە گۆڕێکی ئامادەکراو، ئەڵقەکان ون دەبن و هیچ... هیچەکان دەبنە کێشە، نان، دۆلار، کارەبا، گۆشت، سەوزە، سەیارە، کۆشك، باڵەخانە و تەلار. هەناسەکانم حەشار دراون، چاوەکانمان کوێرن، ژیان ئێمە دەبینیێ، بەڵام ئێمە کولە مەرگ دەبینین، مەینەتییەکان دەبنە عەرەبانە و هەر پاڵیان پێوە دەنێین، هەروەها حەماڵین تەنیا بارەکانمان جیاوازن، رووبەڕووی هێڵەکان دەخولێینەوە، ئاسۆیش پایزییە، کون کونە خوێن لە کونەکانییەوە دەتکێتە سەر شانەکانمان. ئای لەم بەیانییە شوومە، جەنگ دەبارێت و پەنچەکانم دەبنە سووتەمەنی.

وتم بەردم، کەس بۆی نییە هەڵم بگرێت، یان بمهاڕێت، باوی نەقش کردنیش نەماوە، لەپەکانم دەبنە تەپڵەکی جگەرە و ئەستێرەکان خۆیان دەکوژن، هەورەکان سەوز دەبنەوە، گیاکانیش مانگ دەلاوێننەوە، کاتە تێکشاوەکان دەچنە ناو یەك و دەبنە پەتی سێدارەکان.

ئای لەم ساتە نەعلەتییە کە برووسکە شەهید بوونی بیروباوەڕ بڵاو دەکاتەوە، چیم دەویێ؟ هیچ دنیا بە من ناگۆڕێت، سەرمایەداری بۆتە شێرپەنچەی رۆح، نیشتمانەکان لەناو گیرفان دان، منداڵانیش دەکرێنە کرم.... بۆیە پەنچەرەکەم شیوەن دەکات، دەرگاکانیشم گیانیان لەدەست دا. بووکە شوشەکانی تیشکی هەتاو دەگرین، لەباتی باران بەردی بێزاری دەبارێ، هەمووومان وەکو (مارسیل برووس) بەدوای

زەمەنە ونبووەکان دەگەڕێین. شانەکانم بوون بە بێشکە، دوکەڵی جگەرەکانیشمان بوون به هەورێکی سوور، کێ دەدۆڕێ، کێ دەیباتەوە؟ تۆ بڵێی هەردوو تای تەرازووی عەدالەت ژەنگاوی و قوپاو بن؟

یەك+یەك = دوو

مەرگ– ژیان = هیچ

هەناسەکان بوون بە ئاگر، خۆشەویستی ئیفلیج بووە، شیعریش سەرە تاتکێ دەکات، کلیلی نهێنییەکان کوێرن، ناتوانن دەرگای راستی بکەنەوە، هەر منێکی بەرد دەزانم چ جۆرە کودەتایەك فریوی داوین. هەر منێکی ئیسفەنج دەزانم چ جۆرە چڵکاوی سیاسەتمەدارانمان هەڵدەمژم، هەر منێکی خۆڵ دەزانم چ جۆرە قورسایی تانك و زرێپۆش لەسەر نێو چەوانم هەڵدەگرم، هەر منێکی خاك دەزانم چ جۆرە جەنگم لەسەر دەکرێ، بۆیە ناچار دەبم، جەنگاوەران قووت بدەمەوە، خۆیان و خەونەکانیان، پۆستاڵەکان چاوەکانم کوێر دەکەن، بۆنی باروت هەناسەم توند دەکات، ناچارم تف رۆبکەم، دامدەگیرسێنن و بەدوا هەناسەی ژیان دەمکوژێننەوە، کێڵگەکانم دەبنە سەنگەر، گەڵای درەختەکانم دەبنەوە چەتر، بناری شاخەکانم دەبنە تاوان، بۆیە ئاشتیخوازی دوا سروودمە، نیشتمانپەروەری پێستی کوردایەتیمە.

لە بنی دەریای دڵڕەقیدا فرمێسکەکانم تێکەڵی رووبار و جۆگە خوێناوییەکان دەکەم، لە زیندانەکانیشدا هەر سێبەری من دوا پاڵەوانی ئەم چەرخە جەنجاڵ و بەدفەڕەیە، ئای لەدوا هۆنراوەی عەشقی پەلکەزێڕینەم. ئای لە خۆم، مەگەر سوێند بە چاویلکە بخۆم، مەگەر تاڵە مووە سپییەکانی قژم هەڕاج بکەم، مەگەر راستەی منداڵان بدەمە دەم یەکدییەوە و بیانکەم  بە رێگایەکی تازە و لەسەری بڕۆم، بەڵام بۆ کوێ؟ خۆم ورد و خاش بکەمەوە، یان بتەقمەوە، یان پارچەکانی بکەم بە گوللە؟

من هیچ نیم، من بەردێکی بێدەنگم، ببورن سکاڵام بۆ کردن، تکایە

گوێیەکانتان دابخەن و چیدی گوێ لە بێدەنگیم مەگرن.

## ٣- ئەودرۆ گەورەیەی کە ناوی عیشقە*

عیشق لە لای هەندێ کەس وەهمە، لەلای هەندێکی تردا ئەزموونەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کاڵ دەبێتەوە. لە لای ئەوروپییەکان شتێکی نەدیوەو نایکەن. لە لای ڕۆژهەڵاتییەکان بیرەو تیایدا نقوم دەبن. لە لای مندا تراوێلکەیە، دەستی بۆ درێژ دەکەم ڕادەکەم، دەکەوم دەگریم، ئەنجامەکەشی جرتێکم بۆ دەکێشێت. قەیرانێکە هەر شەیتان دەزانێ چۆن تۆپ تۆپێنیی پێبکات. هەر یەکەو بەشێوەیەك پێناسەی دەکەن.

لە لای هەندێکی تر گووخواردنە، عاشق تا تۆبە دەکات چەند جارێ سەری لەدیوار دەداتو سەری بریندار دەبێت و سەرتاسەری تەمەنی هەر خەریکی تیمارکردنی سەری دەبێت. زۆر جار لەلای ڕۆمانسییەکان ڕەنج بێ بەریی‌و هەناسە ساردییە. لە لای زۆربەی خوێندکارانی ئەمرۆ یاری و خۆهەڵخەڵەتاندنە. لە کۆتایی هەموو جۆرە عیشقەکاندا شین‌و شەپۆرو پەنجەگەزینە.

دەگمەنە زۆر دەگمەنە بەردەوام بێت، تا کۆتایی ژیانی هەر دوو عاشقەکان. خیانەتی ئەو پەرداخە ژەهرەیە کە پیاو دەیکات و گڕەی عیشقەکە دەکوژێنێتەوە. هەیە هەمیشە عاشقە، عاشق نەبێ ناژی، هەیشە یەك ئەزمون دەبێتە گالیسەکە و تا ڕۆژی مردنی ڕایدەکێشێ.

---

*ڕۆژنامەی چەتر، ژمارە (٨٢) دوو شەممە ٢٠١١/١١/٢٨

هەموویان بۆ ماوەیەك دڵیان گرەی دێ، ئەگەریش بە هاوسەرگیری کۆتایی هات، ئەوە لە دەرگاوە دەچێتە ژوورەوە و لە پەنجەرەوە
دەردەچێت، دوای تێربوونێکی سێکسی، عیشق دەبێتە پیاز و کشمیش.
واتە ماڵەکە دەبێتە دەزگایەکی ئابوری و هیچی تر.
عاشقە دۆڕاوەکانیش زۆرن. نزار قەبانی دەڵێت:(( دوای ئەوەی کە تەمەن کۆچ دەکات دەزانیت، کە بە دوای دەزویەتی دوکەڵ ڕات کردووە)).
پیاوی وا هەیە سەرتاسەری ئەزموونەکەی یاری دەکات. کچیش گیر دەخوات و ناچار دەبێت شوو بە یەکێکی تر بکات. ئینجا ئەو پیاوە بەنادڵی دەڵێت:((کچ خائینە)). خیانەت ژهرێکە خۆشەویستی دەکوژێت، لای هەندێ کەس خۆشەویستی قێزەون دەبێت. جیابوونەوە دەردێکی کوشندەیە، برینێکی قوڵ بەجێ دەهێڵێت و سارێژکردنی مەحاڵە. وا نەبێت قەشەکان نایکەن، ئەوانەی بەتەمای حەزرەتی (عیسا) ن، بەو ئومێدە دەژین کە لەو دنیایەدا شوی پێبکەن، یان لە ئەزموونێکی عیشقدا شکستیان هێناوە، ناچار دەبن ئەو ڕێگا بێ کۆتاییە هەڵبژێرن. گریانو فیغان پیشەیی عاشقانە، جاران بە نامەنووسین پەیوەندیان بەیەکدیەوە دەکرد، ئێستا پەیوەندیکردن ئاسانە،چ فەیسبووك، یان مۆبایل، یان بە ئەنتەرنێت.خۆشەویستی دوای مانگی یەکەم دەبێتە کەلەپچە وکۆیلایەتی.

کوڕ:

١- لە بەردەرگا مەوەستە! ٢- تەنورەی کوت لەبەرمەکە! ٣- قژت کورت نەکیتەوە! ٤- جگە لە باوکتو دایکتو براکانت، لەگەڵ هیچ

پیاوێك نابێت قسە بکەیت! ٥- لەگەڵ دەستەخوشکت... پێوەندیەکەت با نەمێنێت، خراپی پێدەڵێن!

٦- مەچۆرە سەیران، هەڵپەڕیتو مەمکت دەرکەوێت!٧- هاتوچۆی ماڵان مەکە! ٨- پانتۆڵی تەسك لەپێ مەکە!.

کچ:

١- جگەرە مەکێشە! ٢-مەخۆرەوە! ٣- لەگەڵ کچی دراوسێ و ئامۆزا و پورزا و خاڵۆزاکانت قسە مەکە! ٤-پارە خەرج مەکە! ٥- لەبەر دەرگا مەوەستە! ٦-مەچۆ بۆ شانۆ! ٧-سەیری کەناڵی چوار مەکە.

هەر دووکیان دەبن بەسیخور و سەیری مۆبایلی یەکتر دەکەن، بوختان بە یەکتری دەکەن، گومان لە یەکتری دەکەن. بەکورتی دەبنە دوو پۆلیس هەناسەی یەکتری دەبڕن. تا دێت دڵپیسیو گومانکردنیان لە یەکتری قوڵتر دەبێتەوە، دڵ ژەنگ دەگرێ. ئینجا قۆناغی درۆ دەست پێدەکات. دەبنە دوو سەگی هارو گاز لە یەکتری دەگرن.

لە سەرەتادا هەوڵیان دەدا ببنە یەك کەس، بەڵام کەلەپچەکان تا دێ توند دەبنەوە. ئەمە کێشەکانە و کارتەکانی مۆبایل زۆر بوونو زۆرتر دەبن.

((تۆ وات وت و من وام نەوت... خەتایی تۆیە...نەخێر، خەتایی تۆیە)).

کەسیان دان بە هەڵەکانیاندا نانێن، کەسیان داوای لێبوردن ناکەن.

درێژ دادڕی، قسە جوینەوە، لەبەرکرنی(بۆدی)یەکی تەسكو قۆڵ کورت ئاگر دەبخشێتە خۆشەویستییەکە و بۆمبای دڵپیسی دەتەقێتەوە. دڵ دەبێتە خۆڵەمێشو برینێکی ڕەش و قوڵ بەجێ دەهێڵێت. ئەمە بە نیسبەت خۆشەویستی نێوانی ئەمڕۆی گەنجانی کورد.

سەرمایەداری عیشق لە ناو دەبات. هەر بە یەکجاری پێشێلی دەکاتو دەیسڕێتەوە. بۆ نموونە، دەڵێن:(( ئازادی لە ئەوروپا هەیە)). ئەگەر تێی بڕوانی، ئەوە خۆشەویستی نییە. ئەوە وەك ئەوەیە دوو کەسی بەتاڵ لە تەنیشتی یەکتری دابنێن، یان دوو مێز بەرامبەر یەکتری دابنێن.مرۆڤە ئەوروپییەکان نازانن واتای خۆشەویستی چییە. راستە دەزانن سێکس بکەن، چاکیش دەزانن، بە سێکسێکی بێ خۆشەویستی. بەڕادەیەك سێکسیش بووەتە بازار و بازرگانی پێوە دەکەن. لە ناو میترۆدا بینیومە کوڕێکی گەنج نوساوە بە کچێکی گەنجەوە و هەر ماچی دەکات. هەر بە ئەسپایی قسەی لەگەڵ دەکات. عەیبیشە سەیریان بکەیت، یان چاوت لە سەریان بێت. ئەو وێستگەیە کەخۆیان دەیانەوەێ دابەزن، دادەبەزن و دەڕۆن، وەك بلێی دوو وێنەت خستبێتە سەر یەکتری. رۆح نییە، ئینجا خۆشەویستی چۆن دەبێت. هەمیشە کچە ئەوروپییەکان، گەنجە ڕۆژهەڵاتییەکان هەڵدەبژێرن، چونکە گەرمن و

نازانن سێکس بکەن بە بێ خۆشەویستی. لێرەدا لەپڕ ئەو کوڕە ڕۆژهەڵاتییە عاشقی کچە ئەوروپییەکە دەبێت. وا دەزانێت ئامۆزایەتی. نازی بەسەر دەکات و هەوڵیش دەدات بیکات بە کۆیلەی ژێر دەستی.

کچەکەش ئەم کۆیلایەتییەی پێ قبوڵ نییە، جانتاکەی دەخاتە بەر دەرگاو دەرگا لە رووی دادەخات و بای بای. کورە رۆژهەڵاتییەکە وا دەزانێت ئەمە باوکێتی کە بۆ ماوەی (٤٠) ساڵ لەگەڵ دایکیدا دەژی. هەر بەدوای دەکەوێت، لەناو پاس، لە ناو میترۆ، لەناو شوێنی کارەکەی گەمارۆی دەدات و دەپاڕێتەوە و نازانێت بەنیسبەت کچەکەوە کار لەکار ترازاوە. هەموو شتێك ستۆپی کردووە و بووەتە سفر. کوڕ دەست دەکات بە گریان، بەناردنی هاوڕێکانی بۆ لای کچەکە، کچکەش وا خەیاڵ دەکات کە چیرۆکێکی هەزارو یەك شەو دەخوێنێتەوە. لەبەر ئەوە کوڕانمان ڕوو دەکەنە ئەورووپا. وا دەزانن دەبیتە ( )* کەچی لەوێدا وا نییە. بۆ نموونە لەناوخۆیاندا ئەورووپییەکان بۆماوەیەك بڕیار دەدەن دەژین، ڕەنگە بڕیار بدەن منداڵێکیان بێت، یان دووان. ئەوە هێشتا بە یەکتریان نەوتووە (خۆشم دەوێی)، کەی گەیشتنە خۆشەویستی، دوای دووەم و سێیەم منداڵ زەواج دەکەن. بە بیرم دێت لەسەر قەراغی رووباری (لاسێن) پیاوێکی پیر دانیشتبوو، سلاوم لێکردو لە تەنیشتی دانیشتم. پرسیارم لێکرد مسیۆ کارت چییە؟

وتی:((خەیاتم)) چەند منداڵت هەیە؟وتی:(( دووانم هەبوو گەورە بوون و ڕۆیشتون، هەروەها ژنەکەشم پیاوێکی خۆش ویست، بەدوای کەوتوبەجێی هێشتمو تەنیا ماومەتەوە. دوای ئەزمونی(٢٥) ساڵ، ماڵەکە

---

*لێرەدا لەبەر هۆکارێك نیو دێرم پەڕاندووە.

چۆڵ بوو، کەسیش سەرم لێنادات، بەتەنیام)). دوو سەگ نزیکی پیاوەکەبوونەوە. ئافرەتێکی گەنج دوو قایشی بەدەست گرتبوو، بەدوای سەگەکانی کەوتبوو. پیاوەکە وتی:((خۆشەویستەکەی بەجێ هێشتووە، ناچار بووە سەگەی خۆش بووێت)). سڵاویان لە یەکتری کردو بزەیەك وەك پەپولە لەسەر لێوەکانیان نیشتەوە و بە سەربادانێك ماڵئاوایان لە یەکتر کرد. بە کورتی ئێمە خەون نەبێ، ژیانمان ناچێتە سەر.ئەوروپییەکانیش کاریان نەبێت، ژیانیان بۆ ناچێتە سەر.

## ٤- ڕاستی لە خۆناسین دایە*

کاتێ لە سوقرات پرسیاریان کرد: ئایا راستی چییە؟وەڵامی دانەوە و پێناسەی راستی بۆ کردن. وتی:((راستی لە خۆناسیندایە)).
راستی کرد، ئەو مرۆڤانەی کە ونو وێڵو سەرگەدانن، لە لای دەروونناسی (فرۆیدی)، واتە ئەو دەروونانەسەی کە خوێندکاری زانکۆی (فرۆید)ن، لە پایتەختی نەمسا(ڤییەنا) دەردەچن و بڕوانامەی دەروونناسیان پێدەدرێت.سێ جۆر بڕوانامە دەدەن: دەروونناسی، عەقڵو دەمارەکان (الاعصاب). زیرەکە، واتا پسپۆڕی جیاوازن. بۆنموونە(د.سعد الوتری) پسپۆڕێتی لە نەشتەرگەری مێشك هەبووە، واتە پەیوەندی بەدەرووناسییەوە نەبووە. لە ناوەڕاستی (بەغدا)، لە شوێنی(حافز القازی) کلینیکی هەبوو، بەر لە چەند ساڵ کوشتیان. ئەو پزیشکانە ناگەنە ئاست پزیشکەکانی (ڤییەنا). پزیشکەکانی (ئەڵمانیا) یەکسەر نەخۆش ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکەن. دکتۆرێك لەمنداڵییەوە ئازاری نەچەشتبێ نابێ بەدکتۆرێکی چاك، هەست بەئازاری نەخۆشەکەی ناکات. رووس خۆیان بەستوەتەوە بە (بافلۆڤ)ەوە، کە دکتۆرێکی دەمارەکان بوو. هەر خوێندکارێکیش کەلە قوتابخانەی (ڤییەنا) وەردەگیرێت یەکەم جار عیلاجی بۆ دەکەن، دەبێ ئەگرەسیڤی

---

*ڕۆژنامەی چەتر، ژمارە (٨١) دوو شەممە ٢٠١١/١١/٢١

نەبێت، نەستی خوێندکار دەخوێندرێتەوە. مامۆستاکان بە عیلاجکردنی خوێندکارەکە لە ئایندەدا فێری تەکنیکی عیلاجکردنی نەخۆشەکانی دەکەن.

عیلاجکردنی هەر جۆرە نەخۆشییەك تەکنیکی تایبەتی هەیە.دووەم کاتی عیلاج (٤٥)خولەکە. قسەی ئاسایی لە کلینیکدا ناکرێت. عیلاجکردنی ڕێوڕەسمی تایبەتی خۆی هەیە. دەبێ دکتۆر ئەوروپیانە هەڵسوکەوت بکات. دەرگا بۆ نەخۆشەکەی دەکاتەوە، چاکەتەکەی بۆ دادەکەنێ. لە پشتی دەرگادا هەڵی دەواسێ و کاتێ نەخۆشەکە بەرانبەری دادەنیشێ، دکتۆر(٥٠٪) دەزانێ چیەتی. سیمبول زۆرن بۆ ئاماژەکانی دەم و چاویان، یان جولآنەوەی دەست یان سەر و...هتد. فایلێکی بۆ دەکاتەوە، ناوی نەخۆشەکەی دەنوسێت و کارەکەی و شارەکەی و پلەی خوێندنی، باری ئابوریی‌و...هتد، مەرجە لە دەروونناسیدا دەبێت ئینسکلۆپیدیا بێت. واتە هەموو شتێك بزانێت. چونکە سەدان نەخۆشی جیاجیا رووی تێدەکات. دەبێت زمانی بزانێت و تایبەتمەندیی ناوچەکەی کوڕ بێ، یان کچ، یان نۆبەرە بێت، یان منداڵی دووەم‌و سێیەم‌و.. هتد. دکتۆر دەست دەکات بە عیلاج هەر لە سەرەتادا قۆناغی منداڵیی‌و یادەوەرییەکانی ئەو قۆناغە شیی دەکاتەوە. ئینجا لە قۆناغی هەرزەکاریی‌و گەنجی دەکۆڵێتەوە. دەبێ نەخۆش ترسنۆك نەبێ بە ڕاشکاوی قسە بکات بۆ ئەوەی یارمەتی دکتۆر بدات و یارمەتی خۆی بدات بۆ ئەوەی لە خۆی بگات و زوو چاك بێتەوە.

مرۆڤ سەرتاسەری تەمەنی پێویستی بە دەروونناسی دەبێت. چونکە دەروونناسی یارمەتی نەخۆش دەدات بۆ ئەوەی لە خۆی بگات.
نەخۆشی وا هەیە نهێنیەکانی دەشارێتەوە. دکتۆر هێندە هونەری خۆی لەگەڵ بەکاردەهێنێ، تا بە هەزار حاڵ نەخۆش وەڵامی دەداتەوە. نەخۆش هەیە شەرمۆکە، نهێنی پارێزە. لە هەمانکاتدا دکتۆر ماندوو دەکات و درەنگ چاك دەبێتەوە.
حەوتەمین دەروونناس لە جیهاندا دەروونناسی من بوو. بلیمەتێك بوو بۆ خۆی، کە (لەیلا قاسم) کوژرا خەمۆکی رووی تێکردم. هەر دەگریام، ناچار بووم بچم بۆ لای ئەم دەروونناسە. بوو بە باوك و دایك و مامۆستام. بێکەس بووم لە (بەغدا) ، بەردباران دەکرام، ئەو بەردەکانی کۆ دەکردەوە و دەیکردنە کتێب. بۆیە هەوڵی دا ببم بە رۆشنبیرترین کچی رۆژهەلاتی ناوەڕاست.
لە سەرەتادا خەونەکانمی شی دەکردەوە و منیش ترسنۆك نەبووم. یارمەتی یەکترمان دەدا بۆ ئەوەی بەزووترین کات چاك ببمەوە. وەك وتم مێشکی ئینسکلۆپیدیا بوو. هەرچی هەبوو لەناو ئەو مێشکەیدا بەخشی بە من. فێری شیکردنەوەی خەونی کردم لەسەر ڕێگای (فرۆید)، منیش وردە وردە بەخۆم نەدەزانی، بووم بە دەرونناسێکی بچکۆڵە، لەبەرئەوەی چیرۆکنووس و شوعی بووم زوو پێشکەوتم، باسی هەموو جۆرەکانی نەخۆشیی دەروونیی بۆ دەکردم، تەنها پزیشك نەبوو، دەرمان نووسینی نەدەزانی، بەڵام کلیلی عیلاجکردنی نەخۆشی دامێ،

بووم بەمامۆستاو منیش بووم بە قوتابی ئەو قۆناغە. قۆناغێکی زێڕین بوو لە تەمەنمدا، دایکم لەلایەك دەیچەوساندمەوە.

ئەگەر دوابکەوتمایە براکانم بەشەق لە بەردەرگا چاوەڕێیان دەکردم و هەر بەشەق دەیانبردمە ژوورەوە. من فێربووم بچم بۆ ئاهەنگەکانی تیپی سەمفۆنی نیشتمانی عێراقی، گوێ لە باخ و (بتهۆڤن) بگرم، لە گەڕانەوەمدا شەقم دەخوارد، بووم بە مرۆڤێکی ئازا و شارستانی، فێری فەرەنسی بووم و بەئاسانی ئنسکلۆ پیدیای (جێمس جۆیسم) دەخوێندەوە. بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ خەریکی خوێندنەوەی فەلسەفەی بوونگەرایی بووم، بەکورتی (٢٥) ساڵی تەمەنم تەرخان کرد بۆ ئەدەب و شیعر و چیرۆك و فەلسەفەی ئەوروپی. جوانترین فیلمی سینەماییم دەبینی، لە لایەك (عوسمان فایەق) و (سوعاد ئەدیب) و کێشە سیاسییەکانی دەزگای ڕۆشنبیری کوردی بوەستێو نەفی کردنم بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و بووم بە هەڵەبڕ لەگۆڤاری شۆڕشی کشتوکاڵ، هاتوچۆی چاپخانەم دەکرد و کاك (جەمال خەزنەدار) سەرپەرشتم بوو.

نەمدەتوانی بەیەك مەودا بژیم، بەڵام بەچوار مەودا دەژیام و ناوبانگم دەرکرد. لە لایەك دکتۆر چاکی دەکردم، ماڵەوە و دەزگای ڕۆشنبیری وێرانی دەکردمەوە.

مامۆستا (هێمن) و (کاکە مەم بۆتانی) پشتیان گرتم و ورەم دانەبەزیی و پزشکەکەم بە هەڵوێستەکانم دڵی زۆر خۆش بوو و پشتی بەرنەدام، تا بۆ ماوەی سێ ساڵ زیندانی کرا.

سیاسەتی جیهانی پشت دەبەستێت بە دەروونناسی، دەروونناسەکەم ئۆپۆزسیۆن بوو و یەکسەر خانەنشینیان کرد و لە تەمەنی (٥٧) ساڵیدا جەڵدەی مێشك لێی دا و کۆچی دوایی کرد.

تەنها من لەنزیکەوە دەمناسی، بەتەمای شۆڕشێکی گەورە بوو بۆ ئەوەی عێراق ڕزگار بکات لە دەسەڵات، بەڵام زیندانیان کرد و مرد. دوو کۆڵەکەم ما. چوار بوون، تەنها پێنوسەکەم ما و میللەتێك کە شەو ڕۆژ بە قوربانی دەبم.

تێبینی: قوتابخانەی (ڤییەنا)، جولەکە بەڕێوەی دەبەن بڕوانامە نادەن بە عەرەب.

## باسی چوارەم:

## هەندێ لە کەکڵە و بۆچوونی ئەحلام مەنسوور:

لەگەڵ ئەوەی لە مێژە خوێندنەوەم بۆ وتار و کتێبەکانی ئەحلام مەنسوور هەبووە، بۆیە توانیومە لە باخی ئەم ژنەیاخییە کەکڵەی بیروبۆچوونەکانی بچنم، کە دیارە ئەمە بەشێکی کتێبەکەیە، ئیتر نازانم بە هەڵەدا ناچم، بڵێم وتە، یاخود نا. بەڵام بەر حاڵ هەر چۆنێك بێت گرینگ وئارمانج لێی ئەوەیە، کە گاریگەری دروست بکات، چونکە نووسین تا کورت بێت، ئەوا زیاتر لە دڵ و دەروونی خوێنەردا جێی خۆی دەکاتەوە. هەڵبەتیشە ئەم بۆچوونانەم زیاتر لە رۆژنامەی (هاوڵاتی) ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٢– ٢٠٠٧) و رۆژنامەی (چەتر) ، ماوەی نێوان (٢٠٠٩ –٢٠١٢)، و بڵاوکراوەی (ترووسکە) وەرگرتووە، بۆیە بەهۆی دروستبوونی چەند لەمپەرێکەوە نەمتوانیوە ژمارە و رێککەوتی رۆژنامەکان دیاری بکەم. لەگەڵ ئەوەیشدا کۆمەڵە بۆچوونێکم لە هەردوو بەرهەمی ژنە یاخییەکە (ئەزموون، خەون و خوێن) وەرگرتووە.

سەرم بەقەد گۆی زەوی قورسە، بەچوار دەوری پێنووکەسەم دەسوڕێتەوە.

خوێنەر بەوپەڕی غەمبارییەوە پرسیاری رەشبینم لێدەکات، منیش ژمارەی باوێشکەکانم دەژمێرم.

من نێرەکەرێکی خنجیلانە بووم، بۆیە لە منداڵییەوە تامی بێهوودەیم کرد.

پێنووسەکەم سەگێکی بچووکی خنجیلانەیە، حەقپەرستە، هەر فێری دەروێشیم دەکات، هەمیشە لە گیرفانمدایە. ئەگەر بۆنی نادادپەروەری بکات، دەوەڕێت.

پێنووسەکەم لەوەتەی لە گیرفانمدایە، پیشەی هەر وەڕین بووە. نان و ئاو و گۆشت و ئیسقان ناخوات، هەر خوێن هەڵدەهێنێت. نەخۆشی " دەردە کوردی" هەیە، کوردیش خۆشی دەوێت.

موسڵمانەکان هەر ئەوەندەیان ماوە لەناو کۆمپیوتەرەکاندا نوێژ بکەن.

بووم بە سوتوی کۆمەڵگە !

کۆمپیوتەر رۆحی مرۆڤ دەکوژێت و دەیکات بە کۆیلەی خۆی، زمان رۆڵی نەماوە، هەست و نەستی مرۆڤ کوژاوەتەوە و سواوبووە.

ئەگەر بتەوێ شوو بکەیت بە گەمژە و گەوجێك، دەبێ وەکو بووکە شووشە و مەیموونێك بتگێڕێت.

زۆر کەس وا دەزانن هاوسەرگیری لە ئەنجامی خۆشەویستییەوە، هاوسەرگیرییەکی سەرکەوتووە، نەخێر، وانییە ئەو کاتە خۆشەویستی لە دەرگاوە دەچێتە ژوورەوە و لە پەنچەرەوە دێتە دەرەوە.

رۆشنبیرانمان لە مەترسیدان، هەر پێنووسە و دەشکێندرێت، هەر دێڕە و دەبێت بە کەلەپچە، هەر وشەیە و دەبێت بە گوللە، وا خەریکە خوێن هەڵدەهێنم.

ئای ئازادی لە کوێی؟! ماوەیەك بۆنتم کرد و لە پڕ ون بوویت.

خەونە ئاڵۆزەکانم بوون بە تەلی کارەبا و برینەکانم دەکەنە تاڤگەی خوێن.

لەشم بووەتە ئاگری دۆزەخ، بە بێئومێدی ئاوڕ لە مێژووی خوێناوی کورد دەدەمەوە، خۆزگە بەبێگیاندان دڵم دەوەستا.

زۆر کەس وا دەزانن لەبەرئەوەی پیر بووم، بۆیە بێئومێد بووم. بەڵام تەمەنم شانزە ساڵان بوو، کەچی هەستم دەکرد هەشتا ساڵانم.

دژی دوژمنەکانم هێزی شانزە ساڵم هەیە.

مرۆڤ بە ئازادییەوە جوانە.

نیشتمان پیرۆزە، وەکو شتە پیرۆزەکان.

من لە نیشتمان و میللەت زیاتر هیچ جۆرە سامانێکم نییە، تەنیا پێنووسەکەم نەبێت.

خراپترین جۆری پەروەردەکردنی منداڵ، پەروەردەکرنی منداڵی کوردە.

سێبەرێك گەمارۆم دەدات و نابم بە خۆم.

دەزانم ئایندەم لە زیندانێك تەواو دەکەم، کە ناوی دەفتەرە.

نەزیفی ئەدەب بووم.

هەمیشە بە قیست گیان دەدەم و دەمرم و نامرم.

من عاشقێکی دۆڕاو بووم، لەدوایدا بووم بە نووسەر!

من هەمیشە لە زینداندام و ماڵەکەم لێبووە بە گۆڕ.

من وەکو کولێرەیەك لەناو تەنوور دام و ئازادم، بەڵام خۆ هەر برسێتی منداڵێکی نایلۆنفرۆش تێر دەکەم.

هەموو بەیانییەك گوێیەکانم پڕ دەبن لە قسەی سواو، پێنووسەکەم دەبێتە ژنێکی چەقاوەسوو.

سەرم بۆ دامەنوێنن نامەوێت، من بەربەرەکانی لەگەڵ شاخەکاندا دەکەم.

ویژدانم هێلانەی راستەقینەی رۆحمە.

هەموو ساتێك شۆڕشێك، لەناو پیتە چنراوەکانمدا بەرپا دەبێ.

دەگەڕێمەوە بۆ سەرەتاکان، کە چۆن مرۆڤ دروست بووە؟

ئێستا من هەر چیرۆکی زۆڵ فڕێ دەدەم و لەناو دەفتەردا زیندە بە چاڵیان دەکەم.

پێنووسەکەم فێری بەرهەڵستکاریی کردم.

تەنیا میللەت کە هەمووی رۆژنامەوان بێ، ئەوا میللەتی کوردە !

من لەناو سەنگەری خۆمدام.

ئێستا خەونم نەماوە، هەمیشە لەناو تابووتی مەراقدام.

من کوردم، ئینجا مرۆڤم.

وەکو ژنێکی شارستانی دەژیم، دژی کولتووری کوردیم.

منیش سیاسەتمەدارم، بەڵام بێدەنگم.

چاوەکانم هەمیشە ئاوارەن، پەناهەندەی وشەکانمن.

گۆی زەوی رۆژی یەکجار دەسووڕێتەوە، بەڵام سەری من پانکەی رۆژگارە.

هەر هاوار دەکەم نان بۆ میللەت.

دیکارت دەیوت:(( من بیر دەکەوە، کەواتە هەم. )) منیش دەڵێم دەنووسم، کەواتە وێران و پەرتەوازەم.

زۆر کەس حاشا لە کوردایەتی خۆی دەکات، نا نا من حاشا لە کوردبوونم ناکەم!

خەیاڵی سووریالی، وەکو شەمەندەفەرێك لەناو وێستگەکانی مێشکمدا هاتووچۆ دەکات.

تەنیا دوو هاوڕێم هەیە: جگەرە و پێنووس.

شەرم دەکەم بڵێم دایکی هەموو کوردم، ئەگینا سۆزم بۆ کورد دەگاتە ئاوی هەموو ئۆقیانووسەکانی جیهان.

من عەشق بە نیشتمانەوە گرێ نادەم، بەڵکو دوو هێڵی هاوتەریبن، کۆتاییان بۆ نییە.

من قەرزباری میللەتە مەزنەکەی خۆمم.

زۆر جار ویژدانم داوام لێدەکات بۆچی نووسەریت؟

وەڵامی دەدەمەوە و دەڵێم لەبەر ئەوەی کوردم.

خۆزگە دەخوازم بە (مەنسووری حەلاج)، کە جەستەی هەلاهەلا کرا، لەبەرئەوەی کە وتی:(( أنا الحق)).

پێنووسەکەم بمبەرەوە بەرەو ماڵی وشەکان و لەنێو دەنگی میهرەبانی ڕستەکاندا بملاوێنەوە با هەناسەکانم کۆتاییان نەیەت،هاومرۆڤەکانم هەناسەکانم زەوت دەکەن.

تەنیا ئەدیبە گەورەکانی میللەت دەبن بە رۆژنامەوانی باش.

چەندین ساڵە دەنووسم، مەبەستم نەبوو ناسراو ببم و بازرگانی بە نووسینەکانمەوە بکەم.

تفی من بەردە، کە وەکو مووشەکێك لە دەممەوە دەردەچێ، رووی ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە شکۆمەندی میللەتەکەم دەڕوشێنن.

پەنجا ساڵە دەنووسم و هیچم بە هیچ نەکرد!

بێ میللەت نابم بە خۆم!

لووتم وەکو لووتی سەگێکی کورد رەسەنە، لە دووری هەزار میلەوە بۆنی سیخوڕەکان دەکات و هەرگیز چاویان لێناپۆشێ.

ئەی نیشتمانم، وەکو زێڕ تا دێ لە دڵمدا پلەوپایەت بەرزتر دەبێتەوە.

لە حوسێن عارفەوە فێری زمانشرینی، دڵگەورەیی، میهرەبانی بووم.

ئەی نیشتمان، پێنووسەکەم گۆچانمە، هەر نۆکەر و چاسووس راودەنێ!

لە نێوان من و نووسیندا چەندەها ململانێ هەیە.

کۆمەڵگە وەکو گەنم دەمهاڕێت و دەمکات بە ئاردی سپی.

با هەوڵ بدەین وشە بکەینە ملوانکە.

نامەوێ ببمە شووشەی ناو چامخانەکان.

ئێمەی ژنان ناموسمان ئازادیمانە، نیشتمانپەروەری ئاڵامانە.

ئەوە منم رووبەڕووی هەزارەها پرسیار دەبمەوە!

هەموو ژنێکی تەنیا ئەو هۆشمەندیی و هزر و بیرمەندییەی نییە، کە بڕوا بەخۆی بکات، بتوانێت رووبەڕووی دواکەوتوویی کۆمەڵگەکەی بوەستێت.

من ژنێکی یاخیم، دەتوانم بەتەنیا بژیم، دەرگام بە رووی دابونەریتی کوردەواری داخراوە، بەڵام دەرگا و پەنجەرەکانم بە رووی ئازادیی و تاکەکەسییەوە کراونەتەوە.

بۆم هەیە سالۆنێکی ئەدەبی دروست بکەم، یان ماڵەکەم بکەم بە بارەگای رۆژنامەیەك، یان کۆوارێك.

من ئامادە نیم لەباتی مۆزیکی جوان، یان هەواڵە جیهانییەکان، یان گفتوگۆیەکی تێروتەسەل، گوێکانم پڕ بکەم لە قسە و قسەلۆك.

کۆمەڵگەی کوردەواری، کۆمەڵگەیەکی زۆر فرە وێژە.

ئەگەر بێت و پریاسکەی خەمەکانم هەڵبڕێژم رەنگ بێ ئەژمار بن.

لە ماڵی خۆمدا کۆترم.

ئافرەتانی کۆمەڵگەی کوردی زۆربەی ژیانیان لە زیندانێکدا بەسەر دەبن کە پێی دەوترێت" ماڵەوە".

قەسەکردن لەسەر ئازادی کارێکی ئاسانە، بەڵام ئازادبوون لە کۆمەڵگەی دواکەوتوو باجی خۆی دەوێ، بێگومان باجەکەیش هەر خوێن دەبێت .

ئازادی تەنیا دڕکە و لە بیابانی بانگەشەدا رواوە.

هەر چاوەڕوانم، نازانم ئیدی شانەی ئایندە مووە سپییەکانم شانە دەکات، یاخود مەرگ سەرم دەتاشێت.

دنیا بە من ناگۆڕێت، سەرمایەداری بووەتە شێرپەنجەی رۆح.

هەموومان وەك (مارسیل برووس) بەدوای زەمەنە ونبووەکاندا دەگەڕێین.

ئاشتیخوازی دوا سرووەمە، نیشتمانپەروەی پێستی کوردایەتیمە.

من یەکجار خۆم دوور خستەوە لە نیشتمان، پەشیمانم، تا ماوم لە کوردستاندا دەمرم.

با کەس دوای تەرمەکەم نەکەوێت، پێنووسەکەم گۆچانمە، سەروەت و سامانمە، ئەویش دەکەم بۆ قوربانی کورد و مرۆڤایەتی.

من سەبرم هەیە، لە بیر و حەزرەتی ئەیوبیش زیاتر.

دەمێکە پێنووسەکەم بۆتە دەروێشم، دەشت و بیابان و شاخ و کێوی کردووتە ئارامگەی خۆی، بەرەو عیرفانییەت هەنگاو دەنێت.

تەنیا بۆ پێنووسەکەم سەردانەوێنم.

پێنووس کۆی وێژدان یەکسانە کورد.

خیانەت ژەهرێکە خۆشەویستی دەکوژێت.

سەرمایەداری عەشق لەناو دەبات و دەیسڕێتەوە. بۆ نموونە، دەڵێن ئازادی لە ئەوروپا هەیە، ئەگەر لێی بڕوانی، ئەوە خۆشەویستی نییە، بەڵکو وەك ئەوە وایە دوو کورسی بەتاڵ لە تەنیشتی یەکتر دابنرێت.

ئێمە خەون نەبێت ژیانمان ناچێتە سەر، ئەوروپایەکانیش کاریان نەبێت، ژیانیان بۆ ناچێتە سەر.

پیاسە لەسەر بێهودەیی دەکەم.

عەشق درۆیەکی گەورە و بەس.

دکتۆرێك لە منداڵییەوە ئازاری نەچەشتبێ، نابێ بە دکتۆرێکی چاك، هەست بە ئازاری نەخۆشەکەی ناکات.

زانیم فەڕەنسا هیی فەڕەنساکانە، بۆیە تفم تێکرد و گەڕامەوە کوردستانەکەم.

لە گەنجێتیماندا وا دەزانین ئەوروپا بە هەشتە، نازانین کە دۆزەخێکە تەمەنمان دەسووتێنێت.

کۆی خۆشەویستی یەکسانە بە گەردوون.

تا ئێستا کەس نەیتوانیوە پێناسەی وێژە و هونەر بکات.

لای من نووسین نەخۆشییەکی دەروونییە.

هەرگیز لە کاتی خۆشیدا نانووسم، بەڵکو دەگریم و گریان دڵم جۆش دەدات.

خوێنەران شارەزایی نووسینی منن و دەڵێن: (( بۆچی ئەحلام مەنسوور ڕەشبینە و هیوابەخش نییە، خۆزگە گەشبین بیٚ)) ، ناتوانم گەشبین بم، چونکە نەخۆشی خەمۆکیم هەیە.

مەخابن سیاسەتمەداران ڕێك ناکەون، لەگەڵ ئەدیبەکاندا!

خوێنەری ئازیز! تۆ بۆت هەیە داوای گەشبینیم لێبکەی، ئەگەر هۆیەکانی ڕەشبینیم بزانیت، وا ناڵییت.

ئافرەتی ڕۆژهەڵات هەمیشە لە سێبەری پیاودا دەژی.

نەواڵ سەعید و نزار قەبانی مامۆستای منن.

میللەتەکەم! نازانم چیت بۆ بکەم، بۆ ئەوەی لەم پیرێتییەمدا خەجاڵەتی نەکێشم؟ تۆ میللەتێکی جوانیت، هەر چیت بۆ بکەم هەر کەمە.

ئای کە بێناز کەوتووم و دەترسم بە بێدەنگی بمرم، کەی دەتەقمەوە، نازانم!؟

دوو شت قەربووی ناکرێتەوە: مردن و خۆشەویستی.

من چەژن ناکەم و ماتەمینی ماڵەکەم دادەپۆشێت.

قوربانی نیشتمان ببم، کە فێری کردم نانی وشك بخۆم.

هەر تەلارە و بەرز دەبێتەوە، هەر تەمەنە و کورت دەبێتەوە، هەر نەخۆشە و لە نەخۆشخانەکاندا بێناز کەوتووە.

ئەوەندە سووتاوم بووم بەخەڵوز، لەسەر نێو چاوانی مێژوو نووسینەکانی خۆم دەخشێنم.

تەنانەت خەفەت بۆ تەنوری قوڕی ژنە دەستزبرەکانی نیشتمانەکەیشم دەخۆم.

لە ئاستی خۆمدا کەس نییە بڵێ: (( من پیاوم)).

ژن ئەو بووکە شوشە قوڕمیش کراوەیە کە بە کارەباو پیلی دابونەریتی کوردەواری نازانێت، کە کاڵایەکەو پیاو بە پارەی مارەیی و شیربایی کڕیویەتی و بە ئارەزووی خۆی بەکاری دەهێنێ ، ئەمڕۆ بەئاڵتوون دەیکڕێ،زەوتی دەکات.

باوکم هەمیشە دەیوت: (( ئەگەر دوو ماسی لە رووباری ( ئەڵوەن) دا شەڕ بکەن، ئەوا پیلانی بەریتانیایە)).

باجی ئازادیی هەر خوێنە.

ئەگەر بتەوێ ماڵوێران بیت، ئەوا ببە بە عاشقێکی دۆڕاو.

کورد گەلێکی سۆزدارە، دڵ تاکەکان دروست دەکات و کاریان تێدەکات، کەچی گەلانی ئەوروپا حیساب بۆ دڵ ناکەن، بەڵکو عەقڵ بەڕێوەیان دەبات.

چەندە سوورم لەسەر ئەوەی کە هەمیشە وتوومە هەر تاکێکی کورد دەروناسێك، یاخود بلیمەتێکی دەوێ.

کچانی زانکۆ کارەساتن، زانکۆیان کردووە بە گۆڕەپانی زەواج.

قسەکردن لەسەر کۆمەڵگەی کوردەواری باجی لەسەر نییە.

کورد ئەو میللەتەیە کە هەمووی نووسەرە!

خۆشەویستی و سەرمایەداری یەکسانن بە سفر.

تەنیا ئەو گەنجانە بەختەوەرن، کە دایکیان دەروونناسن.

تەنانەت سێبەرەکەیشم بەردباران دەکەم!

باوکم زیندوو بێتەوە، ناچم بۆ سەیران، قیژوقاژی کچان و فیکوفاکی کوڕان هەر هەمووی دەلالەتی خنکێندراوی ئارەزووی سێکسیی و خەونی خۆشە.

چاوەکانم شارستانیین و خۆم بە مرۆڤێکی شارستانی لە قەلەم دەدەم.

مەگەر تۆڵەی خۆم لە خۆم بکەمەوە.

ئای کە نیگەرانم، بەس سێبەرەکەم ماوە!

من جیاواز لە ژنانی تر، سۆزی دایکایەتیم بە خۆمەوە نەبینیوە. دایکم دەیوت:(( تۆ ئاخر شەڕیت)).

کچی هەموو ژنێکم و هەموو ژنیٚ دایکمە.

تاوانباترین ژن دایکە دڵڕەقەکەی منە!

بەردەکانی هەموو جەللاد و راوچییەکان ناوچەوانی من دەگرنەوە.

سەراپای جەستەم بە وشەی یاخیبوون نەخشێندراوە.

هەر بە مردوویی لە دایك بووم.

دەفتەری یادەوەریم فڕیٚ داوەتە نێو دەریای نێوان خۆم و کۆمەڵگە.

بەو ئومێدەوە خەون دەبینم، زەریانێك بێت و هەموو یادە بەجێماوەکانم، وەکو گەڵاکانی پایز رابماڵیٚ.

ئەدەب بریتییە لە شەڕکردن لەگەڵ مردن و خەوبینین بە ژیانەوە.

تاوانم چییە  بە "گوێرەکەم" دەگۆڕنەوە.

رۆژانە هەزار پرسیار لە دەرگای سەرم دەدەن سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئەدیب و رۆژنامەوان.

کۆمەڵگەی نەخۆش، مرۆڤی نەخۆش تێدا لە دایك دەبێت.

تاکی کورد پێویستی بەسەر لەنویٚ بنیاتنانەوەیەکی قووڵ هەیە.

من سەر لە کولتووری کوردی دەرناکەم، ئەگەر نیشتمان بەجێبهێلم نازانم بەرەو کوێ هەنگاو بنێم!

هۆ میللەتەکەم ئێوە نەبوونایە، وەکو سادق هیدایەت خۆمم دەکوشت، بەڵام چی بکەم لەپێناو ئێوەدا بووم بە ویژدان.

پێنووسەکەم هەر ئامانەتی میللەتە و نایفرۆشم و نەمفرۆشتووە.

داخی گرانم کوردم و میللەتم خۆشدەوێ، وەکو دارە توویەك هەموو رۆژێ دەسەڵات گڕم تێبەردەدات، ئەی خودایە مەدەد!

نازانم روو بکەمە کوێ، شاخ و داخ و بیابان نامگرێتە خۆی.

وەکو مار هەموو ساڵێك لە پێستی خۆم دەردەچم و گڕ دەگرم و ناتوانم حیزبێك دروست بکەم.

عەشق لای من تراویلکەیە، دەستی بۆ درێژ دەکەم و رادەکەم، دەگریم، ئەنجامەکەیشی جرتێکی بۆ رادەکێشم.

من ئۆپۆزسیۆنێکی تەنیام، گوێم هەیە، بەڵام کلکم نییە و نایشبمە کلکی کەس.

ترسم نییە لە خۆم، با خوێنم بڕژێندرێت و زیندانی بکرێم.

بەختەوەرم بەوەی نەمنداڵم هەیە، تا بێزارم بکات، نە پیاوم هەیە، تا شوانم بێ، نە سەروەت و سامانم هەیە، وەکو (تۆڵستۆی)، کە کاتێك مرد زەویی و زارەکانی بەسەر جووتیاراندا دابەشکرد.

دایك چۆن وەڵامی ساواکەی بداتەوە، لە کاتێکدا لە برسێتی مەمکەکانی وشك ببنەوە.

میدیای کوردی تووڕەهاتە، بۆیە لە ئاست میدیای کوردیدا هەمیشە یاخیم.

رۆژنامەوانی پۆست و کورسیی و کەلەبچە نییە، بەڵکو ئازادییە.

گۆڕی (یەسەنین) م هەڵدایەوە و ئەملاولایم ماچ کرد و وتی: (( نامەوێ بگەڕێمەوە بۆ ژیان، لە هەموو نووسەرانی روسیا ئازاتر بووم، بۆیە خۆم کوشت)).

(تروتسکی) چی دەویست کوژا، (گیڤارا) چی دەویست کوژا. منیش لە راسیتدا خەونەکانم وەکو ئەم دووانە وان.

من دەزانم لەناوبازنەیەکی پڕ لە ژەهر و بێمەعریفەیی و ئایندەیەکی نەزانراودا دەخولێینەوە.

بڕبڕەی پشتم هەمیشە پرد بووە.

ئامۆژگاریی من بۆ خوێندکارانی زانکۆ ئەوە بووە کە کتێبخانەیەکی خنجیلانە دابمەزرێنن.

تینوێتی فیکری بیابانمی پێدەشکێنم.

من وامزانی لە زانکۆدا خۆم دەدۆزمەوە، کەچی ونتر بووم.

بۆ زانیاریتان من ناخەوم، هەر دەڕوانمە ئاسمان!

هەموو شتێ دەکڕدرێت، دڵ نەبێت.

ئەمڕۆ کێشەی دڵی گەنجی کورد، گەورەترین و سامناکترین کێشەیە.

ئەی گەنجان، سەردەم گۆڕاوە چاویلکە لەچاو بکەن و سەیری ئاوێنە بکەن، بزانن چی لەبەر دەکەن.

ئەی زیندان لە وشەدام، ئەی وشە لە زیندانندام.

ڕەفیق سابیر فێری چیرۆکنووسین و مارکسییەت خوێندنەوەی کردم، قەرزباری ئەوم.

وشەکانم گوللەن و چاوی داگیرکەران کوێر دەکەن.

ڕاستە من پیرم، وەکو ئێوە ئاسك و شێر نیم، بەڵام دڵنیام هەناسەکانم لە سلێمانییەوە باڵ دەگرن و سەرمای شەوانتان گەرم دەکەنەوە.

ئای لە خۆم، مەگەر تاڵە مووە سپییەکانی قژم هەڕاج بکەم، مەگەر

ڕاستەی منداڵان بدەمە دەم یەکترییەوە و بیانکەم بە ڕێگایەکی تازە و لەسەری بڕۆم.

من هیچ نیم، من بەردێکی بێدەنگم، بمبورن سکاڵام بۆ کردن. تکایە گوێیەکانتات دابخەن و چیدی گوێ لە بێدەنگیم مەگرن.

هۆنراوە و پەخشان بۆ ئەو ژنانە دەنووسم، کە بۆ تێکۆشانی ئازادیی ژنان دەژین.

چاوەڕوانی شکاندنی کەلەبچە و دابونەریت دەکەم.

من هەنگاوم نییە، بەڵام وا خەریکە تیشکی هاوارەکانم دەمگەیەننە سەرتاسەری جیهان.

تکایە با خشتی زێڕین بگرین و بەردی بناغەی ژنانی کورد دابمەزرێنین.

ئای کامۆ رۆیشتیت، وێنەکەتم لەسەر دیوار هەڵواسیوە !

سەرچاوەی هەواڵە کوردییەکانم میللەتە.

من خەم دەخۆم کەواتە من دەمرم، شەوم رۆژە، رۆژم شەوە.

ئای لەم چارەنووسە، هەر دەنووسم سفرەکانم کۆ دەبنەوە !

من و حوسێن لەتیف دەڵێین:(( نووسین خۆی خۆی دەنووسێتەوە)).

ئێستایش ئامادەم سردووی نەورۆز بڵێمەوە و پێش شۆڕشگێڕان بکەوم.

تاکە خەڵاتم هەر ئازادبوونی کوردستان بووە و بەس!

من منم نەخشەی گەردوون بە پێچەوانەوە خۆی بگۆڕێت من هەر منم!

من شۆڕشگێڕم، پێنووسەکەم چەکمە و لەسەر شانمدایە و سەرانسەری کوردستان دەگەڕێم.

لە هەر بستێکی زەویدا کۆنەپەرستی ببینم، وشەکانم دەبنە گوللە و بەڕیزە گوللەیەك لەناویان دەبەم.

ئیرادەی رەها وەك نەخۆشی شێرپەنچە وایە.

لە ساڵانی هەشتاکاندا مۆدێرنە بووم، بەڵام لە ( ٢٠١٢) دا مۆدیلم نەماوە.

پێنووسەکەم مەدەد، مامۆستا هێمن مەدەد، ترۆتسکی مەدەد، گیڤارا مەدەد! مامۆستا بێکەس مەدەد! مامۆستا جەمیل سائیب مەدەد، شەیتان مەدەد، جەلالەدین رۆمی مەدەد، حەللاج مەدەد، خانی مەدەد،

# وێنەکان


















الصف الأول
أ
دار ميسلون
١٩٦٤












GAULOISES










2011.4.5

























# سەرچاوەکان

## کتێبەکان:


١- خێراکە مردن خەریکە دەگات، شێرکۆ بێکەس، شیعر، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٣

٢- دیوانی هێمن موکریانی، بڵاوکراوەی عێراق — کوردستان، ٢٠٠٥

٣- دیوانی لەتیف هەڵمەت، پرچی ئەو کچە رەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە، سلێمانی، چاپخانەی شڤان، چاپی دووەم، بەرگی یەکەم، ٢٠٠٥

٤- هێمننامە، ئامادەکردنی د. عوسمان دەشتی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩


## رۆژنامە و گۆڤارەکان:


١- بڵاوکراوەی ترووسکە، تایبەت بە ژنان، ژمارە (٦٤) ی کانوونی دووەم، ٢٠١٠

٢- رۆژنامەی چەتر، ژمارەکانی (٨٠، ٨١، ٨٢) و چەند ژمارەیەکی تری ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١١)

٣- رۆژنامەی هاوڵاتی، ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٢ — ٢٠٠٧)

٤- گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٢٣) حوزێرانی ٢٠١٢

**ماڵپەڕ:**

١- ماڵپەڕی دەنگەکان، ٢٠١٣

**دیمانەکان:**

١- دیمانەی تایبەت لەگەڵ لەتیف هەڵمەت، سەروەر سەعدوڵڵا، ڕێککەوتی ٢٠١٣/٥/١٩، چەمچەماڵ، کاژێر، ٣٠: ١١

٢- دیمانەی تایبەت لەگەل ئەحلام مەنسوور، سەروەر سەعدوڵڵا، هاوینی ٢٠١١، سلێمانی، ئۆفیسی ڕۆژنامەی چەتر